

ڕۆلان بێلێ
بێرنادێت کاستا ـ پراد

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

گەشەو ڕادەربڕین لە قوتابخانەدا

وەرگێڕانی: ڕەووف جیهانی

لە پۆلدا بێتاقەت ئەبم.... هەندێ لە مامۆستاکان منیان خۆش ناوێ ..... ئەترسم لە بەرامبەر خەڵکیدا قسە بکەم .... کارتەکەم دەستکاری کردووە .... ئەترسم لەدەرەوەی قوتابخانە باجم لێ بسەنن .... کاتێک ئەگەڕێمەوە ماڵەوە ناتوانم ئەرکەکانی قوتابخانە جێبەجێ بکەم... خۆشەویسترین هاوڕێم قسەم لەگەڵ ناکات .... تازە هاتومەتە ئەم قوتابخانەیە.... هیچ کەسیان نامۆ دوێنن .... هەموو ڕۆژێک لە پۆلدا سەرزەنشت دەکرێم

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إِقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إِقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

گەشەو ڕادەربڕین

لە قوتابخانەدا

بلاوکراوەی خانەی چاپ و بلاوکردنەوەی چوارچرا

زنجیرەی ٢٩٦

ناونیشان / سلێمانی –سەرەتای شەقامی مەولەوی– بەرامبەر پالاس

مۆبایل ئاسیا ٠٧٧٠١٥٢٥٠٦٧ – ساتا ٠٧٥٠١١٢٨٢٨٨

Emil: chrachra٨٥@yahoo.com

http://www.facebook.com/chwarchra.chapxanai?ref=tn_tnmn

http://www.facebook.com/KtebxanaiChwarchera?ref=hl

پۆلان بێلن

بێرنادێت کاستا – پراد

گەشەو ڕادەربڕین

لە

قوتابخانەدا

وەرگێڕانی جەمانی



ناوی پەرتووک: گەشەو رادەربڕین لەقوتابخانەکاندا

بابەت: پەروەردەیی

نوسەر: ڕۆلان بێلێ- بێرنادێت کاستا — پراد

بەکوردی کار: (رەووف جەهانی)

شوێنی چاپ: چوارچرا

ژمارەی دانە: ١٠٠٠

ساڵی چاپ:٢٠١٣

نۆبەتی چاپ:یەکەم

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارەی (١٦٩٥)

ساڵی (٢٠١٣) ی پێدراوە.

شتیان له جانتای قوتابخانەکەم دزیوە ١٠١
چاکترین هاوڕێم قسەم لەگەڵ ناکات ١٠٤
من هاوڕێ و هەڤاڵێکم نییە ١٠٩
هاوڕێکەم، لەهەموو شتێکدا لەمن چاکترە ١١٣
هاوڕێکەم هەموو کاتێ ئەمرم پێئەکات ١١٦
دایک و باوکم، بەردەوام پەخنەلەمامۆستاکانم ئەگرن. ١١٨
حەز ناکەم بڕۆمەئاودەستی قوتابخانەوە ١٢٢
لەقوتابخانەدا دەرنەچوونم، وردەم نەماوە! ١٢٥
قۆپیم کرد، پێیانزانیم ١٢٩
من قۆپیم نەکردووە ئەڵێن کردووتە ١٣٤
داوای باجم لێئەکەن ١٣٧
تازە هاتووەتە ئەم قوتابخانەوە،کەس قسەم لەگەڵدا ناکات ١٤٢
قوتابییەک لە قوتابخانەدا ناچارم ئەکات وەزیفەکانمی نیشان بدەم ١٤٤
لە شەڕ کردن ئەترسم ١٤٩
هاوڕێکەمیان دایە بەر شەق و من هیچم نەکرد ١٥٢
سفرم هێناوە و نازانم چۆن ئەم هەواڵە بدەم بە دایک و باوکم ١٥٥
من لە ناو پۆلدا بەردەوام قسە ئەکەم ١٥٨
سەرو گوێلاکی لە چاک ناچێ، ئەم هەتیوە،دەمشرە ١٦١
درۆیەکم کردووە و ئێستا ناتووانم خۆم دەرباز بکەم ١٦٤
جلوبەرگەکانم زۆر نەشیاو و نالەبارن ١٦٧
گرووپ و تاقم داوای شتی ئەوتۆم لێئەکەن کە من حەزم لێیان نییە ١١٧
نوێنەریی پۆل، شیاوی یەکەمەکانییۆلە ١٧٣
لێیاندام، بەڵام ناوێرم هیچ بڵێم! ١٧٦
وتیان فەرموو جگەرە بکێشە ١٧٨
یەکێک لەقوتابییەکانیناو پۆلەکە خەریکی گاڵتەجاڕییەو قوتابییەکانی
تریش بۆی ئەستێننەوە!! ١٨١

پێڕست

لە ناو پۆلدابێتاقەت ئەبم..... ١٠
مامۆستا خۆشی ئەوێم. من گوناهبارم؟! ١٥
ناوێرم بەرانبەر بە هاوپۆلەکانم بدوێم... ..... ١٨
ناتووانم وەزیفەکانی قوتابخانەم بنووسمەوە..... ٢٤
پێم ئەڵێن «ڕۆشنبیر» ٢٩
نمرەکانی ناو کارتەکەمم گۆڕیوە..... ٣٢
من هیچ بایەخێکم نییە..... ٣٦
خوشکە بچکۆلەکەم لە ساتەکانی پشووداندا ئیزعاجم ئەکات..... ٤١
مامۆستاکەم حەز ناکات چاوی بە من بکەوێ..... ٤٤
حەزم لە وەرزش نییە..... ٤٧
لە قوتابخانە هەڵهاتم! ٥٠
دایک و باوکم هەمیشە بە سەر سەرمەوە وەستاون! ٥٣
تۆقیوم،ناوێرم بچمەقوتابخانەی ناوەندییەوە..... ..... ٥٧
لە یەکێک لە مامۆستاکان ئەترسم. ٦٠
سەرەڕای ئەوەی زۆر تێئەکۆشم،بەڵام نمرەکانم خراپن..... ٦٤
یەکێک لە مامۆستاکان سووکایەتی پێکردم..... ٦٩
کە دایکم لە کاتێکدا کە لە قوتابخانە دێمە دەر لە ئامێزم ئەگرێ، هەست بە
شەرمەزاری ئەکەم!..... ٧٢
دایک و باوکم زۆر فرەزانن!لە خوێندندا زۆریش زیرەک نەبوون! ٧٥
لە تاقیکردنەوەکان ئەترسم..... ٧٨
حەز ناکەم دایک و باوکم بڕۆن بۆ لای مامۆستاکانم..... ٨٣
هەموومان تەمێ ئەکرێین!دوودڵم: بڵێم کێ تاونبارەیان نەڵێم..... ٨٦
هەندێ لە منداڵەکان ئازارم ئەدەن..... ٨٩
لە بەر نەتەوە و ڕەگەزەکەم، سووکایەتیم پێئەکەن! ٩٢
چونکو کەمێک قەڵەوم گاڵتەم پێئەکەن..... ٩٥
هەست بە شەرمەزاری ئەکەم کە ئەمانە دایک و باوکمن..... ٩٨

پێشەکی وەرگێڕ

خوێنەری هێژا!ئەم کتێبە سەر بە بنەماڵە و زنجیرەیەکە کە تا ئێستا هەندێکیان فێری فارسی بوون و لەوانەیە فێری کوردیش بن! ئەم کتێبە و کتێبێکی تری ئەم زنجیرەیە ((گەشە و پادەربڕین لەناو خێزان))دا قەرار بوو لە شوێنێکی تر و بە شێوەیەکی تر چاپ بکرێ،بەڵام ...

سەیری ئەم کتێبە بکە بە زمانی فارسی:

چطور باید در مدرسه زنده ماند؟ :رولان بله/برنادت کاستادا-پراد

مترجم:محمود بهفروزی،تهران،نشر:ایران بان-قطره۱۳۸٦

پێشەکی

قوتابخانە،جێگایەکی ئێجگار جوانە، جیهانێکی بچکۆلەیە و هی تۆیە. جێگایەکە، دوور لە چاو و چاوەدێریی بابە و دایە و ،گەلێ شت و ئەزموونی شیرینی تیایە: بزە و پێکەنینی ناو پۆل، گاڵتە و جەفەنگ لە حانووتی قوتابخانە لەگەڵ هاوپۆلەکانتدا، وتووێژ و قسەکردن لەگەڵ هاوڕێ و هەڤاڵانت لە حەوشی قوتابخانەدا و بێگومان لە پشووە کاندا ، گەلێ شتی وا فێر ئەبی کە پێشتر لێت نەئەزانی و لەگەڵ هەموو نمرەیەکی چاکدا، خۆشحاڵ ئەبێ و کەمێک خوێندەوارتر ...

بێگومان، وانە خوێندن لە قوتابخانە، هەندێ جار سەخت و دژوارە. چونکو کاتێ تاقەتیشت نییە، دیسان پێویستە بخوێنی. پێویستە لەگەڵ ئەو مامۆستایانەدا - کە هەمیشە ئاکار و هەڵسوکەوتێکی چاکیان نییە - هەڵبکەیت. لەوانەیە هەندێ لە منداڵەکان سەر بنێنە سەرت و ببنە هۆی ناڕەحەت بوونت. دژوارە، چونکو هەندێ یاسای هەیە ناچاری ڕەچاویان بکەی... لەم گیروگرفتانە زۆرن! ئێمە لەم کتێبەدا، گیروگرفتەکانمان گردوکۆ کردووە و بۆ چارەسەر کردنیان، هەندێ ئامۆژگاریمان بۆ تۆ هەیە

پێش ئەوەی ئەم کتێبە بخوێنیتەوە، پێویستە سێ شتی گرنگت بیر بخەینەوە:

١ــ مامۆستاکان ڕۆبۆت نین! ئەوان لە مرۆڤەکانی تر ئەچن. لەوانەیە هەندێ کەموکوڕییان هەبێ، تۆیش کەمێک لێبوردەبە و چاوپۆشیی لێ بکە.

٢ــ ئەگەر دایک و باوکت، بە هۆی نمرە کانتەوە کەمێک پەرۆشن: حەقیانە. بۆ ئەوەی ئاسوودە بی، زۆرتر سەعی بکە. دڵنیابە ئەگەر وا بکەی ئیتر ناچار نابی تەحەمولی مرۆمۆنی و پرتەوبۆڵەیان بکەی.

٣ــ هاوڕێیانی قوتابخانەت، ئەو منداڵانەن کە تۆ هەڵتبژاردوون. ئەوان پێویستە ڕێزت لێبگرن. مەهێڵە ئیهمالت بکەن و تۆیش کەسی تر ئیهمال مەکە.

لە ناو پۆلدا بێتاقەت ئەبم

ئەڕێ ئەزانی هەموو ساڵێ هەزار کاتژمێڕی تەمەنت، لە سەر
ڕەحلەی قوتابخانەدا تێپەڕ ئەکەی؟سەرەڕای ئەمە، گەوجانەیە ئەگەر
لە تێکڕای ئەو کاتژمێرانەدا خەریکی باویشکدان بیت. ئەگەر لە ناو
پۆلدا بێتاقەت ببی ئاسایی نییە. بێگومان هەندێ جار ئەکرێ وا بیت
بەڵام ئەگەر هەموو کاتێ بەو چەشنە بیت نیشانەی ئەوەیە کە
کەموکووڕی و ناتەواوییەک لە ئارادایە. یان پێش هاوڕێکانت لە
وانەکان تێنەگەی یان لە بەر ئەوەی لە وانەکان تێناگەی کەمتەر
خەمی ئەکەیت و گوێ بە هیچ نادەی یان گیروگرفتی دیکەت هەیە و
سەرقاڵی کردووی. سەبارەت بە هەر سێ بابەتەکە پێوستە هەوڵێک
بدەیت و جووڵەیەک بکەیا



بـا بچینـه سـەر باسـی بابـەتـی یـەکـەم: تـۆ لـە نـاو پۆلێکـدای کـە ئاسـتی لـەِ خـوار ئاسـتی تـۆوەیـە، بـەڵام مامۆسـتا ناچـارە ئـەو وانـەیـەی تـۆ بـە یـەکجـار وتنـەوە فێـری بووی،بۆقوتابیـیـەکـانیتـری «شـی» بکاتـەوە. هـەر بـەم هۆیـەوە تـۆ بێتاقـەت ئـەبـی. سـەبارەت بـە بابـەتـی دووهـەم شـتەکـە پێچـەوانـە ئـەبێتـەوە. تـۆ لـە پـاش پۆلـەوەی: وانـەکـە بـە خێرایـی کۆتـایی دێ و مامۆسـتا دەسـت ئـەکـات بـە وتنـەوەی وانـەیـەکـیتـر، کـەچـی تـۆ هێشـتا لـە وانـە پێشـووەکـە تێنـەگـەیشـتووی. ئیتـر بـە تـەواوی تـووڕە و دەهـری ئـەبیـت و گـوێ لـە وانـەکـە ناگریـت و وازی لێئـەهێنـی. بـە پێویسـتی ئـەزانـین سـەبـارەت بـەم شـتە ئاگـەدارت بکـەینـەوە و بڵێـین وریابـە کـەوتوویتـە لێـژی و نشـێوییەکـی ترسـناکەوە: تـا کـەمتـر گـوێ و سـەرنـج بـدەیتـە وانـەکـان، زۆرتـر گێـژ و وڕ ئـەبـی و هـەتـا پاشـکەوتنـەکانت زۆرتـر لـە سـەر یـەک کـەڵـەکـە ببن، قـەرەبـوو کردنـەوەیـان بـۆ تـۆ دژوارتـرە. ئێسـتا سـەرەی بابـەتـی سـێهەمـە: تاقـەتـت نییـە، تـەنانـەت ڕەنگـە خۆیشـت نـەزانـی مرۆڤێکـی بێتاقـەت و بێئـۆقرەی کـە وابـوو ئـەوە قوتابخانـە نییـە کـە بێئـوقرە و

بێتاقەتت ئەکات،بەڵکو تۆ تاقەتی گەلێ شتت نییە: تاقەتت نییە یاری بکەی، تاقەتت نییە لە مااڵ بچیتە دەر و چاوت بە هاوڕێکانت بکەوێ. تەنها حەز ئەکەی بە درێژایی ڕۆژ پاڵبکەویت و سەیری تەلەفزیۆن بکەی. ئەگەر وایە، بێ سێ و دوو لە الی کەسێکی گەورەتر باسەکە بدرکێنە، چونکو ناکرێ و ناتووانی تا هەتایە لەم بارودۆخەدا بمێنیتەوە. زۆر ناخۆشە مرۆڤ حەزی لە هیچ نەبێ و هۆگری هیچ شتێ نەبێ. بەاڵم خەمت نەبێ. بۆ دەرباز بوون لە بارودۆخێکی لەم چەشنە، هەندێ ڕێگا هەیە.

ئێستا سەرەی تۆیە!

☺ ئەگەر هەست ئەکەی پۆلەکە زۆر هێدی و لە سەر خۆ ئە چێتە پێش، تکا لە مامۆستاکەت بکە کۆنفرانسێکت بۆ دابنێ. لە کتێبخانەدا لێکۆڵینەوە بکە.لێکۆڵینەوەیەکی جیاواز و پتر لە پرۆگرامەکان و وانەکانی خۆت. یارمەتیی یەکێک لە هاوڕێکانت - کە لە وانەدا گیروگرفتی هەیە بدە. ئە گەر وا بکە ی ئیتر کاتت بە فیڕۆ ناچێ.

☺ *ئەگەر لە وانەکان تێناگەی، نابێ وەکوو کەوبار سەرت بکەی بە ناو بەفردا. داوا لە دایک و باوک یان مامۆستاکەت بکە بۆ ڕاهێنان و سەعیکردن و دەورکردنەوەی وانەکانی پێشووت پرۆگرامێکت بۆ دابنێن یان بەو چەشنەی خۆت ئەتەوێ وانەکانت لەگەڵدا دەور بکەنەوە.ئەگەر بینایەک بنچینەیەکی پتەوی نەبێ ئەڕووخێ. خوێندنی وانەیش وایە. ئەگەر بە چاکی لە یەکەمین وانە تێنەگەی، ناتووانی لە وانەکانی دیکەیش تێبگەی.* ⟸

☺ ئایا کەسێک نارەحەتی کردووی یان شتێکی وای پێوتووی کە ناتووانی چاوپۆشیی لێبکەی؟ هەندێ جار ڕستەیەکی تانە و تەوساوی مرۆڤ لە هەموو شتێ بێزار ئەکات. مەهێڵە نائومێدی ڕووت تێبکات. ئەکرێ ڕەختە لە ئاکارت بگیردرێ، بەڵام نابێ سووکایەتی بە کەسایەتیی تۆ بکرێ

☺ ماندوو بووی؟ نە تامەزرۆی وانەخوێندنی و نە حەزت لە ئیشێکی دیکەیە. تا زووە سەبارەت بەم شتە قسە لەگەڵ دایک و باوکتدا بکە تاکوو بتبەنە لای کەسێک کە بتووانێ یارمەتیت بدات. لەوانەیە نەخۆشییەکت تووش بووبێ کە «خەمۆکی» پێئەوترێ. ئەم نەخۆشییە هەموو هێز و تووانا‌کانت هەڵئەڕێژێ و بێ تووانا و هێزت ئەکات. بۆ ئەوەی دیسانەوە حەز بکەی لە پۆلدا گوێ لە وانەکان بگری و حەز لە ژیان بکەیتەوە، پێویستە خۆت چارەسەر بکەی.

مامۆستا خۆشی ئەوێم. من گوناهبارم؟!

لە بیرت نەچێ، هەندێ مامۆستایش هەن حەزیان لە سێرەی تۆ نییە، ئیتر وە کوو یە ک دە رئە چن! کە وابوو دانیپێدابنێ، لەوانەیە ئەم بارودۆخە کەمێک پەرۆشکەر بێت بەڵام کارەسات نییە...هەر بە ڕاست لە چی نارەحەتی؟ حەزت ئەکرد لێت بێزار بن؟ لەوانەیە بۆ ئەم مامۆستایە قوتابییەکی زۆر چاک بیت. لەوانەیە بە هۆی تۆوە کەسێکی بیر بکەوێتەوە کە زۆر خۆشی ویستووە.

لێکۆڵینەوە بکە..هەر چونێک بێت تۆ هیچت پێناکرێ. سەرەڕای ئەمانەیش، خۆ ئەمە شەرمی ناوێ! بێگومان هەندێ جار ناخۆشە کە مامۆستایەک هەمیشە چاوی لە سەر تۆ بێ و ئاگای لێت بێ، چونکو هەڵسوکەوتەکەی دروست نییە و لایەنگرانەیە. بێگومان ڕکەبەرایەتیش هەر وایە. بۆ ئەم مەبەستەسەیری بەشی «یەکێک لە مامۆستاکانم گوێم ناداتێ»ی ئەم کتێبە بکە.بەڵام وەکوو پێشتریش وتمان،مامۆستاکانیش مرۆڤن، لەوانەیە هەندێ جار هەندێ کەموکوورییان هەبێ. ئەم مامۆستایەیش سەبارەت بە تۆ و لە هەمبەر تۆدا کەموکوورپی هەیە! بێگومان ئێمە ئەزانین کە ئەم چەشنە سەیر کردن و هەڵسوکەوتە لەگەڵ تۆدا ئازاردەرە، چونکو لەوانەیە هاوپۆلەکانت پێیان وابێ تۆ خۆت شیرین ئەکەی بەڵام لە ڕاستیدا وا نییە.

ئێستا سەرەی تۆزە!

☺خۆت مەکە بە کۆستەبایی و موهەڕڕیج، با نەکەویتە بەر ڕق و بێزاری کەسەوە. ئەگەر کەسێکی گەورە تر خۆشی ئەوێی لە بەر ئەوەیە کە ڕەزا سووک و خوێن شیرینی. کە واتە پێخوشحاڵ بە.

☺ تەنها لەبەر ئەوەی مامۆستاکەت خۆشی ئەوێی کاری گەوجانە و خراپە ی وا مەکە کە پێویست بێ هاوپۆلەکانت **لێتببوورن**. ئەگەر مامۆستاکەت لە بەر ئەمە خۆشی ئەوێیت و هۆگرتە کە چاک وانەکانت ئەخوێنی و وەزیفەکانت بە چاکی ئەنوسیتەوە، ئیتر هیچ بیانوویەک بۆ پەرۆشی و پەژارە نامێنێتەوە.

☺ بەم بیانووەوە کە هەرچۆنێک بکەی ئەم مامۆستایە چاوپۆشی لە هەڵەکانت ئەکات ، لە هۆگرییەکەی بۆ نەخۆێندنی وانەکان کەڵکی خراپ وەرمەگرە. لەوانەیە سااڵی داهاتوو وەزعێکی خراپت هەبێ.

☺ وریا بە! ئەگەر ئەم مامۆستایە زێدەڕۆیی ئەکات، تەنها پرسیار لە تۆ ئەکات یان ئەیە وێ لە دەرەوەی قوتابخانەدا چاوتان بە یەکتر بکەوێ، ئیتر زۆرتر لە بەرە کەی خۆی پێیڕاکێشاوە و تۆ بۆت هەیە لەسەر ئەم شتە شکاتی لێبکەی.



ناوێرم بەرانبەر بە هاوپۆلەکانم بدوێم...

زۆر کەس وایە. زۆربەی ئەو کەسانەی گوێ لە قسەکانی تۆ ئەگرن، وەکوو تۆن.. تێکڕای قوتابیەکانی ناو پۆلەکە جاویان تێبڕیویت و ترس دایگرتووی. سەیر نییە. ئاسابیبە! هۆکەی ئەمەیە کە تۆ لە بیری ئەوە دای بە چاکترین و جوانترین شتوە خۆت بنوێنی و بیر کردنەوە لەم خۆ دەرخستنە - لەلای تۆ - لەو بابەتەی کە بە هیوا بووی باسی بکەی، گرنگتر و گەورەتر ئەبێت.

تەنها رێگەچارە مومارەسە و ڕاهێنانە. مومارەسەی قسە کردن، چۆن لەگەڵ کەسانیتردا مشتومڕ بکەیت و کاتێ پرسیارت لێئەکەن چۆن ڕای خۆت بڵێیت و وەڵامی هەموویان بدەیتەوە. خۆمانین، ئاخۆ هەر بە ڕاست ئەترسی بەرانبەر بە کەسانیتر قسە بکەی یان ئەترسی بیسەرەکانت ئافەرین و ماڵئاواییت لێنەکەن و چوار کەس لە هاوپۆلەکانت گاڵتەت پێبکەن؟ نارەحەت مەبە. نامانەوێ نائومێدت بکەین بەڵام ئەو شتەی تۆ ئەیڵێی جیهان ژیرەوژوور ناکات. تەنانەت ئەگەر لە کۆکردنەوەی باسەکە و بە ئەنجام گەیاندنیدای تووشی هەڵە کردن ببی، زەوی لە گەڕان ناکەوێ! لەوانەیە بەو وەڵامانە کە ئەیدەیتەوە، زۆر ئافەرین و ماڵئاواییت لێنەکرێ، بەڵام ئیشەکەت ئەوەندەی خۆت پێتوایە و بیری لێئەکەیتەوە، خراپ شەبووە. جەسارەتت هەبێ! ڕوو بکە لە گۆڕەپان! تەنانەت ئەگەر هەندێ شتی

گـــەوجانـــەیـــش بخـــەیتـــە پـــاڵ یـــەک و بیـــانڵێی، جیهـــان ناڕووخێ...

بـــەڵام ئـــەگـــەر هـــەر لـــە بنـــەڕەتـــدا لـــە کـــونفرانس‌دان ئـەترسیپێویستە سـەبـارەت بـەم شـتە قسـە لـەگـەڵ دایـک و باوکتـدا بکـەی. لـەوانـەیـە لـە ڕادە بـەدەر شـەرمـن بیـت و پێویسـتت بـە پرۆگـرام و بـەرنامـەی‌تـر هـەبـێ. بـە یارمـەتـی کـەسـێکی گـەورەتـر متمانـەو بـە خـۆدا پـەرمـوون لـە خۆتـدا دروست بکە.

ئێستا سەرەی تۆیە!

☺یەکێک لەو هاوڕێیانەت - کە زۆر خۆشت ئەوێ - هەڵبژێرە و لە کاتی ئاخافتنەکەتدا، سەیری چاوەکانی ئەو بکە. ئەگەر ئەم هاوڕێیەت لە بنەوەی پۆلەکەدا بێ زۆر چاکترە. ناچاری بە بەرزتر قسە بکەیت و سەرت بەرز ڕابگری. وایدابنێ کەس لە ناو پۆلەکەدا نییە و تەنها بۆ ئەو ئەدوێی. ئەمە ئەبێتە هۆی ئەوەی هەڵسوکەوتت بە شێوەیەک بێت وەک بڵێی تەنها ئەو کەسە بەرانبەرت دانیشتووە.

☺ لە وانە و پۆلەکانی شانۆی قوتابخانەدا بەشداری بکە. بەم چەشنە فێر ئەبی بە چ شێوەیەک بەرانبەر بە کۆمەڵێک خەڵک قسە بکەی. ئەم ئیشە، بەو دەقانەی کە لە بەریان ئەکەی ساده و ئاسانە.

☺ بۆ ئەوەی نەفسیەتت بەرزتر بکەیتەوە، پێش ئەوەی دەست بە ئاخافتن بکەی، ئەو هەلومەرجە دژوارانە کە

سەرکەوتووانە تێتپەڕاندوون بهێنە پێش چاو و بیری خۆت. بۆت دەر ئەکەوێ بە چاکی ئەتووانی ئەم ئیشەیش جێبەجێ بکەی!

☺ ئەو شتانەی بەهیوای بیانڵێی، لە مێشکتدا بە سەریانبکەرەوە. پاشان هێدی - هێدی و بێ «پەلە کردن» بیانڵێ.

☺ بۆ ئاخافتن لە هەمبەر کۆمەڵدا، لە نێوان «کۆمەڵێکی بچووکدا» مومارەسە و ڕاهێنان بکە: دایک، داپیرە، هەندێ لە چاکترین هاوڕێکان...

☺ ئامانجێک بۆ خۆت دیاری بکە و یەک«ڕا»و پێداگر بە: لانی کەم ڕۆژی جارێک لە ناو پۆلدا دەست هەڵبرە، پاشان ژمارەی دەست هەڵبڕینەکانت زۆرتر بکە.

☺ ئەگەر لە قوتابخانەدا ئەنجومەنی قوتابیانتان هەیە، لە کۆبوونەوەکانیاندا بەشداری بکە. ئەمە ڕێگایەکی چاکە بۆ ئەوەی بتووانی سەری قسە بگرێتە دەست و سەبارەت بە کاروباری قوتابخانە بدوێی.

ئەگەر ببی بە نوێنەری پۆل، فێر ئەبی چۆن گوێ لە قسەی کەسانی تر بگری و هەروەها فێر ئەبی وابکەی کەسانیتر گوێت لێبگرن.


بو ناکاریت
یاسای زیرین
شانۆگەرەکان پەندیکیان هەیە بەناوی:
"تانیا تەکتەرە خراپەکان، هەرگیز شوێنەوارێک لە خۆیان بەجێناهێلن"

ناتووانم وەزیفەکانی قوتابخانەم بنووسمەوە...

خۆ خراپ نییە. ئەمە ئەسەلمێنێ کە تۆ هەر چۆنێک بێ هەوڵی خۆتت داوە و چونکو ناتوانی ئیتر ناڕەحەتی!وئەمە بۆ تۆ خاڵێکی ئیجابییە

هەموو ڕۆژێ بەزم و باسەکەی ڕۆژانی پێشوو، جانتای قوتابخانەکەت دائەنێی، تەلەفزیۆنەکە دائەگیرسێنی، شتێک ئەخۆیت و پاشان تەلەفۆنێک ئەکەی بۆ سۆرانی هاوڕێت، لەو کاتەدا خوشکەکەت دێت و داوای کاغەزت لێئەکات... ئیتر کاتی نانی ئێوارەیە و تۆ هیچت نەکردووە! خۆت ئەڵێی چی؟ وایە: تۆ پەرییەکی پاسەوانت هەیە و بەردەوام بە گوێتدا ئەچرپێنێ: خەریکی

وەزیفەکانی قوتابخانەکەت بە! جنۆکەیەکیشت هەیە لە گوێتدا گیزەگیز ئەکات: «واز لە وەزیفە بێنە» و بەرەو لای تەلەفزیۆن ڕاتئەکێشێ. لەم کێبەرکێ دژوارەی نێوان پەری و جنۆکەدا زۆرکات جنۆکە، واتە تەلەفزیۆن سەرئەکەوێ! بۆچی؟ چونکو بە ئاسانی و بێ ماندوو بوون و زەحمەت چێژێکی خێرات پێئەبەخشێ، بەڵام نووسینەوەی وەزیفەکانی قوتابخانە تێکۆشان و ماندوو بوونی ئەوێ. ئەوەی ڕاستی بێ بە شێوەیەکی گشتی لە جیهاندا دوو چەشنە چێژ بوونی هەیە. یەکێکیان چێژی خێرایە و ئەویتر ئەو چێژانەن کە بۆ ئەوەی هەستیان پێبکرێ پێویستیان بە کاتە، بەڵام بەهێزتر و تەمەن درێژترن. بێگومان لەگەڵ تۆدا هاوڕاین و ئەزانین «وەزیفە» لەبەر ئەوەی زۆرەملێ و ناچارییە، ترسناکە، بەڵام کاتێ وەزیفەکانت ئەنووسیتەوە هەست بە ڕازیبوون و دڵخۆشی ناکەی؟ لە قوواڵایی دڵتەوە خۆشحاڵ نابی؟ وەرە با چاوێک بە پێرستی ئەو شتانەدا کە ئەبنە هۆی دڵخۆشی و ڕازیبوون بخشێنینەوە: یەکەم دڵخۆشی بە بۆنەی فێربوونی شتە نوێکانەوە و تێگەیشتن و زانینی ئەو ڕێگەچارانەی کە پێشتر بە بیرماندا نەئەهات. دووهەم دڵخۆشی لەم هەستەی کە بۆ سبەی ئامادەین. ئەمە زۆر لەوە چاکترە کە مرۆڤ لە ترسی ئەوەی لەوانەیە سبەینێ پرسیاری لێبکرێ، خەوی لێنەکەوێ. سێهەم دڵخۆشی لە بەر ئەمەی ئەو دەرەجە چاکانەیش دێنی و چوارەم شت ئەمەیە کە ئیتر خەمی پرتە و بۆڵەکانی دایک و باوکتت نییە! ئەم هەموو شتە دڵخۆشکەرانە ئەوەندە دێنن کە کەمێک تێبکۆشی. وا نییە؟

ئێستا سەرەی تۆیە!

☺ هەر کە ئەگەیتە ماڵەوە، دەست بە نووسینەوەی وەزیفەکانت مەکە، وەزیفەکان ڕاناکەن! لەوانەیە ڕاهاتبی خێرا دەست پێبکەی. ئەمە زۆر خراپە. هەموو کاتێ، کە لە قوتابخانە هاتیتەوە، وچانێکی چاک بگرە و کەمێک بحەوێوە. کەمێک یاری بکە و شتێک بخۆ. بۆ نموونە نزیکەی نیو کاتژمێر. کاتی دەستپێکردنی سەعیکردنت دیاری بکە و پاش نیوەڕۆی هەموو ڕۆژێ لە شوێنێکی دیاریکراودا دەست بە سەعیکردن بکە. لێکۆڵینەوەکان دەریان خستووە، مرۆڤەکان کاتێ بکەونە چوارچێوەیەکەوە کە هەموو ڕۆژێ نەگۆڕدرێ، چاکتر فێری شت ئەبن.

☺ لە سەر پەڕەیەکی یاداشتکردندا، پێرستی ئەو وەزیفانەی بۆ نووسینن و ئەو وەزیفانەی بۆ لەبەر کردنن بنووسە. کاتێ یەکێکیانت تەواو کرد، یەکێکیتریان دەستپێبکە، ساتێکی خۆش...

☺ پێش دەستپێکردن، کات بۆ وەزیفەکانت دیاری بکە: دە خولەک بۆ بیرکاری، دە خولەک بۆ جوگرافی و ... ئەمە شێوازێکی چاکە بۆ ئەوەی فریای هەموو ئیشەکانت بکەوی.

کاتێ کە خەریکی وانەکانتی موسیقا یان ڕادیۆ بیربڵاوت ئەکەن، یەکجار بە بێ ئەم شتانە سەعیکردن تاقیبکەرەوە، خێرت بۆ دەرئەکەوێ...

☺ پێش دەستپێکردن، مێزەکەت ڕێکوپێک بکە. جێگا و شوێنی شپرز، مرۆڤ بۆ ئیشکردن هەڵنانێ.

☺ لەوانەیە زۆر حەز لە تەنها دانیشتن لە پشت مێزی نووسین و کتێبەکانتە وە نەکەی، ئەگەر وایە، پێویستە بەرە ـ بەرە خۆت ڕابهێنی کە بە تەنها خەریکی سەعیکردن بیت و تووانایی تەنیا بوونی خۆت زۆرتر بکەی. بۆ دەستپێکردن لە ژوورەکەتدا بە تەنها بمێنەوە، نەک بۆ ڕاپەڕاندنی ئیشو کاری قوتابخانە، بەڵکو بۆ نموونە بۆ یارییە کۆمپیوتەرییەکان یان خوێندنەوەی ئەو گۆڤارەی حەزت لێیەتی.

☺ بە دەست ئەو برا و خوشکانەوە کە لە خۆت بچووکترن و وەزیفەی قوتابخانەیان نییە و بەردەوام دەنگ و هەرایانە گیرت خواردووە؟ داوا لە دایک و باوکت بکە سووچێکی چۆڵ و ئارام بۆ تۆ تەرخان بکەن، تەنانەت ئەگەر سووچی ژوورێکیش بێت. پێویستە لەو ساتانەدا کە تۆ خەریکی سەعیکردنی ئاگایان لێت بێ و هەرا نەنێنەوە. پێویستە بتوانی هەندێ جار لە شت بکۆڵیتەوە.

گـەورەتـرین نووسـەرەکـانیش گیروگرفتیـان هـەیـە و موشکیلەی زۆریان لەگەڵ کاغەزی «سپی»دا هەیە! ئەوان، چا بۆ خۆیان لێئەنێن، پەرداخێک ئـاو لـە تـەنیشت دەستیاندا دائەنێن. مێزی ئیشکردنەکەیان ڕێکوپێک ئەکەن... بە کورتی زۆربەی ئەوان بۆ دەستپێکردن هەندێ شتی تایبـەت و ئیشی تایبەت ئەکەن، تۆیش خوو و خدە و شێوازی تایبەتـی خـۆت بدۆزەرەوە.



پێم ئەڵێن: «ڕۆشنبیر»

جێی داخە کە تۆ ئەم ناونانە بە سووکایەتی ئەزانی.بێگومان نازانی ئەم ناوە جوانە لە کوێوە هاتووە.

لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا، ئەو کەسانەی بۆ دژایەتی کردن لەگەڵ ڕەگەزپەرەستیدا کەڵکیان لە قەڵەمەکەیان وەرئەگرت، ناوی «ڕۆشنبیر»یان لێئەنرا. وەکوو: ئیمیل زۆلا. کە وابوو نابێ شەرمەزار بیت. بەڵام لە قوتابخانەدا، ئەم وشەیە زۆرتر بە واتای «قوتابیی زۆر زیرەک»ە: کەسێک کە هەمیشە خەریکی خوێندن و خوێندنەوەیە.



بێگومان سەعیکردنی تۆ هەندێ کەسی تووڕە کردووە. بەتایبەت ئەو کەسانەی کە سەعی ناکەن و دەرەجەی خراپ ئە هێنن .ئە وان تۆ بە منداڵێکی ئیزعاج ئە زانن نەک گێژ. لەوانەیە بەخیلیشت پێببەن. کە وابوو چاکتر وایە هەندێ شتت بۆ ڕوونبکەینەوە:

ئەرێ سەعیکردن و تێکۆشان لە قوتابخانەدا تاوانە؟ ئیشێکی هەڵە و خراپە؟ کەڵک وەرگرتن لە مێشک شتێکی زۆر چاکیشە. وا نییە؟ کە وابوو ئیتر گەوجانەیە ئەگەر پێمان وابێ بیر کردنەوە و سەعی کردن لە قوتابخانەدا هەڵە و خراپە. ئەمە وەکوو ئەوە وایە کە ڕاکەڕاکە و نەوەستانی یاریزانێکی دووگۆڵی لە نێو گۆڕەپان و ساحەدا بە هەڵە بزانین. ئایا زەینەدین زەیدان - کە یاریزانێکە - ئەشێ هەست بە شەرمەزاری بکات؟ بەڵام وریابە! لەوانەیە بە بێ ئەوەی بە خۆت بزانی، هەڵسوکەوتێکت هەبێ کە هاوپۆلەکانت تووڕە و ناڕەحەت بکات.

ئەگەر بە هۆی ئەوەوە کە چاکتر لە قوتابییەکانیتری ناو پۆلەکە، لە وانەکان تێئەگەی، پێت وابێ لەوان چاکتر و لە پێشتری و ئەگەر وەکوو سۆپەرمانێک خۆت گیڤ بکەیتەوە، قوتابییەکانیتر ناچار ئەبن بۆ بەرەنگاریکردن لە خۆیان هێرش بکەنە سەر تۆ. ئاشکرایە مشتومڕ کردن لەگەڵ کەسانێکدا کە هەمیشە پێیانوایە قسەی ئەوان ڕاست و ڕەوایە، زۆریش خۆش نییە.

ئێستا سەرەی تۆیە!

☺ ئەگەر ئەزانی بیر و هۆش و تواناکانت، بە دوای فێربوونی شتی نوێدا ئەگەڕێن، لە سەر بە دوادا چوون و سووسەکردن بەردەوام بە. ئەو شتەی ئەمڕۆ بە سووکایەتیی ئەزانی، چەند ساڵێکی تر، ئەبێتە هۆی پەسن و پیاهەڵگوتن.

☺ بە هیمنی و بە نەرمی بەو کەسەی پێت ئەڵێ ڕۆشنبیر بڵێ شانازی ئەکەی کە ڕۆشنبیری و ئەگەر هەستکرد حەز ئەکات و ئامادەیە گوێ لە قسەکانت بگرێ، بۆی *ڕوونبکەرەوە کە ئەم وشەیە چ واتایەکی هەیە*.

☺ پێیبسەلمێنە کە ئەم تێکۆشانەی تۆ لە بەر ئەوەیە کە زۆر حەز لە خوێندنەوە و سەیکردن ئەکەی، نەک لە بەر ئەوەی ناتوانی سەر بنێیتە سەر هاوپۆلەکانت و ئیزعاجیان بکەی یان هەندێ جار خۆت بکەیتە گاڵتەجاڕ.

ئێستا سەرەی تۆیە!

☺ ئەگەر ئەزانی بیر و هۆش و تواناکانت، بە دوای فێربوونی شتی نوێدا ئەگەڕێن، لە سەر بە دوادا چوون و سووسەکردن بەردەوام بە. ئەو شتەی ئەمڕۆ بە سووکایەتیی ئەزانی، چەند ساڵێکی تر، ئەبێتە هۆی پەسن و پیاهەڵگوتن.

☺ بە هێمنی و بە نەرمی بەو کەسەی پێت ئەڵێ ڕۆشنبیر بڵێ شانازی ئەکەی کە ڕۆشنبیری و ئەگەر هەستکرد حەز ئەکات و ئامادەیە گوێ لە قسەکانت بگرێ، بۆی ڕوونبکەرەوە کە ئەم وشەیە چ واتایەکی هەیە.

☺ پێی بسەلمێنە کە ئەم تێکۆشانەی تۆ لە بەر ئەوەیە کە زۆر حەز لە خوێندنەوە و سەیرکردن ئەکەی، نەک لە بەر ئەوەی ناتوانی سەر بنێیتە سەر هاوپۆلەکانت و ئیزعاجیان بکەی یان هەندێ جار خۆت بکەیتە گاڵتەجاڕ.

☺ لە ناو پۆلدا ـ تەنانەت لەو کاتەدا کە وەڵامی پرسیارێک ئەزانی ـ ڕێی خۆنووواندن و خۆ دەرخستن لە قوتابییەکانیتر مەگرە. هیچ شتێک لەوە ناخۆشتر نییە کە هەمیشە گوێمان لە دەنگی یەک کەس بێت: «مامۆستا! مامۆستا! من ئەزانم. مامۆستا من بیڵێم!»



نمرەکانی ناو کارتەکەم گۆڕیوە...

بەخ! چ خۆشە «٧»یکی بچکۆلە بکەی بە «٧٠»یەکی جوان! کێ هەیە تا ئەمڕۆ بیری لە شتی وا نەکردبێتەوە؟

گرفتەکە لەوە دایە کە تۆ ئیشەکەت کردووە و بڕاوەتەوە!

پێتوایە ئەگەر بە دزییەوە نمرەکانت بگۆڕی، کەسایەتییەکی چاک بۆ خۆت ساز ئەدەی، کە چی بە داخەوە بەم ئیشەت مێژینەوە و پێشینەیەکی خراپ بۆ خۆت دروست ئەکەی: پێشینەی تەزویر، درۆزنی و فرۆفێڵ کردن. چونکو خۆت زۆر چاک ئەزانی نمرەی «٧٠»ت نەهێناوە...

لە سەرەتادا هەوالێکی ناخۆشم پێ بڵێ
لە پیرکاریدا نمرەی (10)م هێناوە
ئێستا هەوالێکی خۆشم پێ بڵێ
لینکلیزیدا نمرەیەکی چاکترم
هێناوە 20

تۆ تێکشکان و سەرنەکەوتنت بە شێوەیەک نیشان داوە کەسانیتر بە سەرکەوتنی ئەزانن. گرنگ نییە، بۆ هەموو کەسێ هەلومەرجی وا دێتە پێش لەوانەیە گەوجێتی لەوە گەورەتریش بکەن. لەوانەیە مرۆڤ نمرەی خراپ بهێنی بەڵام تەزویر لە کارتدا شتێکی جیاوازە. تاوانە، ئەرێ بە پاست بۆ ئەم نمرەیەت هێناوە؟ ئەگەر وانەکان فێر نەبووی بڵێ فێر نەبووم و ئەمە شتێکی ئاساییە. قوتابخانە وەکوو یارییە وەرزشییەکان وایە. خاوەنی هەندێ یاسایە و ئەگەر کەسێک لەم یاسایانە لا بدات هەڵە و فاوڵی بۆ تۆمار ئەکرێ. سەرەڕای ئەمانەش، تۆ بە دەستکاری کردنی کارتەکەت، خۆتت خستۆتە ناو مەترسییەکی گەورەترەوە - کە لە نمرەی سفر هێنان خراپترە. کە وابوو کارێکی زۆر ژیرانەت نەکردووە. بەڵام ئەگەر خوو بە نمرەی خراپەوە بگری و پێیڕابێی، نەزانییەکەت دوو ئەوەندە بۆتەوە! بۆ چی؟ چونکو، یەکەم: لە جیاتی ئەوەی بە هەڵەکانت بزانی و بیر لە چارەسەرکردنیان بکەیتەوە، ئەیانشاریتەوە و ناهێڵی کەسانیتر یارمەتیت بدەن. دووهەم: چونکو پڕۆژێ لە پڕۆژان، نمرە

ڕاستەقینەکانت بە شێوەیەکی ناخۆش و ئابڕووبەرانە دەرئەکەون و دایک و باوکت لۆمە و سەرکۆنەت ئەکەن. سێیەم: کاتێ زانییان چیت کردووە، هیوا بڕوایان ئەکەیت و ئیتر متمانەت پێناکەن، کەچی متمانەی دایک و باوک بایەخێکی زۆری هەیە. بیر لەم شتە بکەرەوە

کە لەو ڕۆژە بە دوواوە، هەر کاتێ نمرەیەکی چاکیش بهێنی، بە گۆمانەوە سەیری ئەکەن! ئیتر بیهێنە پێش چاوی خۆت و بزانە لەو کاتەدا چ وەزعێکت ئەبێ! ئێستا خۆت دادوەر بە و پێمانبڵێ: ئاخۆ ئەم ئیش و تەزویر کردنە ئەوەندە دێنێ کە خۆت تووشی ئەم هەموو چەرمەسەری و گرفتە بکەی.

ئێستا سەرەی تۆیە!

☺بوێر و چاو نەترس بە! پێش ئەوەی دایک و باوکت شتەکەیان بۆ دەربکەوێ، خۆت پێیانبڵێ چیت کردووە. تەنانەت ئەگەر پرتە وبۆڵەیش بکەن دیسان لە قووڵایی دڵیانەوە شانازیت پێوە ئەکەن. ئەگەر وا بکەی ئیتر کەمێک لە هەڵەکەی خۆت قەرەبوو ئەکەیتەوە.

دەستکاریکردنی کارت و گۆڕینی نمرەکان پاشەکشێیەکی بێگەڕانەوەیە. پێویستە مرۆڤ بەرپرسایە تیی ئیشەکانی خۆی لە ئەستۆ بگرێ. ئەگەر بە هۆی ئەوەوە کە وانەکانت چاک نەخوێندووە نمرەی خراپت . هێناوە، پێویستە دەرەنجامەکانیشی تەحەممول بکەی. ئەگەر وا نەبێ جێی سەرسوڕمانە.

☺ لەوانەیە لەبەر ئەوەی لە ناو ماڵتاندا بەزم و هەرا ساز نەدرێ نمرەکانت شاردبێتەوە. وریابە! ئەگەر هەر کاتێ دەرەجەی خراپت هێنا، لە ماڵەوە لێدان و شەقت بەر ئەکەوێ. هۆکەی ئەمەیە کە پێوەندیی تۆ لەگەڵ دایک و باوکتدا دروست و چاک نییە. سەبارەت بەم شتە، لەگەڵ بەرپرسانی قوتابخانە یان کەسێکی گەورەتردا ـ کە متمانەت پێی هەیە ـ قسە بکە. پێویستە دایکۆ و باوکەکان هەموو کاتێ بۆ گەشە و پێگەیاندنی منداڵەکانیان تێبکۆشن . نەک هەر کاتێ منداڵەکەیان تووشی گیروگرفتێک بوو لێیبدەن.



من هیچ بایەخێکم نییە.

ئای، ئای! قسە لەمە خراپترت نەئەزانی؟ ئەمە قسەی خۆتە یان کەسێکی گەروەتر فێری کردووی؟ هەر چونێک بێ قەت بە ڕاستی مەزانە.

کاتێ ئەڵێی «من بایەخێکم نییە» ئەم بیر و هزرە هەڵەیە ئەبێتە هۆی ئەوەی واز لە تێکۆشان بهێنی. وەک ئەڵێن بەم چەشنە خۆت ئەخەیتە بارودۆخێکی خراپەوە. بارودۆخێکی ئەو تۆ کە هەڵی وات بۆ ئەرەخسێنێ و واتلێئەکات واز لە تێکۆشان بهێنی و دەست لە ڕەش و سپی وەرنەدەی! چونکو واتای ئەمە ئەوەیە کە "تۆ هیچ نیت!".



وریابە! لەوانەیە بەڕاستی بەو چەشنەت بە سەر بێت! ئەگەر واتێهات ئیتر بە دەستی خۆت، خۆتت چارەڕەش کردووە. چونکو زۆر گەوجانەیە کە مرۆڤ سووکایەتی بە خۆی بکات. لەوانەیە بە هۆی ئەوەوە کە هیوات بە خۆت نەماوە، گۆشەگیریت هەڵبژاردبێ. حەزت ئەکرد لە هەموو کەسێ تەواوتر و چاکتر و لە پێشتر بیت کەچی ئەوەندەی کە چاوەڕوانت ئەکرد لە کەسانیتر لە پێشتر نیت. حەزت ئەکرد ببیتە کەسێکی نموونە، کەچی نەبووی؟ چوونکو کاریگەریی نەبوو گۆچانە سیحرییەکەت فڕێدا. هەموو منداڵەکان حەز ئەکەن وەکوو پاڵەوانی چیرۆکەکان نەبەز بن. بەڵام ئاگات لە خۆت بێ، تۆ ئیتر گەورە بوویت و پێویستە لە خەو هەستی! گومان لەوەدا نییە کە لە هەندێ لە بەشەکاندا خاوەن توانایت و لە هەندێ بەشیتردا توانات کەمترە. ژیان وایە. هەر کەسێک لەم جیهانەدا بەشێکی هەیە.

ئەگەر یەکێک لەو کەسانەی لێت نزیکە بە هیچت ئەزانێ، دڵنیابە یان هەڵە ئەکات یان ڕاستییەکانی نەدرکاندووە. ئەڕێ لە بەر ئەوەی یەکێک لە ماموستاکانت لە سەر هەڵسوکەوتی چەوت یان لە سەر ئەوەی چاک سەعیت نەکردووە تانەی لێداوی هەستێکی لەم چەشنەت هەیە؟ ئەو بە هەڵەدا چووە. کەس مافی ئەوەی نییە تۆ بە بێبایەخ بزانێ. لەوانەیە بتوانڕێ بە تەمبەڵی تۆمەتبار بکرێی... بەڵام ئایا ئەمە خەتای نییە کە بە قبوولکردنی ئەم دادوەرییە پێشوە خت و نابەجێیە. خۆتت کردۆتە قەفەسێکەوە؟ بێگومان ئەم قەفەسە هەندێ لایەنی چاکیشی هەیە! بۆ نموونە ئەتووانی ئیتر هیچ ئیشێک نەکەی، ڕەحەت و سەحەت!

ئێستا سەرەی تۆیە!

☺ تۆ توانای زۆرت هەیە و پێویستە پەرەیان پێبدەی. هەوڵێک بدە. هەستە! بۆ ئەبێ سەر نەکەوی؟

☺ بۆ ئامادە بوون و سازدان و پەروەردەکردنی خۆت داوای یارمەتی لە کەسانی تر بکە. تێکۆشانەکانت زۆرتر بکە... ئەتووانی فێری "شێوازی فێربوون" ببی.

☺ ئەگەر پاش یەکەم هەوڵ و تێکۆشان سەرنەکەوتی، دڵسارد و نائومێد مەبە. سەرکەوتن، خێرا و بە پەلە بە دەست نایە. پشوودرێژ بە و بەلە مەکە.

☺ بۆ گەیشتن بە «ئامانج» تێبکۆشە. ژیان بۆ تۆ خۆشتر ئەبێ و لە چاکترین جێگە و ئاست نزیک ئەبیتەوە!



خوشکە بچکۆلەکەم لە ساتەکانی پشووداندا ئیزعاجم ئەکات.

بە ڕای خۆت، خوشکەکەت، بۆ چی ئیزعاجم ئەکات؟

چونکو گرفتێکی هەیە و تۆ نەبێ، کەس ناناسێ. لە جیاتی ئەوەی لە کۆڵ خۆتی بکەیتەوە، یارمەتیی بدە...

بۆ ساتێ خۆت بخە جێی ئەو. چوویتە قوتابخانەیەکەوە و کەس قسەت لەگەڵ ناکات و ئێجگار تەنیای. لەپڕ چاوت بە کەسێک ئەکەوێ کە ئەیناسیت و خۆشت ئەوێ. لەو کاتەدا چی ئەکەی؟ ڕووی تێئەکەیت و بە هیوایت ئەویش بە ڕووی خۆشەوە پێشوازیت لێبکات خوشکە بچکۆلەکەی تۆیش، کاتێ لە تۆ نزیک ئەبێتەوە، ئەڤین و خۆشەویستی خۆیت بۆ دەرئەخات. تۆیش بە خۆفشکردنەوە لە تەنیشت هاوپۆلەکانتدا، لە خۆتی دوور مەکەرەوە. پێت وایە ئەم

هەڵسوکەوتە کەسایەتیت بەرز ئەکاتەوە؟ زۆر دڵنیا مەبە! تەنانەت ئەگەر وایش بێ، بەرزبوونەوەیەکی جوان نییە. لەم کاتەدا، تۆ بە گەورەتری ئەو ئەژمێردرێیت و ئەمە هەندێ جیاوازت ئەکات، بەڵام لەم لایشەوە هەندێ بەرپرسایەتی ئەخاتە سەر شانت، بۆ نموونە ئەرکی چاوەدێری و پشتیوانی کردن لە خوشکێکی بچووکتر. سەرەڕای ئەمەیش، بەم کارە هەڵەیە زۆر ئازاری ئەدەیت چونکو خوشکەکەت لەو کاتەدا تەنها تۆ شک ئەبات. ئایا ڕەوایە هەڵسوکەوتێکی ئەوتۆی لەگەڵدا بکەی!؟ ئەو پاڵی بە تۆ داوە، بە ئازاردان و لە خۆ دوور کردنەوەی، خەیانەت لەو متمانەیەی -کە پێیکردووی - مەکە. لە هەمان کاتیشدا خەمت نەبێ، چونکو هێندە نابات ئەویش هەندێ هاوڕێ بۆ خۆی پەیدا ئەکات و تۆ و .،هاوڕێکانت بە جێ دێڵێ. بەڵام چونکو تەنهێشتووە تەنها بێ تا ماوەیەکی زۆر لە هەمبەر تۆدا هەست بە ئەمەگ و پێزانین ئەکات

ئێستا سەرەی تۆیە!

پرسیار لە هاوپۆلەکانت بکە. لەوانەیە ئەوانیش خوشکی بچکۆلەیان هەبێ و حەز بکەن ببێتە هاوڕێی خوشکەکەی تۆ

☺ *نەک بە کەشوفش و لووتبەرزی، بەڵکوو بە میهرەبانی کەسایەتییەک بۆ خۆت دروست بکە. ئەگەر وابکەی شیاوی ئەوەیە شانازی بە خۆتەوە بکەی...دایک و باوکیشت شانازیت پێوە ئەکەن.*

بیر لەمە بکەرەوە کە چەندە خۆشە کاتێ لە مالّی خۆتاندا یاریی لەگەڵ ئەکەی یان بیر لەمە بکەرەوە کە ئەتووانن پێکەوە - لە بەرانبەر دایک و باوکتاندا - یەکبگرن و ڕێگاچارەیەک بۆ گرفتەکانتان بدۆزنەوە.

مامۆستاکەم حەز ناکات چاوی بە من بکەوێ.

دڵنیای؟ بە هەڵەدا نەچووی ئەی تۆ حەز ئەکەی چاوت بەو بکەوێ؟ چاک بیر بکەرەوە...

ئاشکرایە ئەگەر لە ناو پۆل و وانەی مامۆستایەکدا بەردەوام هاروهاجی بکەی، ئیتر ناتووانی لە ناو دڵیدا جێی خۆت بکەیتەوە. خۆت بخەرە جێی ئەو: حەز ئەکەی کاتێ قسە ئەکەی یەکێک گوێت لێنەگرێ یان ببێتە هۆی ئەوەی کەسانیتریش گوێت لێنەگرن؟ دان بەمەدا بنێ کە کارەکەت هەڵەیە... منداڵەکان زۆر کات بە جیهانی خۆیاندا پڕ ئەچن. بە هۆی ئەوەوە کە سەعی ناکەیت یا پۆلەکە ئەشێوێنی مامۆستا لێت تووڕەیە. کە وابوو خۆت ئەبیتە هۆی ئەوەی ڕقیان لێت بێت... سەرەڕای ئەمانەیش مامۆستایش وەکوو



تۆ گیروگرفتی تایبەتی خۆی هەیە.تۆ خەریکی سەعیکردنی خۆت بە و زۆر بیر لەوە مەکەرەوە کە ڕایان بەرانبەر بە تۆ چییە. خۆ ئەرکی

سەرشانی مامۆستا نییە کە تۆی خۆش بوێ یان خۆشی نەوێی. ئەویان بۆ ئەم شتە دانەمەزراندووە. ئەرکی سەرشانی ئەو ئەمەیە کە فێری ئەو شتانەت بکات کە نایانزانی.میهرەبانی مامۆستا ئاکارێکە کە سەرەڕای ئەرکە سەرەکییەکەی – و جودا لە ئەرکە سەرەکییەکەی –هەیەتی بەڵام ئەرکی سەر شانی نییە. یاسا تەنها ئەڵێ پێویستە هەڵسوکەوتی لەگەڵ تۆدا دادگەرانە بێت.

ئێستا سەرەی تۆیە!

☺ پاش تەواو بوونی وانەکە، بڕۆ بۆ لای مامۆستاکەت و لێی بپرسە بزانە چی قەوماوە و بۆ چی تۆ هەست بەو شتە ئەکەی. تەنانەت ئەگەر بە دژواریشی بزانی پێویستهوا بکەی.ئەم هەڵوێست و ئیشە بچووکە بارودۆخەکە ئامادە و چاک ئەکاتەوە.

☺ نابێ بە هۆی ئەم بابەتەوە بڵێی ئیتر لە وانەکەی ئەو مامۆستایەدا بە چاکی سەعی ناکەی، با بیانوویەکیتری - بۆ ڕکەبەری و خۆشنەویستنی تۆ - دەست نەکەوێ



حەزم لە وەرزش نییە...

حەزت لە کام شتی وەرزش نییە؟ ڕاکردن؟ یان لە پێکردنی دەرپێکورتی وەرزشی لە بەر چاوی هەموواندا؟

لە سێشەممەکاندا، تەنانەت بیرکردنەوە لە وانەی وەرزش نازارت ئەدات. زۆرتر حەز ئەکەی خەریکی بیرکاری یان زمان بیت نەک دوو کاتژمێر ڕابکەی یان هەڵبەز- دابەز بکەی...

ئەگەر کەسێک حەزی لە وەرزش نەبێ، هەندێ جار هۆکەی ئەمەیە کە بە دژواری ئەتووانێ لە جەستە و لەشولاری خۆی رازی بێت. لەوانەیە پێت وابێ جەستەیەکی ورد، زل، لاواز، قەڵەو ...تاد هەیە، بە کورتی بە چەشنەی کە حەزت لێیە، نیت! ئەگەر کچی پێویستە بزانی کچان لە تەمەنی تۆدا زۆرتر قەڵەو و خرپنن، یان سنگیان دەستی بە گەشە کردن کردووە و شەرم ئەکەن، بەتایبەت



لەو کاتەدا کە هاوپۆلەکانیان پاڵ بە یەکەوە ئەنێن. ئاساییە ئەگەر ئاسوودە نەبی چونکو لەم تەمەنەدا لەشت گورانی بە سەردا دێ، تۆ خەریکە ئەبیتە خانمێک و چونکو کوڕەکان هێورتر تەشک و جەستەیان تووشی گۆڕان ئەبێت، ئێرەبیت پێئەبەن... لەوانەیە خۆت لەگەڵ ئەو هاوپۆلییەتدا کە سەد مەتر ڕائەکات و ناکەوێتە هانکەهانک کردن بەراورد بکەیت و هەڵبسەنگێنی و لە بەرانبەر ئەودا خۆت بە ئەسپی ناو ئاو و بە هیچ بزانی. ئیتر تا جوولەت کەمتر بێ، کەسانیتر، زۆرتر پێشت ئەکەون و تا زۆرتر دوا بکەی کەمتر حەز لە جوولە و بزووتن ئەکەی! ئەگەر کوڕی لەوانەیە پێتوابێ کەمێ کورت یان لاوازی. کە وابوو کاتێ لە تەنیشت فلان هاوپۆلیتدا - کە جەستەیەکی چالاک و ڕاهاتوو و باڵایەکی بەرزی هەیە - کراسەکەت دائەکەنی، کونەمشکت لێ ئەبێ بە قەیسەری! لەوانەیە دڵنیابی کە ئەتووانی بە چاکی ڕابکەی، چاک باز بدەی، بەڵام هەست ئەکەی تەنها لەبەر چاولێگەری پێویستە ببی بە یەکەم. ئەم نەفسییەت و هەستی هەڤڕکی و کێبەرکێیەی ئێستا لە وەرزشدا باوە، زۆر ناخۆشە و مایەی ئازارە. چونکو هەموو مرۆڤێک ئەتووانێ نەبێتە پاڵەوانی جیهان بەڵام بە چاکی ڕابوێرێ و خۆشحاڵ بێ! تەنانەت لەوانەیە کەسێک وەرزش بکاتە کەرەستەیەک و بە ناڕەوایی و بۆ شەڕکردن و تۆڵە سەندنەوە کەڵکی لێوەربگرێ، بەڵام ئەمە لەگەڵ کەسایەتیی تۆدا ناگونجێ.

ئێستا سەرەی تۆیە!

☺ لە یانەیەکی وەرزشی لە دەرەوەی قوتابخانەدا خۆت ناونوس بکە. ئەتووانی لەوێدا خەریکی چەندین چەشنی چالاکی وەرزشی بیت. دڵنیابە وەرزشێکت دەست ئەکەوێ کە حەزی لێبکەی. هەستە! گرنگترین شت، هەڵگرتنی یەکەمین هەنگاوە.

☺ ئایێ بهێڵی کەسانیتر بتترسێنن. سەبارەت بەم شتە لە گەڵ مامۆستای وەرزشدا بدوێ بۆ ئەوەی *تەدەخول لەم ئیشەدا بکات. ئەو گوێ نادات و هیچ ناکات؟* تێبکۆشە لە شوێنی داکەندنی جلوبەرگ یان سووچێکی گۆڕەپانی وەرزشدا تەنها نەبیت.

☺ ئامادەی هەموو ئیشێ بکەی بەڵام وەرزش نەکەی؟ ئەمە مافی خۆتە، بەڵام هەرچۆنێک بێت وەرزشیش یەکێکە لە وانە فەرمییەکان و ناچاری تێپەڕی بکەی. ئەرێ ئەتووانی بەم بیانووەوە کە سەر لە حسێبکردنی بیرکاری دەرناکەی، وانەی بیرکاری پشت گوێ بخەی؟

یاسای زیرین
زۆر خراپە کە مرۆڤ، مێشکی بە سەر هووتی پێی بێچێت و لەرزۆکەوە، بەرەو ئەملا و ئەولا بیات.

له قوتابخانه هەڵهاتم!

ئایا ئەزانی یاسات پێشیل کردووە؟

له زۆرێک له وڵاتەکاندا، چوونە قوتابخانە تا شانزە ساڵان بە زۆرە ملێ و ناچارییە. بە هەڵهاتن لە قوتابخانە، نەک هەر تووشی تاوان بوویت، بەڵکوو دایک و باوکیشت تووشی چەرمەسەری کردووە.

ئەگەر ئەو پۆژەی خۆت لە پۆل ئەدزیتەوە بەڵایەکت بە سەر بێت، قوتابخانە بەرپرسیارە. دایک و باوکیشت تووشی گیروگرفت ئەبن، چونکو ئەرکی سەر شانیانە بتنێرێن بۆ قوتابخانە. ئێستا ئەزانی ئەو ئیشەی کە پێت وابوو هەڵەیەکی بچکۆلەیە و تەنها پەیوەندیی بە خۆتەوە هەیە ئیشێکی هێندە گەورجانە و ترسناکە ئەتوانێ هەموان تووشی گیروگرفت بکات؟ ئەگەر دایک و باوکت لە ئامادە نەبوون و خۆدزینەوەکەت ئاگەدار ببنەوە،

زۆرترسن و وانەزانن تۆ لە مەترسیدایت و بێگومان بۆچوونەکەی ئەوان ڕاستە. سەرەڕای ئەمانەش، ئەگەر هەڵەگەڕ و بەرەڵا بە کۆڵان و شەقامەکاندا بخۆڵێتەوە، لەوانەیە بە دوو پۆلیسەوە بگەڕێتەوە ماڵێ، چونکو مافی ئەوەت نییە لە کاتی قوتابخانەدا لە دەرەوە بیت. کە وابوو شتێکی بچووک نییە! ئەرێ باشە بۆچی خۆت دزییەوە؟ ئەمە یەکەمین پرسیارە و پێویستە لە خۆتی بپرسی. ئەتوویست خۆت لە وەڵامدانەوەی وانەکان بدزیتەوە یان ئەتوویست پاڵەوانێتی و ئازایەتی بکەیت و لە بەربەستە دژوارەکەی درگاوانی قوتابخانە تێپەڕیت و دەرباز بیت؟ هەرچونێک بێت ئەم ئیشە ئیشێکی ژیرانە نییە. چونکو نمرەیەکی سفرت ئەدەنێ و خێرا فروفێڵەکەت ئاشکرا ئەبێت. ئەگەڕێکی کەم لە ئارادایە بۆ ئەوەی کەس لە خۆدزینەوەکەی تۆ ئاگەدار نەبێتەوە،کە فروفێڵەکەیشت ئاشکرابوو،چەند ڕۆژێک لە قوتابخانە دەرت ئەکەن و ئیتر خۆت بزانە دایک و باوکت چۆن خۆیان گیف ئەکەنەوە! بەڵام لەوانەیە شتێکی گرنگ قەومابێ و تۆ نەتوانی بیدرکێنی و بەو هۆیەوە هەڵهاتبی. ئایا لە قوتابخانەدا کەس هەڕەشەی لێکردووی؟ یان لە ناومانڵدا گیروگرفتی ئەو تۆت هەیە و ناتوانی چارەسەریان بکەی؟ لەوانەیە یەکێک لە ئەندامانی بنەماڵەکەت لە سەر ئیش نەمابێ و زۆر پەشێوبێ و تۆیش حەز نەکەی خۆت بەیانی زوو بە تەنها لە خەو هەستی و بڕۆی بۆ قوتابخانە.

ئێستا سەرەی تۆیە!

☺ بۆ ئەوەی سەرنجی گەورەکان ڕابکێشی، زۆر مەیانترسێنە، بیر لە ڕێگایەکی دیکە بکەرەوە.

☺ ئیتر قەت خۆت لە قوتابخانە مەدزرەوە. بێگومان ئیشێکی ترسناکە. ڕۆیشتن بۆ قوتابخانە بەزۆر و ئیجباربیە.

☺ ئەگەر لە ناو خێزانەکەتدا گیروگرفتێک هەیە یان ئەگەر یەکێک لە قوتابییەکانی قوتابخانە هەڕەشەی لێکردووی، پێویستە لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە لە دەوروبەرتدان باسی بکەی. لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە متمانەیان پێئەکەی قسە بکە. لەوە چاکترە کە خۆت بخەیتە مەترسییەوە.

☺ بێ«ئیش»یی دایک و باوک پرسێکی دژوار و ناخۆشە. بۆ نیشاندانی کەسەر و هاوخەمیی خۆت، درێژە بە خوێندن بدە، بەردەوامبوون لەوە چاکترە کە کتێبەکە بنێیتە لاوە و واز لە خوێندن بهێنی! خوێندنی تۆ، گیروگرفتی دایک و باوکت کەمتر ئەکاتەوە.



دایک و باوکم هەمیشە بە سەر سەرمەوە وەستاون!

هەمور ڕۆژێ ئێوارانە، دیسان بەزمەکەی جارانە!

پێش ئەوەی جانتای قوتابخانەکەم دابنێم دەستپێئەکەن: هیچت نییە بینووسیتەوە؟ کوا جەدوەلەکەت با سەیرێکی بکەم...

ئیتر شێت بووم...

ئایا ئەتزانی دایک و باوکەکان پەرۆشترین مرۆڤی دنیان؟ ئەوان حەز ئەکەن تۆ چاک وانەکان بخوێنی، بەڵکو لە دوارۆژدا لە ژیاندا سەربکەوی. کە وابوو بە هۆی دڵسۆزی و خۆشەویستییەوە وانەکەن و گومان لەوەدا نییە ئەگەر سەبارەت بە وانە و وەزیفەکانت لێتنەپرسنەوە ناڕەحەت ئەبی. بەڵام لەوانەیە ئەوان کەمێک زیدەڕۆیی



بکەن. لە بیر نەچێ: ئەگەر کارتێکی وێران و پڕ کارەساتت بۆ هێناونەتەوە نابێ تووشی سەر سوڕمان ببی یان گلەیی بکەیت و بڵێی بۆچی هەمیشە چاوەدێریت لێنەکەن. بەڵام ئەگەر لە وانەکانتدا سەرکەوتووی، ئاکار و هەڵسوکەوتەکەیان ئاسایی نییە، پێویستە بەرە - بەرە پایانبێنی تاکو بهێڵن خۆت بە تەنهایی وەزیفەکانت بنووسیتەوە. تۆ سەبارەت بە نمرەکانت لە هەمبەر ئەواندا بەرپرسیاری بەڵام سەبارەت بە شێوازی بەدەستهێنانی نمرەکان هیچ بەرپرسیارییەکت نییە. سەرەڕای ئەمانە، ئەگەر ئەم شێوەی خوێندنی وانانە بۆ تۆ شیاو و گونجاوە بۆچی درێژەی پێنادەی؟

ئێستا سەرەی تۆیە!

☺ وریابە! ئایا پێتوایە ئەتوانی بە بێ یارمەتیدانی دایک و باوکت وانەکانت بخوێنی؟ وایە؟ پێشنیازی مامەڵەیەکیان پێبدە. بەڵێنێکی بێخەوش. لە سەر پەڕەیەکی کاغەزدا بنووسە: من ... کە ئەم نووسراوەیەم واژۆ کردووە بەڵێن ئەدەم بە ماوەی یەک مانگ هەموو شەوێ وەزیفەکانی قوتابخانەم ئەنجام بدەم. واژۆی بکە و بیدە بە دایک و باوکت با ئەوانیش واژۆی بکە ن. پاشان لە ژوورەکەتدا هەڵیواسە با هەموو کاتێ لە بەر چاوتدا بێت. ئەگەر لە کۆتایی مانگدا نمرەی چاکتر لە مانگی پێشووت هێنابوو،

پێت سەلماندوون کە مرۆڤێکی ئەتووانی بەرپرسایەتی لە ئەستۆ بگری ئەوان ئەتووانن متمانەت پێبکەن.

☺ ژیرانە بۆ دایک و باوکتی ڕوونبکەرەوە و پێیان بڵێ لەبەر داهاتووی خۆت ئەخوێنی. قوتابخانە سنوور و هەرێمی تۆیە. ئەگەر (١٠٠)یەک بهێنی کە لە ڕاستیدا هی دایکتە، هیچ سوودێکی نییە. ئەگەر خۆت بە تەنها نەمرەیەکی ٥٠ بهێنی زۆر چاکترە! لە قسەکانتدا بڵێ مامۆستاکانمان حەز ئەکەن و پێداگرانە داوا ئەکەن کە ئێمە بە بێ یارمەتیی کەسانیتر تێبکۆشین بەڵکو بتووانین سەربەخۆ پەروەردە ببین.

☺ هەندێ جار تکایان لێبکە کە یارمەتیت بدەن، ئەمە ئەبێتە هۆی پێخۆشحاڵبوونیان. دایک و باوک زۆر حەز ئەکەن کە هەندێ جار هەست بکەن پێویستت پێیانە. خۆ ئەمە ئیشێکی خراپ نییە. وا نییە؟

☺ هەوڵبدە زۆرتر سەبارەت بە قوتابخانەکەت قسەیان لەگەڵدا بکەی. ئەوان حەز ئەکەن لە سەرقاڵی و چەتوونییەکانی ناو قوتابخانەت ئاگەدار ببنەوە!هەتا پتر بزانن پەوتی ئیشەکانت چۆنە،پتر ئەرخەیان و دڵنیائەبن و کەمتر تووشی دڵەڕاوکی ئەبن!

☺ تۆ دەستپێشخەر بە! پێش ئەوەی سەبارەت بە وەزیفەکانی قوتابخانە پرسیارت لێبکەن، وەزیفەکانتیان نیشان بدە!



تۆقیوم،ناوێرم بچمە قوتابخانەی ناوەندییەوە.....

ئەم ترسە ئاساییە. قوتابخانەی ناوەندی شوێن و ئاقارێکی نوێیە و مرۆڤ هەموو کاتێ لە شوێنە نامۆکان ئەترسێ. بەڵام مەترسە، ئەمە سەرەتای کۆمەڵێ بەسەرهاتی نوێیە.

تێپەڕین لە قوتابخانەی بنەڕتییەوە بەرەو قوتابخانەی ناوەندی وەکوو باز بردنە بە سەر جۆگەیەکی ئاودا. ئەڵێی ئەتەوێ بچیتە ناو (گۆ)یەکی ترەوە و نازانی ئەوێ کۆییە! ئەوەندە باسی قوتابخانەی ناوەندییان بۆ کردووی بۆت هەیە بترسی. بەڵام نابێ زۆریش زیدەڕۆیی بکەی. لە سەدا نەوەدی ئەم ترسانە زۆر خێرا کپ ئەبنەوە. نابێ لە بیرت بچیتەوە کە تۆ پێش ئێستا، چەندین جار بە سەرکەوتوویی، لە هەندێ پرد پەڕیوێتەوە. ئەو یەکەم ڕۆژەت لە بیرە کە چوویتە قوتابخانەی سەرەتاییەوە؟ دۆڵابی جلوبەرگەکانت لەبیرە



که دەستت پێی نەئەگەیی؟ ئەو هەموو مرۆڤە نەناسراوە و ...؟ لە نووکی پێ تا تەوقی سەر ترس دایگرتبوویت و پاش چەند رۆژ، وەکوو ماسیی ناو ئاو حەوایتەوە. لە قوتابخانەی ناوەندیشدا، دیسانەوە هەموو شتەکان نوێن و پێویستە خۆت لەگەڵ ئاقار و شوێنەکەدا بگونجێنی. بە دڵنیاییەوە لە رۆژانی یەکەمدا، لەبەر ئەوەی بە جەستە بچکۆلەکەتەوە کەوتوویتە ناو جیهانی دێوەکانەوە، کەمێک نارەحەتی، کەچی سااڵی پێشوو لە هەموو قوتابییەکان گەورەتر بووی! چاکییەکەی لەوەدایە کە زۆر سنووردار و گیرخواردوو نیت. لەوانەیە لە رۆژانی یەکەمدا کەمێک بترسی، بەتایبەت ئەگەر دایک و باوکیشت کەمێک شڵەژاو بن. بەاڵم هێندە نابات ئازادیی پترت ئەبێ و تێئەگەی کە زۆریش خراپ نییە... بەرنامە و پرۆگرامی وانەکان گۆڕاون؟ ئێستا لەجیاتی مامۆستایەک چەندین مامۆستات هەیە؟ چاکتر! چونکو ئەگەر مامۆستایەکت بووایە و ئیسک سووک نەبووایە، سااڵی خوێندن - بە شێوەیەکی سەیر - بۆ تۆ دور و درێژ ئەبوو! لە الیەکی تریشەوە خراپ و ناخۆشە. چونکو ئێستا پێویستە خۆت لەگەڵ وردەکاری و حەز و خواستی هەر کام لە مامۆستاکانتدا بگونجێنی. بەاڵم لە نێوان ئەم مامۆستایانەتدا بێگومان حەز لە سێرەی هەندێکیان ئەکەی!!! لە رۆژانی یەکەمدا، کە ناچاری لە پێنج خولەکدا بە سالۆنی دوور و درێژ و ئەو هەموو پۆلەدا تێپەریت و خۆت بگەیەنیتە ناو پۆلەکەت، گێژ ئەبی! سەبارەت بەم شتەیش

ئوقره بگره. له هەفتەی دووهەمداماێنده لەگەڵ شوێنەکەدا ئاشنا ئەبی و ئەڵێی چەندین مانگ لەوێ بووی.

ئێستا سەرەی تۆیە!

☺ لە سووچێکدا هەڵمەتووتێ و ئەژنۆی خەم لە ئامێز مەگرە. قوتابخانەی نوێ هەلی ئەوەت بۆ ئەرەخسێنێ کە هاوڕێی نوێ پەیدا بکەی.

☺ دایک و باوکت دڵنیا بکەرەوە، ئەوان، هەندێ جار کە گەورەبوونی تۆ ئەبینن نیگەران و پەرۆش ئەبن. دڵڵەدوای تۆن. بەڵام تۆ ئیتر بەبە نیت. دەی ئەمە بسەلمێنە!

☺ لە سەر کاغەزێکی گەورەدا، وێنەی بینای قوتابخانەکە بکێشە (پۆلی یەک، حانووت، ژووری بەرێوەبەر و ...). لە رۆژانی یەکەمدا لە قوتابیانیتر بپرسە و بزانە پۆلەکەت لە کوێوەیە و نزیکترین ڕێگا بدۆزەرەوە. ئەوان، چاک تر لە تۆ شارەزای گەڕەکن.



لە یەکێک لە مامۆستاکان ئەترسم.

مامۆستاکان بۆ ئەوە دێنە ناو پۆل شتت فێر بکەن،نەک بتترسێنن پێویستە ڕێزیان لێبگری و ئەوانیش ڕێزت لێبگرن.

ئەگەر وا نییە، ئەگەر ئەوان زۆر بە ڕووی خۆشەوە هەڵسوکەوت ناکەن و هەڵسوکەوت و ئاکاریان ناخۆش و ناشیرینە، سەیری بەشی (مامۆستاکەم حەزناکات چاوی بە من بکەوێ)یان "یەکێک لە مامۆستاکان سووکایەتیی پێکردم"ی ئەم کتێبە بکە .بەڵام چاک ببر بکەرەوە و بزانە چی ئەتترسێنێ : ئاخۆ مامۆستا و

وانەکانت لێنەگۆڕاوە .لەوانەیە لە ترسی ئەوەدا کە پرسیارت لێبکەن لەرزت لێهاتبێ! چونکو وانەکانت چاک لەبەر نەکردووە... نابێ مامۆستا ئینگلیزی و وانەی ئینگلیزیت لێ بشێوی!

بێگومان هەندێ لە گەورەکان هێزێکی گەورەی سەیریان هەیە. لە دوا ناەندیدا کاتێ بانگ لە قوتابییەکان ئەکەن پێیان ئەڵێن «ئێوە» و تۆ پانەهاتووی هیچ کەسێ پێت بڵێ «ئێوە». و بەم هۆیەوە مامۆستات بە سارد و وشک و دوور لە خۆت دێتە پێش چاو. لە هەمان کاتیشدا مامۆستاکانی تۆ لەگەڵ هاوپۆلەکانتدا جیاوازییان هەیە. چۆنێتی وانە وتنەوەکەیان گرنگە. ئەو شتەی تۆ بیری لێئەکەیتەوە ترس لە مامۆستا نییە، ترس لە وانەیە. ئەمە نیشانەیەکی چاکە و بێگومان لە داهاتوودا دەستخۆشی لەم مامۆستایە ئەکەیت، چونکو ئەو کەسانەی هێزێکی گەورەی سەیریان هەیە، لە زۆربەی کاتەکاندا کەسانێکی ئیسک سووکن! ئەم مامۆستایە شەیدای ئیش و وانەکەی خۆیەتی و بۆ ئەوەی تۆ پێش بکەوی هەموو هەوڵێکی پێویستت ئەدات. ئەگەر کەمێک جیدییە، تنها لەبەر هەست بە بەرپرسیاریکردنەکەیەتی. دڵنیابە لە سەرانسەری تەمەنتدا، هەرگیز بیرەوەرییەکانی ئەم مامۆستایەت لە بیر ناچێ! لە لایەکی تریشەوە ئەگەر مامۆستایەک نەتوانێ رێزی خۆی بپارێزێ، یەکەم کەس تۆی کە هاوار ئەکەی. هیچ قوتابییەک بە گوێی

مامۆستایەکی تەوەزەل ناکات و هەمووان لە پاشەملە گالتەی پێئەکەن و زمانی لێ دەرئەهێنن... بە رای تۆ ئایا ئەم مامۆستایە لەو مامۆستایانە خراپتر نین کە قوتابییان ناچار ئەکەن گوێ لە وانەکان بگرن؟ هەروەها لەوانەیە تۆ مامۆستایەک وانەت پێبڵێ کە لە پۆل ئەترسێ، هەندێ جار وەها دێتە پێش. ئەو لە هاتوهاوار و غەڵبەغەڵبی پۆلەکەی سالّی پێشوو وەرز بووە و ئێستا پێش ئەوەی کەسێک بیر لە ئازاردانی بکاتەوە، هاوار ئەکات... جێی داخە بەڵام هیچت بۆ ناکرێ. تەنها شتێکت لە دەست دێ ئەویش ئەمەیە کە لە خۆت دڵنیای بکەیتەوە و بزانێ پێویست ناکات بۆ ئەوەی گوێ لە قسەکانی بگری، هاوار بکات.

ئێستا سەرەی تۆیە!

☺ **چاوەکانت بە چاکی بکەرەوە. تۆ مامۆستایەکت هەیە** که شەیدای ئیشەکەیەتی. هەڵێکی چاکە و ئەتووانی زۆرترین سوود لە وانەکەی وەربگری.

☺ لەوانەیە پێتوابێ لە ئاستی چاوەڕوانییەکانی تۆدا نییە؟ ئەگەر زۆرتر تێبکۆشی، بڕبە دڵ چێژ لە نمرەی چاک وەرئەگریت و کاتێ ئەو مامۆستایە پیرۆزبایی ئەم بارودۆخ و ئاستەت لێئەکات، بە

ڕاستی لـه قـووڵایی دڵـەوه شـانازی بـه خۆتـەوه ئـەکـەی. چونکـو ژمـارەی نمـرە چاکـەکـانی ئـەم مامۆسـتایه کـەم نین، بایەخێکی زۆرتریان هەیه.

☺ له ناو پۆڵـدا چپـەچپ مـەکـه. تـرس لـه مامۆستا وەکوو ئەنفلۆئانزا گیرۆیه. لەوانەیـه بـرا یـان هاوپێکانـت ئاگاداریـان کردبیتـەوه و وتبێتیـان: «ئـەه! ئـەه! فلانـه پیـاو مامۆسـتاته؟ بـەزەیـیم پێتـدا دێتـەوه، مامۆستایەکی ترسناکه». گوێ بـەم قسانه مەده.خاوەن بیروڕای خۆت بە ...

☺ لەوانەیه دایک و باوکت بتووانن چاویان پێیبکەوێ. هەندێ جار مامۆستا نازانێ چەندە قوتابییەکانی ئەترسێنێ.



سەرەڕای ئەوەی زۆر تێئەکۆشم،بەڵام نمرەکانم خراپن...

ئەگەر بە ڕاست تێئەکۆشیت و سەعی ئەکەیت، مەترسە، نمرەکانت چاکتر ئەبن...

ئەگەر دوو - سێ ڕۆژێکە بە جیددی دەستت بە سەعیکردن کردووە، سەیر نییە، چونکو ناتوانی خێرا چاوت بە بەرهەمی هەوڵ و تێکۆشانەکەت بکەوێ. ئۆقرە بگرە و درێژە بە تێکۆشانەکانت بدە. بەڵام لەوانەیە تەنها خەیاڵ بێت کە پێتوایە بە جیددی خەریکی سەعیکردنی؟ خەریکی درۆ لەگەڵ خۆتدا ئەکەیت و خۆت بەوە ڕازی ئەکەیت کە سەعیکردنەکەت ڕاستەقینەیە .ئێستا ڕاستییەکەی بڵێ :: ئایا بە ڕاستی تێئەکۆشی؟بە ڕاستی سەعی ئەکەی؟ وایە؟ ئەگەر

وابێ ئێتر خەتای ئەوەیە کە بەرنامەت نییە! بۆ نموونە ماوەیەکی زۆر لە ناو ژوورەکەتدا دائەنیشی، قەڵەمەکەت ئەکەی بە دەمتا و بە بێ ئەوەی کەمێک خەریکی وەزیفەکانت بی بە خەیاڵاتدا پۆ ئەچێ. لەوانەیە ڕاهاتبی بە پەلە و بێ «ڕۆچۆن» سەیری وانەکانت بکەی. زۆر کات، لە کاتی تێپەڕین لە بنەڕەتییەوە بۆ ناوەندی، مرۆڤ ڕووبەڕووی هەندێ گیروگرفتی پێشبینی نەکراو ئەبێتەوە. لە قۆناغی بنەڕەتیدا بۆ سەرکەوتن، یەک جار خوێندنەوەی کتێبەکە بەس بوو، بەڵام ئێستا ئیشەکە دژوارتر بۆتەوە! لەوانەیە ئێستا هەست بە گوشارێکی وا بکەی کە دڵساردی کردبیتەوە. ئەترسی بچیتە تەنیشت تەختە ڕەشەکە یان وانەکان بە شێوەی کونفرانس بڵێیتەوە. زانیارییەکانی تۆ وەکوو تەپۆڵکەیەک چەوی ورد وایە و بە بچووکترین گوشار ئەڕوخێ.

ئێستا سەرەی تۆپە!

☺ ئەتوانی فێری شێوازی فێربوون ببی. بەم پرسیارەوە دەستپێبکە: ئەرێ بۆ فێربوونی وانەیەک حەز ئەکەی بنووسی، ببیستی یان لە ژوورەکەدا پیاسە بکەیت و بە دەنگی بەرز ڕافەی وانەکە بکەیت؟ هەموو کەسێک شێوازی خۆیی هەیە، تۆیش شێوازی خۆت بدۆزەرەوە، ئەگەر زۆرتر حەز لە شێوازی چاوی و دیتن و وەک ئەڵێن "بصری" ئەکەی، وانەکانت بخە سەر کاغەز و سەر ڕستە و بابەتە گرنگەکان

ڕەنگ بکە. ئەگەر حەزت لە شێوازی بیستن یان وەکوو ئەڵێن"سمعی"ە، دەنگت تەجیل بکە و دیسانەوە گوێی لێبگرە و بە دەنگی بەرز پاتەی بکەرەوە. ئەگەر حەزت لە شێوازی نیشاندان و «شانویی»یە، دانیشتن سوودی نییە: بۆ ئەوەی مێشکت بخەیتە کار، کەڵک لە لاشەت وەربگرە، واتە وانەکان نیشان بدە و وابزانە خەریکی وانەکان بە شێوەی کونفرانس بۆ هاوپولەکانت ئەڵێیتەوە.

☺ داوا لە دایک و باوکت (یان خوشک و براکەت) بکە خۆیان بکەن بە قوتابی و تۆ وانەکانیان بۆ بڵێرەوە. ئەمە شێوازێکی زۆر چاکە بۆ ئەوەی بزانی لە وانەکان تێگەیشتووی یان تێنەگەیشتووی. داوای کات لە مامۆستاکەت بکە و بۆ ئەوەی بزانی چ شتێ گیروگرفتی بۆ دروستکردووی، پرس و ڕاوێژی لەگەڵدا بکە. لەوانەیە پێویست بێ دایک و باوکت داوا لە *یەکێک لە هاوڕێکانت بکەن کە هەفتەیەک یەک جار یارمەتیت بدات. بەڵام لە بیرت نەچێ نابێ ئەم یارمەتیدانە ببێتە هۆی ئەوەی کە تۆ سەعی نەکەی! زۆر پشت بەم کاتە دیاریکراوە مەبەستە، سەعیکردن سیحر نییە. یارمەتیی کەسانیتر وەکوو «چێو شەق» و گۆچانی ئەو کەسانەیە کە قاچیان شکاوە و*

گەچی تێگیراوە. پێویستە کاتێ کەوتیتە ڕێ وازیان لێ بهێنی و پشتیان پێنەبەستی.

☺ یەکێک لە هاوپوڵە زیرەکەکانت هەڵبژێرە و وەزیفەکانتان پێکەوە بنووسنەوە. کاتی چاوت بە سەعیکردنی ئەو ئەکەوێ، بۆ نووسینەوەی وانەکانت بوێرتر ئەبی. هەروەها ئەو ئەتوانێ ئەو شتانە کە تۆ لێیان تێنەگەیشتووی - بۆ تۆ شیبکاتەوە.

☺ لە کاتی نووسینەوەی وەزیفەکانی قوتابخانەدا، دەرگای ژوورەکەت دابخە با بیربڵاو نەبیت و هیچ کەسێک سەعیکردنەکەت لێ تێکنەدات. مرۆڤ ناتوانێ پەموو بخاتە ناو گوێیەوە بەڵام ئەتوانێ خۆی لە دەنگەدەنگی ناو ماڵ دوور بخاتەوە. ئەگەر ئەم ئیشە بۆ تۆ بێسوود بوو داوا لە کەسێکی گەورەتر بکە بۆ ئەم مەبەستە یارمەتیت بدات. هەروەها سەیری بەشی "ناتوانم هزر و هۆشم بۆ وەزیفەکانی قوتابخانە کۆ بکەمەوە"ی ئەم کتێبە بکە. لەوانەیە بتووانی داوا لە کەسانیتر بکەی بهێڵن خەریکی سەعیکردن بی.

☺ئەزانی بە هیوای لە داهاتوودا ببی بە چی؟ تێکۆشان بۆ ئەوەی ببیتە فڕۆکەوان یان پزیشکی ئاژەڵ، زۆرتر ئەبێتە هۆی بزووتن و لەوە پاڵنەرترە کە تەنها بە هیوا بی نمرەی چاک بگری.

☺ پێش ئەوەی دەست بە سەعیکردن بکەی، مێزی نووسینەکەت پێکوپێک بکە. سەعیکردن و نووسین لە سەر کاغەزی پاک، بەو قەڵەمانەی چاک دادراون، زۆرتر مرۆڤ بۆ سەعیکردن و تێکۆشان ئەبزوێنێ!



یەکێک لە مامۆستاکان سووکایەتیی پێکردم.

دڵنیای؟ ئەگەر بەڕاستی وای کردبێ: ئیشەکەی ناڕەوایە و تەحەممول ناکرێ. کەس بۆی نییە سووکایەتیت پێبکات.

ئەگەر مامۆستا تەنها بە تۆی وتووە " بێدەنگ بە" کەچی کەسێکیتر قسەی کردووە، بێگومان مامۆستاکەت هەڵەی کردووە و نەیویستووە سووکایەتیت پێبکات. زۆر پەشبین مەبە. زۆر بە جیددی وریا و ئاگەداری کردوویتەوە بەڵام وریاکردنەوەیەک بووە بۆ وەبیرهێنانەوەی ئەرک و بەرپرسیارییەکەت.بێگومان زۆر خۆش نییە، بەڵام سووکایەتیکردنیش لە ئارادا نییە. مامۆستاکان بە گشتی



قوتابییەکانی خۆیانیان خۆش ئەوێ و بۆ ئازاردانی منداڵەکان ڕوویان لە پۆل نەکردووە، بەڵام ئەگەر هەستت بەوە کردووە کە مامۆستاکەت لە ئازاردانی تۆ لە ناو پۆلدا چێژ وەرئەگرێ، بۆ نموونە تاقیکردنەوەکەتی بە سووکایەتی پێکردنەوە هەڵگێڕاوەتەوە وتوویەتی وەکوو هەمیشە سفر، ئیتر زیدەڕۆیی کردووە و لە پۆلی خۆی-کە مامۆستایە نییە- دەرچووە. ئەم مرۆڤە باڵغ و عاقڵە ئاگای لە خۆی نییە و پێویست ناکات تۆ تەحەممولی دەرەنجامی کارەکەی ئەو بکەی.

ئێستا سەرەی تۆیە!

☺ پاش تەواو بوونی وانەکە بڕۆ بۆ لای و پێیبڵێ وریاکردنەوەکەی زۆر تووشی سەرسوڕمانی کردووی. هەندێ جار مامۆستاکان نازانن لەوانەیە هەندێ شتی ئازاردەریان وتبێ و بووبنە هۆی ئازاردانی کەسێک. لەوانەیە ماندوو یان تووڕە بووبێت. سەرەڕای ئەوەی ئەم بیانووانە نابنە هۆی پاساودانی ئیشەکەی بەڵام ئەگەر بە هەڵەکەی بزانێ و داوای لێبوردن بکات، خراپ نییە.

ئێستا سەرەی تۆیە!

☺ ناوێری قسەی لەگەڵدا بکەی؟ کە وابوو سەبارەت بەم شتە لەگەڵ نوێنەری پۆل، بەڕێوەبەری قوتابخانە یان باوک و دایکتدا بدوێ. ئەو مامۆستایە بە سووکایەتیکردن بە تۆ تووشی کارێکی خراپ بووە و پێویستە بەڕێوەبەری قوتابخانە_ وەکوو ئەو کاتەی قوتابییەک ئیشێکی خراپ ئەکات_لە شتەکە ئاگەدار بکرێتە

☺ئەگەر ڕەخنە لە ئیش یان ئاکارێکی تۆ بگیردرێ، بەڵام ناکرێ وەکوو کەسایەتییەک ڕەخنە لە خۆت بگیردرێ. خۆت لە ژیر ناوونیشتکە و لە قاپووڕێکدا دیل مەکە: تۆ هەموو ڕۆژێ ئەگۆڕدرێی، ئەگەر ئەمڕۆ هەڵەیەک بکەی، هەموو کاتێ ئەو هەڵەیە ناکەیتەوە.



که دایکم له کاتێکدا که له قوتابخانه دێمه دەر له ئامێزم نەگرێ، هەست به شەرمەزاری نەکەم!

ئای لەم دایک و باوکانه!

هەموویان له یەک ئەچن.

میهرەبانن و هەمیشه حەز ئەکەن منداڵەکانیان ماچ بکەن، بەڵام تۆ حەز ناکەی! ئیتر گەورە بوویت بەڵام ئەو نازانێ و هەست بەو شته ناکات.

ئێوارانی هەموو رۆژێ،لەو کاتەدا کە لە قوتابخانە دێیتە دەر، کاتێ کە دایکت لە دووڕەوە هاوار ئەکات "سەلام کەڕۆێشکە بچکۆلەکەی من!" و بۆ تۆند ماچکردنی تۆ دێتە پێش، هێندە هەست بە شەرمەزاری ئەکەی، کونەمشکت لێ ئەبێتە قەیسەری‌اتەنانەت بیرکردنەوە لەم دیمەنە پەشێوت ئەکات! زۆربەی دایکەکان زۆر بە دژواری ئەمە قبوول ئەکەن کە منداڵەکەیان ئیتر بەبە نییە. سەبارەت بە تۆیش هەر وایە. پێویستە تێبکۆشی ئاگەداری بکەیتەوە تاکوو بزانێ کە تۆ ئیتر کەڕۆێشکە بچکۆلەکەی ئەو نیت و لانی کەم نابێ لە بەردەم هاوپۆلەکان و قوتابییەکانی ناو قوتابخانەدا وات پێبڵێ. ئەگەر هێشتا هەست بە شەرم ئەکەی لە بەر ئەمەیە کە نەنۆیراوە پێی بڵێی حەز لە م ئاکارەی ناکەی. بەڵام ئەگەر سەبارەت بەم شتە قسەی لەگەڵدا نەکەی ئیتر چۆن بە هیوایت لە هەستی تۆ تێبگـــــــــات



ئێستا سەرەی تۆیە!

☺ بە میهرەبانی پێی بڵێ: دایە! من پێم ناخۆشە لە لای هاوپۆلەکانمدا ماچم بکەی. دایک زۆر هەستەوەرە و زوو دڵی ئەیەشێ، پێویستە ئاگات لێی بێ. بۆ کەمکردنەوەی گۆشاری ئەم قسەیە، پێی بڵێ لە ماڵەوە هەر کاتێ حەزی کرد ئەتووانێ بتلاوێنێ. لە سەرەتادا کەمێک نارەحەت ئەبێ، بەڵام زۆر زوو دان بە گەورە بوونی تۆدا ئەنێ.

☺ لێی بپرسە بزانە ئەو کاتەی هاوتەمەنی ئێستای تۆ بوو، حەزی ئەکرد دایکی لە بەر چاوی هەمووانداماچی بکات... زۆر زوو لە مەبەستەکەت تێئەگات.



دایک و باوکم زۆر فرەزانن!لە خوێندندا زۆریش زیرەک نەبوون!

ئاوا! ئەوان نمرەی کارتەکانیان دەستکاری کردووە؟ واتە نمرەکانیان هێندە چاکیش نەبووە! زۆر چاکە، پێیان بڵێ لێیان نەبووری بەڵام چاکتر وابوو پاستییەکەیان پێبوتیتایە.

بەڵام تۆ چۆن زانیت؟ کارتەکانیانت دەست کەوت؟ یان دایکت شتەکەی ئاشکرا کرد! ئەم درۆیەی دایک و باوکت لەوانەیە لەبەر ئەوە بێ کە بە هۆی ئەوەوە کە چاک سەعییانەکردووە و نەیانخوێندووە هەست بە شەرمەزاری بکەن. لەوانەیە لەوە بترسن کە تۆ لەم شتە بە خراپی و بۆ سەعینەکردن کەڵک وەربگری.

هەندێ جار دایک و باوکەکان یادەوەرییەکی لاوازیان هەیە:

ئێستا کە گەورە بوون و لە ژیاندا سەرکەوتوون، لاوازییەکانی ڕابردووی خۆیان بە تەواوەتی لە بیر چۆتەوە. ئێستا مەبەست چییە؟ باوک و دایکیش خاڵی لاوازی خۆیانیان هەیە ... مرۆڤ ئەبێ لێبوردە بێ! ئەوان ئەڵێن حەز ئەکەن لەو شوێنەدا کە خۆیان سەرنەکەوتوون تۆ سەربکەوی. بۆ تۆ نیگەرانن و پێیان وایە بەم چەشنە ئەتوانن بۆت ببنە نموونەیەکی چاک. هەرچونێک بێ دڵنیایان بکەرەوە و بڵێ لە بەر ئەوەی کە چاک سەعییان نەکردووە کەمتر لە جاران خۆشت ناوێن!!

ئێستا سەرەی تۆیە!

☺ مەیکە بە هات وهاوار و مەڵێ "بەم نمرانەوە کە هێناوتانە ئیتر قسەتان بڕواە و هیچ نەماوە بیڵێن." ئەگەر دایک و باوکت لە خوێندندا زیرەک بوون یان نەبوون، هیچ پێوەندییەکی بە سەعیکردنی تۆوە نییە. ئەگەر وا نەبێ واتاکەی ئەمەیە کە تۆ وەکوو منداڵە بچکۆلەکان، بۆ ڕکەبەری لەگەڵ ئەواندا سەعی ئەکەیت و خەریکی خوێندنی.

☺ ڕاشکاوانە باسی ئەم شتەیان لەگەڵدا بکە. سەرەڕای ئەمانەیش، زۆر چاکە و جێی سەرنجە کە ئەوان سەرەڕای ئەو هەموو گیروگرفتەی کە بوویانە، تووانیویانە لە ژیاندا

سەرکەوتن بە دەست بهێنن. ئەمە ئەو شتە ئەسەلمێنێ کە هەمیشە ئەکرێ بە سەر گیروگرفتەکاندا زاڵ ببیت.نهێنکاری و شاردنەوە چ سوودێکی هەیە؟ چاکتر وایە ئەوان پێت بڵێن: "کوڕەکەم، من لە قوتابخانەدا قوتابییەکی چاک نەبووم" هەمیشە ڕاستی کاریگەرترە.

☺ ئەگەر دایک و باوکت دروشمەهەمیشەییەکانی دایک و باوکەکان پاتە ئەکەنەوە و ئەڵێن:"کاتێ من هاوتەمەنی تۆ بووم ئەمەم ئەکرد و ئەوەم ئەکرد..."بە وەبیرهێنانەوەی ئەمەی کە لەم سااڵنەی دواییدا جیهان زۆر گۆڕاوە، بە نیشاندانی گەشەی هزریی خۆت، تووشی سەرسورمانیان بکە.

☺هەندێ لە دایک و باوکەکان بانگەواز ئەکەن و ئەڵێن قوتابییەکی تەمبەڵ بوون، بەتایبەت ئەگەر لە ژیانی پرۆفیشناڵیاندا سەرکەوتنیان وە دەست هێنابێ. ئەوان ئەوانن، و تۆیش تۆیت: ناچار نیت لاساییان بکەیتەوە.



لە تاقیکردنەوەکان ئەترسم.

ئەمە ترسێکی خوت و خۆڕایی و هەوانتەیە!

پێویستە وەت بەرز بێت، ئەمە زۆر گرنگە.

ئایا ئەزانی دڵەڕاوکێی پێش تاقیکردنەوە نیشانەیەکی چاکە؟ یەکەم: چونکو ئەترسی سەرنەکەوی و لە هەمبەر خۆتدا هەست بە بەرپرسایەتی ئەکەی، ئێ چاکترا دووهەم: واتای ئەمەیە کە مێشکت هەستی بە مەترسییەکە کردووە و ئەزموونەکە مێشکتی خستۆتە



کار.تۆ بە بێ ئەم شەپۆلی دڵەڕاوکێیە قەت سەرناکەوی. بێگومان نابێ ترسی تۆ ئەوەندە زۆر بێت کە لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا، تاقیکردنەوەکەت نەدەیتە دەست چاودێرەکان!

لەوانەیە لە ڕادە بەدەر لە سەر خۆتی دڵوار بکەی. کە لە یەکەم پرسیاردا گیر ئەکەی، نائومێد ئەبی، لەو دیو ئەم نائومێدییەوە ترسی ئیکمالبوون و دەرنەچوون خۆی حەشار داوە. لە دوو شێوە بەدەر نییە: یان چاک سەعیت نەکردووە کە ئەگەر وابێ ترسەکەی تۆ هیچ سوودێکی نییە، چونکو پێویست بوو پێشتر بیرت لە وەزعی خۆت بکردایەتەوە. یان سەعیت کردووە، بەڵام پێویستە ئەمە قبوڵ بکەیت و دانی پێدا بنێی کە هەموو شتێکت ئەوەندە بە چاکی کونترۆڵ نەکردووە کە لە کاتی تاقیکردنەوەکەدا گیر نەخۆی! سەرەڕای ئەمانە تا ئەتوانی تێبکۆشە، لەوانەیە نمرەی ۹۰ نەهێنی بەڵام بێگومان ٥٥ دێنی، بەڵام ئەگەر دڵسارد ببیتەوە سفرێکی گەورە چاوەڕوانتە!

ئێستا سەرەی تۆیە!

☺ سەرەڕای ئەوەی دوێنی شەو وەڵامی پرسیارەکەت لەبەر بوو سەرت لە پرسیارەکە دەرناکەی؟ ئەمە پێی ئەڵێن: جامبوونی مێشک! تۆ هێندە دڵەڕاوکێت هەیە کە هەموو زانیارییەکانت بووەتە تۆزی دەم با، لە جیاتی ئەوەی تێبکۆشی تێکڕای وانەکە لە مێشکتدا بە سەر بکەیتەوە، سەیری وشەیەک یان ڕستەیەک لە گریمانەی پرسیارەکە بکە و تێبکۆشە بزانی ئەم وشەیە چیت بیر ئەخاتەوە و چونکو وەڵامەکە ئەزانی، دڵنیابە مەکینەی مێشکت لە شوێنێکەوە دەستپێئەکات. بەتایبەت لە مێشکتدا خۆت لە پاتەکردنەوەی ئەمەی کە «هیچ شتێکم بیر ناکەوێتەوە» بپارێزە! کەمێک ئۆقرە بگرە، پرسیارەکە دوو یان چەند جار بخوێنەرەوە، دڵنیابە وەڵامەکەیت بیر ئەکەوێتەوە.

☺ ئەگەر ناتوانی یەک لە دوای یەک، وەڵامی پرسیارەکان بدەیتەوە، لەو پرسیارەوە کە ئاسانترە دەستپێبکە. ئەم شێوەیە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانیتر - متمانە و باوەڕت پێئەبەخشێ.

☺ ڕێکوڕاست لە سەر کورسییەکەدا پاڵ بدەرەوە، بنی پێت بخە سەر زەوی و هەناسەیەکی قووڵ هەڵکێشە. کە واتکرد جەستەت هەندێ وزە دەرئەکاتە دەر. ئەمە زۆر لەوە چاکترە کە لە سەر لاو لارو لەوێژ، بە وەزعێکی نا هاوسەنگ و قورگ و دەمی قونجاوەوە دابنیشی. بێگومان ئەم ئامۆژگارییە کاتێ بایەخی هەیە کە چاک وانەکانت فێر بووبی. ئەگەر چاک فێر نەبووبی ئەتووانی بە هەر شێوەیەک حەز بکەی دانیشی و بە هەر شێوەیەک حەزت کرد هەناسە بدەی. چونکو هیچ شتێک ناگۆڕدرێ.

☺ *پێ ئامادە بوون لە تاقیکردنەوەکاندا*، وەکوو وەرزشکارەکان بکە. ئەوان، پێش ئەوەی بچنە گۆڕەپانی کێبەرکێوە، لە مێشکیاندا ڕەوتی کێبەرکێکە دەور ئەکەنەو، تۆپش شەوی پێش ئەزموونەکە، دیمەنی ئەزموونەکە لە مێشکدا چێبکە، ئەگەر بتووانی بەرگەی ئەزموونەکەی سبەینێ بهێنیتە پێش چاوت، بابەتی وانەکەت چاکتر لە بیر ئەمێنێ.

☺ بابەتی سەرەکی و گرنگ و ئەو شتانەی کە پێویستە بیانزانی، کورت بکەرەوە، با چاکتر لەبیرتدا بمێننەوە.

☺ شەوی پێش تاقیکردنەوە چاک بنوو ... بەتایبەت کەمێک پێش ئەوەی بڕۆی بۆ تاقیکردنەوە وانەکانت دەورمەکەرەوە، ئیتر درەنگە و ئەمە سوودێکی نییە ئەتۆ دڵەڕاوکێکانت زۆرتر ئەکات.

☺ ئەگەر بە ڕاستی هیچ ڕێگاچارەیەکی دیکەت نییە و هێندە ئەترسی ئەتەوێ وەرەقەی تاقیکردنەوەکەت بە سپێتی و بە بێ وەڵامدانەوە جێبهێڵی، پێویستە سەبارەت بەم شتە لەگەڵ دوکتورێکدا بدوێی. ئەو بۆ ئەوەی بزانی بۆچی ئەوەندە دڵەڕاوکێتە و لە هۆکەی تێبگەی، یارمەتیت ئەدات.



حەز ناکەم دایک و باوکم بڕۆن بۆ لای مامۆستاکانم.

بۆچی لەم هەڵدیتن و چاوپێکەوتنە نارەحەتی؟

ئیشێکی خراپت کردووە، تووشی هەڵەیەکی گەورە بووی یان هەر بە گشتی حەزت لەم ئیش و کارە نییە؟

ئەگەر گوێنییەک نمرەی خراپت هێناوە یان لە پۆل و وانەی هەموو مامۆستاکاندا گۆبەندنت ناوەتەوە، دیارە ئەم هەڵدیتنەت بە لاوە ناخۆشە، چونکو کاتێ گەڕایتەوە مالّی خۆتان، تانە و لێدان چاوەڕوانتە. هیچ کەسێک بۆ تۆ هیچی پێناکرێ. پێرست و لیستی ئیشەکانی هەموو کەسێک لە بەر دەستدایە، پێرستی کاری دایک و باوکت لە نوسینگەکەیاندا و لیست و پێرستی ئیش و کاری

مامۆستاکان، ئەو کاتەی چاودێری و لێبرسینە وە دێتە ئاراوە. هیچ شتێک لە ئارادا نییە کە بە هۆی ئەو شتەوە سەرکۆنەت بکەن؟ کە وابوو تەنها حەز ناکەی لە پاشەملەت قسەیەک بکرێت. ئێ مافی خۆتە. ئیشێکی زۆر خراپە. لەوانەیە پڕۆژێ لە پڕۆژان ورتەورتێکی ناخۆشت لەم چاوپێکەوتنە بەر گوێ کەوتبێ و هەستت کردبێ هەرگیز سەبارەت بە تۆ شتی چاک ناوترێ. بەڵام چۆن ئەکرێ ئەم شتە بزانرێ؟

لێستا سەرەی تۆزیە!

☺ تکا لە دایک و باوکت باپێکەوە بڕۆن بۆ لای مامۆستاکەت. لێستا ئیتر بە پاڕەی پێویست گەورە بووید و بەتایبەت بابەتی سەرەکیی وتوویژەکە سەبارەت بە تۆزیە و ئیتر تۆ کەمتر هەست بە پەرۆشی ئەکەی. ئەتوانی بەڵێن بدەی لە داهاتوودا چاکتر سەعی بکەی یان ئەگەر لەگەڵ ئەو شتانەدا کە ئەوان ئەیڵێن هاوڕا نیت، بەرەنگاری لە خۆت بکەی.

☺ پێتوانەبێ هەمیشە ئەیانەوێ باسی خراپەکانی تۆ بکەن. دایک و باوکت بۆ زیاتر ناسینی تۆ سەردانی مامۆستاکان ئەکەن. باوک و دایکت کە تۆ بە چەشنێکیتر ئەناسن ئەتوانن بەرەنگاریت لێبکەن (تەنانەت هەندێ جار ئیش و ڕەوتەکە پێچەوانە ئەبێتەوە واتە مامۆستاکان پارێزگاریت لێئەکەن!) زۆر کات پاش ئەم چاوپێکەوتنانە بارودۆخەکە چاکتر ئەبێت، چونکو باڕێک لە سەر شانت لا ئەبرێ و مامۆستاکانیش زۆرتر ئاگایان لێت ئەبێت.

☺قوتابخانە جێگایەکە کە تۆ شتی زۆری تێدا فێر ئەبیت بەڵام لە هەمان کاتیشدا جێگایەکە کە سەردەمی منداڵیی خۆتی تێدا ئەبەیتە سەر. دایک و باوکت ئاگایان لە هەموو شتەکان نییە و بەم شێوەیەیش چاکترە. ئەگەر ئەوان لە ناوەختدا بە بێ هۆیەکی دیار، سەر لە مامۆستاکانت ئەدەن ئەمە زێدەڕۆییە. بیریان بخەرەوە کە قوتابخانە هەرێمی تۆیە!



هەموومان تەنێ ئەکرێین‌ڵدوودڵم: بڵێم کێ تاونبارە یان نەڵێم؟

بۆت هەیە دووڵ بی، چونکو ئەگەر باسی هاوپۆڵەکەت بکەیت ناوی ببەی، لە هەمبەر خۆتدا هەست بە شەرمەزاوی ئەکەیت و لەوانەیە بە شۆفارت بزانن و هەندێ گیروگرفت یەخەت بگرێ.

هەر بە ڕاست چی قەوماوە؟ کەسێک بە سەر تەختەڕەشەکەوە نووسیوە: "فلان قوتابی کەرە" کەسێک بە دزییەوە سەیری دەفتەری نمرەکانی مامۆستای کردووە؟ ئێ خۆ ئەمانە زۆر گرنگ نین: لەوانەیە هەموتان بە نووسینەوەی سەد دێر لە کتێبەکەتان سزا بدرێن. کە

وابوو کارەساتێک نەقەوماوە! بەڵام کەشف و ئاشکرا کردنی کەسانیتر زۆر ناشیرینە. لە ڕاستیدا تۆ لە سەر دووڕێیانێکدای: دڵخواز و خۆشەویستی بەڕێوەبەرانی قوتابخانە بیت چاکە یان خۆشەویستی هاوپۆلەکانت؟ ئەگەر شۆفاری بکەیت، هاوپۆلەکانت لە ناو خۆیاندا دەرت ئەکەن و گەورەکانیش ئیشەکەت زۆر پەسەند ناکەن، چونکو ئەوانیش زۆر حەز لەم چەشنە هاوکارییانە ناکەن.



ئێستا سەرەی تۆیە!

☺ پشت لە هاوپۆلەکانت مەکە. پاش چەند ساڵ، ئەم "تەمێکرانی بە کۆمەڵ"ە، بۆ تۆ ئەبێتە بیرەوورییەکی خۆش و هۆی پابواردن!

☺ لەوانەیە بتووانی پازیی بکەی خۆی بە دەستەوە بدات، بەڵام بەو مەرجەی دڵنیابی ئەو تاوانبارە. دەرەنجامەکەی هیچ گەرەنتییەکی لەگەڵدا نییە! بەڵام خراپیش نییە.

☺ سەرنج بدە! ئەگەر باس لە سەر هەڵەیەکی گەورە، شلکوتکردن و باج و بەرتیل سەندنە، ئیتر شۆفاری نییە، بەڵکو شایەتیدانێکی بوێرانەیە. لەو کاتەدا و سەبارەت بەو شتە نابێ بێدەنگ بیت. هەڵەیەکی بچکۆلە و گوناە، بە جودا و جیاواز بزانە. ئەگەر دووداڵیت سەبارەت بەو شتە، پرس بە برای گەورەتر یان هەر کەسێکیتر _ کە متمانەی پێئەکەی، بکە.


زەندگی چاک
یاسای زیرین
بەردەستەوەدان و کەشفکردنی هاوپۆلەکانت، نوت سووک
و بی ریز ئەکەیت و بە شایەتیدانێک شانازیت دەست ئەکەوێ

هەندێ لە منداڵەکان ئازارم ئەدەن.

لە کاتی پشوودا، حەوشی قوتابخانە لە جەنگەڵ و دارستان ئەچێ، ئەگەر وەکوو کچەکەی دوکتۆرە ناسکە بیت، هەمووان هێرش ئەکەنە سەرت. حکوومەتی شەیتان و ستەمە. مەهێڵە خراپ هەڵسوکەوتت لەگەڵدا بکەن.

بە داخەوە قوتابخانەیەک دەست ناکەوێ کە دەستەو گرووپو تاقمی تێدا نەبێ. ئاخۆ دەستەو گرووپ چین؟ مەبەست لە دەستەو گرووپ ئەو منداڵانەن کە شوێنەکەوتووی یاسایەکن و وەکو یەک بیر

ئەکەنەوە. ئەگەر لەگەڵ ئەواندا نەبی، ئەخرێیتە لاوە.ئەوان چونکو خۆیان بە لاواز ئەزانن، بۆ بەهێز کردنی خۆیان کۆ ئەبنەوە. بەم چەشنە هێزی هەر کام لە ئەندامانی ئەم گرووپانە چەند بەرانبەر ئەبێتەوە. ئەگەر تەنها بن هیچیان لە دەست نایە بەڵام ئەگەر ببنە گرووپێک، بە سەر قوتابخانەدا زاڵ ئەبن. لەوانەیە تۆ بەڕواڵەت لەوان گەورەتر دیار بی. ئەگەر بە پێویستی نازانی بۆ ئەوەی هەست بە دەستەڵات و هێز بکەی، گوێڕایەڵی ئەمرەکانیان بیت و پێتوایە گەوجانەیە ئەگەر بە زۆر بیروڕای خۆت بە سەر کەسانی تردا بسەپێنی، بۆچوونەکەت ڕاستە. بەڵام لەوانەیە خۆت لە کەسانیتر گەورەتر بزانیت و بەم چەشنە تووڕەیان بکەی. سەیری بەشی "پێم ئەڵێن ڕۆشنبیر"ی ئەم کتێبە بکە. هەرچۆنێک بێت زۆر دژوارە بتووانی لەگەڵ کۆمەڵ و گرووپێکدا - کە خەریکی شەرکردن و گیروگرفت ساز کردنن - ڕووبەڕوو ببیتەوە.

ئێستا سەرەی تۆیە!

☺ دۆزینەوەی ڕێگایەک بۆ هەڵسوکەوتکردنێکی شیاو، ئیشێکی ئاسان. تۆ یان لە کۆمەڵ و گرووپ ڕائەکەیت و ئەبیتە هۆی ئەوەی هێرش بکەنە سەرت یان لە بەرانبەریاندا ئەوەستی و شەق ئەخۆی! *بەڵام چاکترین*

ڕێگا ئەمەیە کە تەنها نەکەوی و بۆ ئەوەی بتووانی لە بەرانبەر دەستە و گرووپدا بوەستی، یەک-_دوو هاوڕێ و هاوپەیمان پەیدا بکەی.

☺ئەگەر دەستەو گرووپەکە زۆریان هێناوە، بە بێ ئەوەی ساتێک گومان بکەی، گەورەکان ئاگەدار بکەرەوە. پێویست ناکا تۆ تەحەمولی شەڕاشۆیی وئاژاوەکانی ئەوان بکەیت و بێدەنگ بیت، تۆ بەرپرسی ئاژاوە و گەوجێتییەکانی کەسانی تر نیت.

☺ بە شێوەیەکی گشتی گرووپ حەز ئەکات یەکە_ یەکە هەموو قوتابییەکان ئازار بدات. ڕاستییەکان ببینە و ڕاستگۆ بە: کاتێ یەکێک لە هاوڕێلەکانت ئازار درا، خۆت گێل مەکە و مەڵێ هیچم نەدیوە



له بەر نەتەوە و رەگەزمکەم، سووکایەتیم پێنەکەن!

ئەو کەسانەی وا ئەکەن مرۆڤگەلێکی نەزانن. ئەمە سووکایەتیکردنێکی گەوجانەیە. مەهێڵە ئەم وتە ئازاوە چییانە و گەوجانەیە، پەشێوو پەرۆشت بکەن.

تاراندن و دوور خستەنەوەی کۆمەڵێک یان کەسێک بە هۆی رەنگی پێست، چین و تۆێژی کۆمەڵایەتی، ئایین، زارەوە یان ئیشی دایک و باوک، ئیشێکی ئاسانە. ئەم بیرکردنەوەیەیە کە ئەبێتە هۆی شەڕ و توندوتێژی و رەگەز پەرستی.

هیچ کەسێک لەمەدا کە چ کولتوور، نەریت و بنەماڵەیەکی هەیە یان لە کوێ و لە کام کولتووردا لە دایک بووە بەرپرسیار نییە، با هەندێ لە گەورەکانیش بیروڕایەکی لەم چەشنەیان نەبێت. تەنها مرۆڤە نەزانەکان پێیانوایە شوێنی لەدایکبوونیان ئەو مافەیان ئەداتێ کە سووکایەتی بە کەسانیتر بکەن. ئەوەی ڕاستی بێ، ئەوان، خۆیان مرۆڤگەلێکی سووک و بێبایەخن. بەڵام هەرچۆنێک بێت ئێستا تۆ لەگەڵ گەوجێتییەکانی ئەواندا تەبا نیت و بێگومان ڕێگایەکی دژوارت لە پێشە. کەڵکەڵەی شتی زۆرت لە سەردایە و ناچاری زۆرتر لە کەسانیتر بیر بکەیتەوە. بەڵام ئەگەر بە ڕەسەنایەتی خۆت قایل بیت ئەبێتە خاوەن کاسایەتییەکی زۆر شیاوتر. ئەم شتە لە بیر نەکەی! هەندێ لە منداڵەکان لەبەر بارودۆخی جەستەیی یان کەمئەندامی سووکایەتییەتییان پێئەکرێ (سەبارەت بەم شتە سەیری بەشی "چونکو کەمێک قەڵەوم گاڵتەم پێئەکەن"ی ئەم کتێبە بکە) هەموو کاتێ، بۆ تاراندنی سانیتر، بیانووی چاک پەیدا ئەبێ

ئێستا سەرەی تۆیە!

☺ سەبارەت بە بنەماڵە، وڵات، مێژوو، زمان و نەریتی خۆت لێکۆڵینەوە بکە، بێگومان شتی ئەرێنیت دەست ئەکەوێ و ئەمە زۆر چاکە. تۆ ئێستا خاوەنی دوو کولتوری، کە وابوو لەو کەسانە کە تەنها کولتورێکیان هەیە، بلیمەتتری.

☺ ئەو شتەی بە هۆکاری سەفەر شۆڕیی ئەژمێری بکە بە هۆکارێک بۆ سەربەرزی. شانۆنامەیەک یان چیرۆکێک سەبارەت بە گەلەکەت بنووسە. مۆسیقای خۆماڵیی وڵاتەکەت فێر ببە.

☺ داوا لە مامۆستاکانت بکە. سەبارەت بە شێوەی ئیش و کار و ژیانی گەلان کونفرانسێک ساز بدەن و ئەو منداڵانە کە لەم بوارەدا ناشارەزان، ئاگەدار بکەنەوە.



چونکو کەمێک قەڵەوم گاڵتەم پێنەکەن.

دڵنیابە ئەگەر «تر» و «فسک» بوویتایە یان ناوت کەمێک سەیر بووایە یان «گوێ»کانت کەمێک گەورە بوونایە، دیسان منداڵەکان بیانوویەکیان دەست ئەکەوت! لە پاستیدا تێکڕای خەڵک، پۆژێ لە پۆژان، گیرۆدەی ئەم گاڵتانە ئەبن!

بەست نییە؟ ئێمەیش لەگەڵ تۆدا هاوڕاین. مرۆڤ حەز ناکات پێی بڵێن "خرپن" یان "خیگە". ئەوەی پاستی بێ منداڵە هاوتەمەنەکانی تۆ حەز ناکەن لەگەڵ کەسانی دیکەدا جیاوزییان

هەبێ. چونکو کەسانی تر لەبەر ئەم جیاوازییە ئازاریان ئەدەن، تەنانەت ئەگەر جیاوازییەکەیش ئێجگار کەم بێت. بەم هیوایەوە کە ئەم گاڵتە پێکردنانە تا چەند ساڵێکیتر هێزێکی زۆرت پێئەدەن، هیوا و هەتوان بدە بەر خۆت. بۆ چی؟ چونکو تەریک بوون و دوورگرتن لە قوتابیانی ناو پۆل، دەرفەت و هەلێکت ئەداتێ وئەتووانی بیر لە شتی وا بکەیتەوە کە تاکو ئێستا قەت بیرت لێنەکردۆتەوە. شتێ ئەوتۆ کە ئەگەر بەرەنگاری شەپەنگێزیی قوتابیانی ناوْ پۆل نەبوویتایەتەوە، قەت شتی وات بە بیردا نەئەهات! لە هەمبەر پەنجان و تێکشکان و نائومێدیی کەسانیتردا هەستیار ئەبی. ئەو کەسانەی کە هەرگیز گاڵتەیان پێنەکراوە، لە زۆربەی کاتەکاندا مرۆڤگەلێکی بێبەزەیین، چونکو چێژ و تامی پەنجان و ئازاریان نەچێشتووە. بەڵام تۆ شارەزای ئەم ئیش و ئازارەی، کە وابوو ئەگەر چاوت بە یەکێک لە هاوپۆلەکانت کە لەوانیتر ناچێ کەوت، ئەم شتەت لە بیر نەچێ.

ئێستا سەرەی تۆیە!

☺ زۆر گوێ بەم گاڵتەپێکردنانە مەدە، ئەمە چاکترین ڕێگە و شێوازی نەهێشتی تانەو تەشەرو گاڵتەپێکردنە! خۆت لە وتنی قسەی سووک و پلاری ناشیرین بپارێزە. ئەگەر وا بنوێنی کە بەو شتانە ئیزعاج ئەبی ئەوان دیسان بەردەوام ئەبن، بەڵام ئەگەر خۆت تێک نەدەی، ماندوو ئەبن، چونکو مەبەستیان ئەوەیە تۆ لە ناو و لە بەرانبەر کەسانی تردا ئیزعاج بکەن.

☺ لە سووچێکدا دامەنیشە. بەدوای هاوڕێیەکدا بگەڕێ کە پشتیوانیت لێبکات.

☺ بێگومان کەمێ قەڵەوی. کە واتە وەرزش بکە. ئەوەندە لە بەردەم تەلەفزیۆندا دامەنیشە و نوقڵ و چەرەسیات مەخۆ ئەگەر سەبارەت بە زیادی کێش و قورساییت لەگەڵ دایک و باوکتدا بدوێی، بێگومان ئە تبەنە لای دوکتۆرێک کە بتووانێت یارمەتیت بدات.

☺ لە جیاتی ئەوەی تەنها لە بیری کەموکوڕییەکانتدابی، هەوڵبدە بایەخەکانت ببەیتە سەر و فراوانیان بکەی.



هەست بە شەرمەزاری ئەکەم کە ئەمانە دایک و باوکمن.

جێی داخە. چونکو ئەوان - کە تۆ لە خۆتیان دوور ئەکەیتەوە و بە هۆی بوونیانەوە هەست بە شەرمەزاری ئەکەی - بەشێکن لە بوونی تۆ. ئەزانی بۆ چی هەستێکی لەم چەشنەت هەیە؟

تا ماوەیەک لەمەو پێش لە خەیاڵی خۆتدا ئاواتت ئەخواست باوکت شا بووایە و دایکت شاژن. کاتێ بە دەست ئەوانەوە تووڕە ئەبووی لە دڵی خۆتدا ئەتووت ئەوان تۆیان دۆزیوەتەو، بەڵام هێندەی نەئەبرد "پاستی" بە سواری عەرەبانەیەک ،بە ئەسپێکی باڵدارەوە ئەمات بۆ لات. ئەمە خەون و خەیاڵی هەموو منداڵانە. هەموو منداڵەکان پێیانوایە باوکیان هەر بە پاستی شای شاکان و دایکیان کچی شای پەریپەکانە! ئەم خەیاڵە لە ساتە دژوارەکانی ژیاندا هێز و

هەتوانیان ئەداتێ. بەڵام تێکرای ئەمانە خەون و خەیاڵن و ڕاست نین. منداڵەکان بەرە - بەرە گەورە ئەبن و دایک و باوکیان بەو چەشنەی کە هەن و بەو تایبەتمەندییانە، بەو کەموکوڕییانە و بە نەبوونییەکانیانەوە قبووڵ ئەکەن. ئەگەر بەم چەشنە درێژە بە خەیاڵەکانت بدەیت و ئەوانت- کە لە ئاست و ڕادەی ئاواتەکانی تۆدا نین- قبووڵ نەبێت، داواکارییەکانت لەوان،تادێ زۆرتر ئەبێ و تۆ ئاگات لە مەترسییەکانی ئەم چەشنە بیرکرنەوەیەت نییە، چونکو قبووڵنەکردنی دایک و باوک چارەڕەشیی زۆری بە دواوەیە. لە ڕاستیدا،تۆ،دایک و باوکت بە ڕادەی پێویست بە شیاو نازانی و ئاوات ئەخوازی لە جیاتی منداڵێکیتر بوویتایە کە پێتوایە لە تۆ بەختەوەرترە. ئایا بە ڕاستی پێتوایە ئەگەر لە لای کەسانیتردا بوویتایە چاکتر بوو؟ زۆریش دڵنیامەبە! ئەو منداڵانەیش کە جلوبەرگی گران لەبەر ئەکەن و لە خانووە گەورەکانی خەیاڵەکانی تۆدا ئەژین، بە هۆی هەزار و یەک شتەوە کە تۆ لێیان بێئاگای، هەست بە شەرمەزاری ئەکەن کە دایک و باوکی وایان هەیە! ئەمە بەڵایەکە کە بە سەر هەموو منداڵە هاوتەمەنەکانی تۆدا دێ، چونکو ئەمە قۆناغێکە لە گەورە بوون. جیاوازی و نایەکسانییەکان هەموو کاتێ هەن و ئەمە نادادگەرانەیە. پێویستە دڕ بە نادادگەری خەبات

بکرێ بەڵام قەت ئەمە نابێتە هۆی ئەوەی مرۆڤ بە هۆی بوونی دایک و باوکیەوە هەست بە شەرمەزاری بکات.

ئێستا سەرە ی تۆیە!

☺ لەوانەیە لە تەنیشت دایک و باوکتدا هەست بە شەرمەزاری بکەی چونکو ئەوان خۆیان لە کەسانیتر بە کەمتر ئەزانن. بەڵام تۆ وەکوو هەمیشە ئەوانت خۆش بوێ و بەم چەشنە باوەڕ بە خۆ بوونیان پێببەخشە.

☺ وریابە! ڕوانینی کەسانی تر، هەندێ جار ئاوێنەیەکی ناڕێکە.

☺ زۆرتر بە دوای بینینی شیاوی و تواناکانی دایک و *باوکتدا بگەڕێ نەک بە دوای عەیبەکانیاندا.*



شتیان لە جانتای قوتابخانەکەم دزیوە.

ئایا تۆیش لەو منداڵانەیت کە کراسەکەت ون ئەکەیت و سێ رۆژ دواتر ئەیدۆزیتەوە؟

ئیتر جانتای قوتابخانەکەت- کە ئاگات لێی نییە -بە دەست تۆوە تاقەتی نەماوە و خاوەنەکەیی گۆڕیوە!

بێگومان گاڵتەمان کرد بەڵام پێتوانییە کەمێک کەمترخەم و سەرسەری بیت؟ وانییە؟ کە وابوو بێگومان لە قوتابخانەدا گرفتێک هاتۆتە پێش و پێویستە چارەسەر بکرێ.

ئەوەی پاستی بێ زۆر ناخۆشە کە شتەکانی مرۆڤ بدزن: شتێکیان لێ دزیوی، کەسێک دەفتەری بیروەریەکانتی-کە هاوپۆلەکانت لە ناویدا هەندێ شتیان بۆ نووسیبوێ خوێندۆتەوە، ئەو قەڵەم پەندانەی کە زۆر حەزت لێی بوو لە کیست چووە ... ڕێک وەکوو ئەوەی چووبنە ناو ژوورەکەتەوە و هەموو قوژبنەکانی گەڕابن!

ئێستا سەرەی تۆیە!

☺ بەم بیانووەوە کە هەموو کاتێ شتی وا ئەقەومێ، بێدەنگ مەبە. ئەم ئیشانە لە خۆوە نابڕێنەوە. تەنانەت ئەگەر پێتوایە کە بەرپرسانی قوتابخانە سەبارەت بەم شتە هیچیان پێناکرێ، هەر باسی شتەکەیان بۆ بکە، ئەوان ئەرکی سەر شانیانە لێکۆڵینەوە بکەن و شتەکانی تۆ بدۆزنەوە. خۆت پێشنیاری هەندێ ڕێگاچارەیان پێ بدە: نوێنەری پۆل ئەتوانێ ناو ڕەحلەکان بپشکنێ. تۆیش *ئەگەر ئەزانی لە کاتی پشووەکاندا دزیت لێکراوە، ئەتوانی جانتاکەت لەگەڵ خۆتدا لە پۆلەکە ببەیتە دەر.*

ئێستا سەرەی تۆیە!

☺ وریابە! ئەگەر بە کەرەستەو پێداویستیی گرانەوە – کە هەموو سەرنجەکان بەرەولای تۆ ڕائەکێشێ– بەرەو ئەملاو ئەولا ئەڕۆی تاڕادەیەکیش خۆت تاوان باری!



چاکترین هاوڕێم قسەم لەگەڵ ناکات.

ئاخۆ چی قەومابێ؟ بیر بکەرەوە: هیچت نەوتووە کە بووبێتە هۆی زویر بوونی هاوڕێکەت؟ ئایا هەڵسوکەوتی هاوڕێکەت لە پڕو لە خۆوە گۆڕاوە؟

زۆر دژوارە. بێگومان زۆر خەفەتباری. بەڵام بە ڕاستی لە خۆت دڵنیای؟ لەوانەیە حەزی کردبێ کاتی پشوو لەگەڵ هاوڕێکیتردا بێت و تۆ تەنیا کەوتووی. بەڵام ئەگەر چەند ڕۆژێک بە بێ هیچ تێبینی و ڕوونکردنەوەیەک بۆتە هاودەم و هاوڕێی

کەسانی تر، پێویستە بەم شتە قایل بی کە ئەو چاکترین هاوڕێی تۆ نەبووە! هەر چۆنێک بێ لە خۆوە دڵت بە هاوڕێیەتیی ئەو خۆش کردووە و زۆر گرنگە هۆکەی بدۆزیتەوە، لەوانەیە خەتای خۆت بووبێ و هەڵەیەکت کردبێ! مرۆڤ کاتێ کەسێکی خۆش ئەوێ و ئەیەوێ ببێتە هاوڕێی، حەز ناکات ئەو کەسە لەگەڵ کەسێکی دیکەدا - بێجگە خۆی- ببێتە هاوڕێ. حەز ئەکات هەموو ئیشەکانی لەگەڵ ئەودا بکات و هەموو ئیشەکانی وەکوو ئەو بێت. بەڵام مرۆڤەکان پێکەوە جیاوازن و شیرینی ژیانیش پێوەندیی بەم جیاوازییانەوە هەیە. لە سەرەتادا حەزمان لەم جیاوازییانەیە! بەڵام بەرە- بەرە حەز ئەکەین ئەویش وەکوو ئێمەی لێ بێت یان ئێمە وەکوو ئەومان لێ بێت و ئیتر ئیشەکان خراپ ئەبن و تێک ئەچن. کاتێ مرۆڤ تێئەکۆشێ رێک و پڕاوپڕلە کەسێک بچێ، بچووکتۆزین وردەکارییەکانیش بۆی گرنگ ئەبن، ئیتر مرۆڤ بچووکترین جیاوازییەکانیش تەحەمموڵ ناکات و کاتێ چاوەڕوانی لە ئاستێکی دیاریکراو زۆرتر بوو، ژیان بۆ لایەنی بەرانبەر ئەبێتە تاسێنەر، ئیتر حەز ناکەین دەرفەتی هەناسەدانی پێبدەین! ئیتر چونکو ناتوانێ تەحەمموڵ بکات ئەڕوات و ناگەڕێتەوە! شتێکی تر: ئایا خۆت قەت وات نەکردووە؟ ئایا قەت هاوڕێلێکت جێنەهێشتووە و بە بێ ئەوەی بیر لەوە بکەیتەوە کە هاوڕێلە پێشووکەت چەندە زوبر بووە،

هاوڕێکی دێکەت نەخستۆتە جێی؟ تەنها بەم هۆیەوە کە هاوڕێ تازەکەت مرۆڤێکی هەڵبژاردە و بەرچاوتر بووە؟ پاشان کاتێ لە حەوشەکەدا لە تەنیشت هاوڕێ تازەکەتدا پیاسە ئەکەی هەست بە لە خۆبایی بوون ئەکەی چونکو پێتوایە کەسانی تر بەخیلیت پێئەبەن؟ لەوکاتانەدا قەت بیرت لەوە کردۆتەوە کە هاوڕێ کۆنەکەت لە سەرکەوتنە نوێکەی تۆدا بەشدار و کاریگەر بووە؟ دەی ئێستا کە ئیشەکە پێچەوانە بۆتەوە، بۆچی بەلاتەوە خۆش نییە و خەریکی پێشخواردنەوەی؟!

ئێستا سەرەی تۆیە!

☺ یەکەم شت کە پێویستە بیکەی ئەمەیە کە بچی بۆ لای هاوڕێکەت، لێی بپرسی و بزانی بۆچی لێت زیز بووە.

☺ بەخیل مەبە! ڕێز لەو ساتانە بگرە کە هاوڕێکانت لە جیاتی ئەوەی لەگەڵ تۆدا بن، ئەیانەوێ ئیشێکی تر بکەن. خۆیشت هەندێ جار گوێ لە مۆسیقا بگرە یان لە هاوپۆلەکانیترت نزیک ببەرەوە. هەمووان جێیان ئەبێتەوە.

☺ خۆت لە چواچێوەی تەسکی پێوەندییەکی هاوڕێیەتیدا دیل مەکە، چونکو ئەگەر ئەم چوارچێوەیە بڕووخێ، هاوکات لەگەڵ ڕووخانی چوارچێوەکەدا، تۆیش ئەڕووخێی. لەو بارودۆخەدا ئەم مەترسییە لە ئارادایە کە تۆ بە تەنیا بمێنیتەوە.

☺ ئەو ئیتر حەز ناکات هاوڕێی تۆ بێ؟ هاوڕێیەتی لە هەموو کاتێکدا دوولایەنە، بە

داتئـــەگر ێ، ســـەرەڕای ئەمانـــەیش، ئـــەم ئیشـــە، ئەو ناگەڕێنێتەوە

☺ ئایـــا ئـــەو بـــەردەوام تـــۆ بـــۆ هاوڕێیـــەتی هەڵئـــــەبژێرێ، ئەتخاتـــــە لاوە و دیســـــانەوە هاوڕێیەتییەکـــــەی دەســـــتپێئەکاتەوە؟ لەوانەیـــــە بتـــووانی لـــە شـــوێنێکیتردا بـــۆ هاوڕێیـــەکی ڕاســـتەقینە بگـــەڕێی. هاوڕێیـــەک، کـــە فریـــوت نـــەدات ، نـــەتکات بـــە کەرەســـتەیەک بـــۆ فیـــز کـــردن و خۆگیفکردنیەوە.



من هاوڕێ و هەڤاڵێکم نییە.

قەت نەتبووە یان لە دونیێوە تەنیا کەوتووی؟ ئێ لەوانەیە ئەمساڵ کەسێک بدۆزیتەوە کە شیاوی هاوڕێیەتی تۆ بێت.

ئەگەر لە دۆزینەوەی هاوڕێدا بە پاستی گیروگرفتت هەیە، ئەگەر بە هۆی ئەم بابەتەوە زویری، بێگومان هۆکەی ئەمەیە کە شتێک لە دەرەوەی جەغزی ویستی تۆدا، لە ناو دەروونتدایە. شتێک کە کەسانیترت لێ دوور ئەخاتەوە یان لەوانەیە



پێتـــوابێ پێویســـتە هـــاوڕێ بـــۆ هاوڕێکـــەی، تـــا ئاســـتی مـــــەرگ و نـــــەمان، لـــــەخۆبوردوو بـــــێ، ئـــــەگینا هاوڕێیەتییەکـــــەی واتایـــــەکی نییـــــە. لەوانەیـــــە لـــــە ڕادەبـــەدەر چاوەڕوانیـــت هـــەبێ (ســـەبارەت بـــەم شـــتە ســـەیری بەشـــی" چـــاکترین هـــاوڕێم قســـەم لەگـــەڵ ناکـــات"ی ئـــەم کتێبـــە بکـــەرەوە.) لەونەیـــە پێتـــوابێ پێویســـتە هاوڕێیـــەتی " لـــە مـــەرگ و ژیـــان" دا بـــەردەوام بـــێ و ئەگـــەر وانـــەبێ هاوڕێیـــەتی نییـــە! یـــان لەوانەیـــە خـــۆت لـــە کەســـانیتر بـــە ســـەرتر بزانـــی و پێـــت وایـــە ئەوان لە واتای هاوڕێیەتی تێناگەن.

لەوانەیـە بـە پێچەوانـەی ئـەو شـتەوە کـە بیـری لێنەکەیتـەوە، ببیتـە هـۆی شـەرمەزاریبان. بـەڵام هـەر چۆنێـک بێـت پەشـێو و زوێـری، چونکـو چـاوت لێیـە و ئـەزانی ئـەوان پێواندییـەکی هاوڕێیـەتیی خۆشـیان پێکـەوە هەیـە و تـۆ نیتـە. پێویسـتە شـتێکت پـێ بڵێـین: بـۆ هـاوڕێ گـرتن پێویسـتە لەگـەڵ کەسانیتردا گەرم و گوڕ و بێ خەوش و فروفێڵ بیت و لە

خۆبووردووییـــت هـــەبێ. بێگومـــان دژوارە، چونکـــو مـــرۆڤ بـــە هەڵڕشـــتنی کەسـەر و داخـــی دڵ، تـــورت و ناســـک ئەبێتـــەوە! بـــەڵام ئەگـــەر لـــە وەزع و دۆخـــی بەرەنگایـــدا بمێنیتـــەوە دیســـانەوە تـــەنیا و تـــووش و گیـــرودە ئـــەبی. لـــە ڕاســـتیدائەمە کێبەرکێیـــە، ئەگـــەر لـــە ترســـی دۆراندنـــدا نەچیتـــە نـــاو گۆڕەپانـــەوە، قـــەت نـــادۆڕێی، بـــەڵام هـــەرگیز نایشـــیبەیتەوە! لەوانەیـــە دایـــک و باوکیشـــت تـــەنها حـــەز بکـــەن لەگـــەڵ خزمانـــدا هـــاتوچۆ بکـــەن. ئەگـــەر وابـــێ تـــۆ گـــەلێ کچـــە مـــام، کـــوڕە مـــام، کچـــە پـــوور، کـــوڕە خـــاڵ و...ت هەیـــە. لەوانەیـــە بێجگـــە خزمـــان هـــاوڕێی تریشـــت هـــەبێ بـــەڵام هـــاوڕێی هـــاوپۆل تام و چێژێکی تری هەیە.

ئێستا سەرەی تۆیە!

☺ ئایـــا کۆتـــایی ناخۆشـــی ڕووداوێـــک کـــە هاوڕێکـــەت تێیـــدا تاوانبـــار بـــووە زویـــری کردووبـــت و لێـــی دڵسـارد بوویتـــەوە؟ ئـــەم شـــتانە بـــۆ هـــەموو کەســـێک دێتـــە پـــێش، تەنانـــەت بـــۆ گـــەورەکانیش. بـــەڵام گرفـــت و هەڵـــەی تـــۆ لەمەدایـــە کـــە نـــەتها بـ ٦٨، کەست کردووە بە هاوڕێی خۆت و لە کێسچوونی

ئەوت زۆر بەلاوە دژوارە! بەڵام ئەمە نابێ ببێتە هۆی ئەوەی تۆ هێز و هەتوانت نەمێنێ!

☺ تەنها خەریکی کۆمپیۆتەرەکەت مەبە و باوەشی پێدا مەکە. لەیانەی وەرزشی یان هونەریدا خۆت ناونووس بکە.

☺ هۆگری کەسانی تر بە، گوێ لە قسەکانیان بگرە. بەرە_ بەرە ڕادێی لە سەرانسەری تەمەنتدا وا بیت... لەگەڵ هاوڕێکانتدا!

☺ بەردەوام خەریکی خەیاڵات و چیرۆک دروست کردن مەبە، ئەگەر ئەمساڵ هاوڕێت نییە، بێگومان ساڵێکی دیکە هاوڕێت ئەبێ. ئەگەر لەگەڵ کەسانیتردا خۆت بگونجێنی، هیچ ناقەومێ!

☺ بەردەوام خەریکی خەیاڵات و چیرۆک دروست کردن مەبە، ئەگەر ئەمساڵ هاوڕێت نییە، بێگومان ساڵێکی دیکە هاوڕێت ئەبێ. ئەگەر لەگەڵ کەسانی تردا خۆت بگونجێنی، هیچ ناقەومێ.



یاسای زێرین

هەرۆڤ، هەندێ جار تەنیا ئەگەوێ. ئەم تەنیایییە، هەل و دەرفەتێ چاک تر ئەرەخسێنێ.

هاوڕێکەم، لە هەموو شتێکدا لە من چاکترە.

بەڕاستی سەیرە!بێگومان هەندێ بواری وا هەیە تۆ ئەتوانی لەو بوارانەدا لە هاوڕێکەت چاکتر بی، بەڵام خۆت ئەو بوارانە بەدی ناکەی! کەمێکیش ئاوڕ لە خۆت بدەرەوە، نەک تەنها لە هاوڕێکەت!

بێگومان زۆر پەسنی ئەو هاوڕێیەت ئەکەی، ئەو بە شۆخ و شەنگ، وریا و لە بواری هونەردا، بە کەسێکی بەتوانای ئەزانی: پیرستی دوور و درێژی توانا لە ئەژمار نەهاتووەکانی ئەو، پێوەندی بە ئێمەوە نییە! بەڵام خۆیشت باوەڕ بەم شتانە مەکە. هیچ کەس لە دنیادا نییە کە تێکڕای ئەم تواناییانەی هەبێ.

چاک سەیر بکە، بێگومان هەندێ بواری وا هەیە کە تۆ لەو بوارانەدا توانات لەو زۆرتر ە. وا نییە؟ هۆکەی ئەمەیە کە تۆ ئەوت ناوەتە سەر تاقێک و ئەتەوێ وەکوو پاڵەوانێک پەسنی بکەیت و شیعری پێدا بڵێی. ج پێویستییەکت بەوە هەیە، کەسێک کە لە خۆت چاکترە بخەیتە سەر سەرت و شیعر بە باڵایدا بڵێی؟ ئەگەر بە پاستی پێت وایە لەو کەمتری، ئیتر پەنجە پڕی! واتاکەی ئەمەیە کە خۆت بە مرۆڤێکی تەوەزەل و بێکەڵک ئەزانی (سەبارەت بەم شتە سەیری بەشی "من بایەخێکم نییە" ی ئەم کتێبە بکە.) خۆمانین، تۆیش پات وایە؟ لەوانەیە هاوپێکەت داوای لێکردبی گۆرانی بە باڵایدا بڵێیت و ئەگەر وانەکەی واز لە هاوپێیەتی و پوانینە پر لە پەسن و پیاهەڵگوتنەکانی تۆ دێنێ. کە وابوو تۆ بە بێ ئەوەی ئاگات لە خۆت بێ بەرەو کەسانێک ئەڕۆی کە پێویستیان پێتە و بە هیوایت پشتیوانییان لێبکەی. ئایا پێویستە بۆ پاراستنی هاوپێیەتی ئەم هەموو ئەرکە بخەیتە سەر شانت؟ بەڕاستی ئەرکێکی گرانە. وایە؟

ئێستا سەرەی تۆیە!

☺ پێش ئەوەی بیر لەوە بکەیتەوە و ورد ببیتەوە بۆ ئەوەی بزانی کەسانی تر چ توانایەکیان هەیە، بزانە خۆت چ تواناییەکەلێکت هەیە. دڵنیا بە تووشی سەرسوڕمان ئەبی.

☺ لەوە ئەترسی ئەگەر گۆرانی بە باڵایدا نەڵێی وازت لێ بهێنێ و ببێتە هاوڕێی کەسێکی تر؟ لێیگەڕێ با بڕوات. ئەو شیاوی هاوڕێیەتی تۆ نییە. بۆ هێشتنەوەی هاوڕێ و بەردەوام کردنی هاوڕێیەتی، بێجگە گۆرانی بە باڵادا وتن و پەسن کردن ڕێگای تریش هەیە.

☺ ئەگەر هەموو کاتێ بە دەوری هاوڕێکەتدا خەریکی ماستاو کردن نەبی، هاوڕێیەتییەکی لەبارتر و پتەوترتان ئەبێ، هەوڵی خۆت بدە، خۆ هیچت لە کیس ناچێ...

☺ ئایا ئەمە سەرەتای بیانوو هێنانەوە نییە بۆ ئەوەی خۆت لەو شتانەی کە حەزت لێیان نییە بدزیتەوە؟دەی بیرێکی لێبکەرەوە



هاوڕێکەم هەموو کاتێ ئەمرم پێنەکات...

ئەگەر وا ئەڵێی لەبەر ئەمەیە کە زۆر زۆرت بۆ هاتووە....

ئەمە خۆی پێشکەوتنە!

لە جیهانی هاوڕێیەتیدا، ئەگەر هەموو کاتێ کەسێک ئەمر بکات، نیشانەی ئەمەیە کە هەڵەیەک و شتێکی نائاسایی لە ئارادایە. لەوانەیە تۆ ڕاهاتبی گوێڕایەڵی بۆ گەورە یان خوشکی گەورەی خۆت بی. لەوانەیە هاوڕێکەیشت وتبێتی: "ئەگەر گوێڕایەڵی من نەبیت ئیتر هاوڕێی تۆ نیم". ئەمە ئیتر باج گرتنە. واتای شاراوەی قسەکەی ئەو ئەمەیە کە بەڵایەوە گرنگ نییەهاوڕێی ئەو ی یان هاوڕێی نەبی... کە وابوو هەڵە و بارە نائاساییەکە لەمەدایە. دەی ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان پێی بڵێی هاوڕییەتیی ئێمە تەواو بووە و بڕاوەتەوە پێتوایە کامتان بە شێوەیەکی سەیر تووشی سەرسوڕمان ئەبێ؟



نیستا سەرەی تۆیە!

☺ ئەمرت بە سەردا ئەکات؟ بەگوێی مەکە. بۆت هەیە بەگوێی نەکەی، خۆ تاوان نییە. ئەگەر هۆگری تۆ بێت، زوو پەشیمان ئەبێتەوە و هەڵسوکەوتی ئەگۆڕێ.

☺ قسە لەگەڵ هاوڕێکەتدا بکە، پێی بڵێ ئەمر کردنەکانی بێزاری کردووی، لەوانەیە خۆیشی ئاگای لە هەڵسوکەوتی خۆی نەبێ.



دایک و باوکم، بەردەوام ڕەخنە لە مامۆستاکانم ئەگرن

ئایا دایک و باوکت ڕەخنە لە هەموو مامۆستاکانت ئەگرن؟ ئەمە ئەبێتە هۆی پەژارە، چونکو تۆ ڕۆژانت لە قوتابخانەدا ئەبەیتە سەر، نەک ئەوان.

هەر بە ڕاست چ ڕەخنەیەک لە مامۆستاکانت ئەگرن؟ حەز ئەکەن بە شێوەیەکی تر وانەکانت پێبڵێن؟ بەڵام تۆ لەگەڵ مامۆستاکانتدا پێوەندیت هەیە، نەک دایک و باوکت. قوتابخانە وایە، قوتابییەکان مامۆستای جیاوازیان هەیە و پێویستە خۆیان لەگەڵیاندا بگونجێنن! تەنانەت ئەگەر ئیش و کاریشیان عەیب و خەوشی هەبێ. هەر چۆنێک بێ نابێ قەت خۆت بە دژی قوتابخانە نیشان بدەی چونکو خۆت تووشی زیان نەبی. هەندێ لە دایک و باوکان وا ئەنوێنن

کـــه چـــاکتر لـــه مامۆســـتاکان هـــەموو شـــتەکان ئـــەزانن و مامۆســـتاکان ئـــەم شـــتەیان پێناخۆشـــە. هـــەر وەهـــا کـــاتێ مامۆســـتاکان وانـــەی بارهێنـــان بـــە دایـــک و باوکـــەکان ئەڵێنـــەوە، دایـــک و باوکـــەکان لـــەم شـــتە زوێـــر ئـــەبن و ئەمـــە شـــتێکی ئاشـــکرایە. لـــەم نێوانـــەدا ئـــەو شـــتەی کـــە ئەبێتـــە هـــۆی پـــەژارە ئەوەیـــە کـــە لەوانـــەیـــە تـــۆ پێـــت وابـــێ پێویســـتە بێـــدەنگ بیـــت و هـــیچ نـــەڵێی. جێـــی داخـــە، چونکـــو ئەمـــە ڕێگـــە چارەیـــەکی دروســـت نییـــە. ئـــەرێ کـــاتێ ســـەرۆکی دایەرەکـــەی باوکـــت ئـــەگۆڕدرێ و ســـەرۆکی نـــوێ حـــەزی لـــە ســـێرەی باوکـــت نییـــە، باوکـــت دەســـت لـــە کارەکـــەی ئەکێشـــێتەوە؟ لـــە قوتابخانەیشـــدا وایـــە، تـــۆ بـــۆت نییـــە هـــەڵببژێری: مامۆســـتاکەی تـــۆ، هـــەر کەســـێک بێـــت و هـــەر چۆنێـــک بێت،پێویســـتە لەگەڵیـــدا هەڵبکـــەیت و بگـــونجێی. لـــە هـــەمان کاتیشـــدا ئـــەگونجێ ڕەخنـــەکانی دایـــک و باوکـــت بـــەجێ بـــن. ئەگـــەر وابـــێ دایـــک و بـــاوکی هاوپۆلەکانیشـــت نـــاڕازی ئـــەبن. لـــەو کاتـــەدا پێویســـتە ئـــەوان ســـەردانی ســـەرۆک یـــان بەڕێوەبـــەریِ قوتابخانـــە بکـــەن و گیروگرفتەکە چارەسەر بکەن.

ئێستا سەرەی تۆیە!

☺ هەڵسوکەوت و ئاکاری دایک و باوکت ئەتخاتە سەر دوو ڕێیانێک: ڕێگای قوتابخانە و ڕێگای دایک و باوکت. ئەم بابەتە زۆر پەشێوت ئەکات، چونکو پێتوایە ە نێوان دوو کورسیدا دانیشتوویت و ئەم وەزعە بەڕاستی ئازار دەرە. ئەگەر دایک و باوکت ئاگایان لەم پەژارەیە نییە، ژیرانە و بە هێوری بۆیان ڕوون بکەرەوە و پێیان بڵێ کە بەشێکی زۆری ژیانی ڕۆژانەی خۆت لە قوتابخانەدا تێپەڕ ئەکەیت و حەز ناکەیت ئەوان بەردەوام ڕەخنە لە مامۆستاکانت بگرن.

☺ لەوانەیە دایک و باوکت بیرەوەرییەکی خۆشیان لە قوتابخانە نەبێت و پێیانوابێ تۆیش لە قوتابخانەدا ئەو نادادگەرییانە یەخەت ئەگرێ کە پێشتر یەخەی ئەوانی ئەگرت. ئەگەر وا نییە سەبارەت بەم شتە دڵنیایان بکەرەوە.

☺ ئەگەر مامۆستایەکی زۆر چاکت نییە گرنگ نییە، درێژە بە خوێندن و سەعیکردن بدە، ساڵی داهاتوو مامۆستایەکی چاکترت ئەبێ !

☺ لەوانەیە سەبارەت بە ژیانی هەنگ شتی زۆر بزانی، تەنانەت زۆرتر لە مامۆستاکەیشت. لەوانەیە ئەم زانیارییانە سەبارەت بە مێرووکان ڕاست بن، بەڵام سەبارەت بە شتەکانی تر ، پێویستە گوێ لە وانەکان بگری. بۆ نموونە پێویستە زۆر شت سەبارەت بە ژیانی تیمساح فێر ببی.



هەز ناکەم بڕۆمە ئاودەستی قوتابخانەوە...

زۆربەی خەڵک، ئاودەستەکانی ماڵی خۆیان-کە شوێنێکی ئێجگار چۆڵ و ئاشنایە بە چاکتر و گونجاوتر ئەزانن، چونکو مرۆڤ پێویستی بەوە هەیە کە لە ئاودەستدا هەست بە تەنهایی بکات.

ئاودەستی قوتابخانە شوێنێکی قۆرە! سەبارەت بە ئاودەستی قوتابخانە شتی وا ئەلێن مرۆڤ کەمێ ئەترسێنن و چونکو مرۆڤ لەوێدا ڕووتە هەست بە تەنهایی ناکات؛ ئەترسێ کەسێک دەرگا بکاتەوە! یان ...

یـــان ... ســـەرەڕای ئەمانـــە لەوێـــدا شـــتی وا ئـــەکرێ حـــەز ناکـــەین ســـەبارەت بـــەو شـــتانە لەگـــەڵ کەســـدا بـــدوێین. بـــە کـــورتی شـــوێنێکە کـــەس حـــەز ناکـــات لەوێـــدا ئیزعـــاجی بکـــەن، بەڵام لە قوتابخانەدا هەموو کاتێ ئەم مەترسییە هەیە.

ســـەرەڕای ئەمانـــە لەوانەیـــە ئاودەســـتەکانی قوتابخانـــە چـــاک خـــاوێن نەکرابنـــەوە و نـــەپارێزرابن. بـــۆ نموونـــە دەرگاکانیـــان لـــە نـــاوەوە دانـــەخرێن. کـــێ حـــەز ئـــەکات لـــە ســـەر ئاودەســـتێک، لـــە شـــوێنێکدا کـــە بـــۆنی لـــێ دێ دانیشـــێ؟ ئـــەوەی پاســـتی بـــێ گـــەورەکانیش وەکـــوو تـــۆن، ئـــەوانیش ڕقیان لەوەیە کە کەڵک لە ئاودەستی دەرەوە وەربگرن.

ئێستا سەرەی تۆیە!

☺ تکـــا لـــە یـــەکێک لـــە هاوڕێکانـــت بکـــە لـــە گەڵتـــدا بێـــت و ئاگـــای لـــە دەرگاکـــە بێـــت، بـــەم چەشـــنە ئاســـوودەتر ئـــەبی. ئەمەیشـــت لـــەبیر نـــەچێ، ئەگـــەر بـــە دەرێڕایـــی ڕۆژ خـــۆت ڕابگریـــت و نەچیتـــە ئاودەستەوە نەخۆش ئەکەوی.

ئێستا سەرەی تۆیە!

☺ هەموو کاتێ هەندێ کلێنس بخەنە ناو گیرفانتەوە...

☺ ئەگەر ئاودەستەکانی قوتابخانە زۆر پیسن، گۆزەڵە یا سۆندەی ئاویان نییە، نوێنەری پۆل و دایک و باوکت ئاگادار بکەرەوە. پێویستە بەرپرسانی قوتابخانە چاکیان بکەنەوە و پارێزگارییان لێبکەن. ئەمە زۆر گرنگە کە مرۆڤ بتوانێ بە دڕێژایی ڕۆژ، بە بێ ئەوەی هەست بە پەرۆشی بکات، بڕوانە ئاودەستەوە.



لە قوتابخانەدا دەرنەچوونم، وردم نەماوە!

دڵسارد مەبە! کەمێک ناخۆشە و جێی داخە، بەڵام کارەسات نییە. تەنانەت گەلێ جار زۆر چاکیشە. زۆر زوو ئەتوانی بەرەو پێشچوونەکانت دەست پێبکەیتەوە و بە هەنگاوی پتوترەوە خەریکی سەعیکردن بیت.

سالێک دەرنەچوون و مانەوە زۆریش گرنگ نییە، هیچ نییە. ئێستا تووشی خەمۆکیش بوویت، هاوڕێکانت چوونەتە پۆلێکی سەرتر و تۆ نەچووی؟ هەست ئەکەی شەمەندەفەر کەوتۆتەری و تۆی لە وێستگەدا بەجێهێشتووە؟ سەرەڕای ئەمانە، دایک و باوکیشت زۆر پێخۆشحاڵ نین؟ زۆر لە سەر خۆتی قورس مەکە؛ هەموو کەسێ لە بەرەو پێش چووندا خێرایی تایبەتی خۆیی هەیە، هەندێ کەس خێران و هەندێ کەس

خێرایيەکەیان کەمترە. چاک سەعیت کردووە؟ چاک هەوڵت داوە؟ کەوابوو پێویستە دواکەوتنەکانت قەرەبوو بکەیتەوە...

بێگومان زۆر گرنگ نییە کە لە چ پۆلێکدا بی، لەوانەیە تەمەنت کەمتر بێ بۆ نموونە ئەگەر لە نیوەی دووەمی ساڵدا لە دایک بووبی، هاوپۆلەکانت، لە تەمەندا، تەنها شەش مانگ لەگەڵ تۆدا جیاوازییان هەیە و ئەم شەش مانگە زۆر گرنگە!

ئەگەر نەتتوانیوە هەناسە بدەیت و هەل و دەرفەتەکان بەشی نەکردووی، خەتای قوتابخانە نییە. بە پای خۆت ناشیرین و نەگونجاو نییە کە تۆ هەموو کاتێ خۆت بە کەسانێکی تردا هەڵواسی. ئەگەر دەربچوویتایە خۆت لە ناو پۆلێکدا بەدی ئەکرد کە بە ئاستەم ئەتتوانی لەگەڵیاندا بەرەو پێش بچی، لە ئاکامدا هیوا بڕاو ئەبوویت و زۆر کەمتر تێنەکۆشای! تەنانەت لەوانەیە ببویتایەتە هۆی ئەوەی تەندروستیی خۆت بخەیتە مەترسییەوە و بنەماڵەیشت خەفەتبار بکەی. بەڵام ئەگەر دیسانەوە وانەکانی ئەو پۆلە بخوێنیتەوە، نمرەی چاکتر ئەهێنی. باوەر بە تواناکانی خۆت ئەکەیت و ساڵی داهاتوو چالاکیی چاکترت ئەبێ.

ئێستا سەرەی تۆیە!

☺ لە دوو-_سێ هەفتەی یەکەمدا چاکترین قوتابیی ناو پۆل ئەبیت! لەم هەلە بۆ بردنەسەر و زیاد کردنی ئاستی زانیاریەکانت کەڵک وەر بگرە.

☺ پرۆگرامەکەت گۆڕاوە! پێویستە بۆ ئەوەی هەست نەکەی وانەکانی پۆلەکەی پێشووت ئەخوێنیتەوە، چالاکیی تر بۆ خۆت بدۆزیتەوە و خێراییت لە ئیش و کاردا بگۆڕی. داوا لە بەڕێوەبەری قوتابخانە بکە و بڵێ ئەگەر ئەکرێ، با لە بەردەست مامۆستای تردا بخوێنم.

☺ ئەگەر شەرم ئەکەیت و دیتنی هاوپۆەکانی پێشووت ئازارت ئەدات، داوا لە دایک و باوکت بکە، ئەگەر ئەکرێ با قوتابخانەکەت بگۆڕن. ناکرێ؟ تا مانگێکی تر هەموویان لە بیریان ئەچێتەوە کە تۆ کەوتووی.

☺ لە کاتی پشوودا، هاوپۆلەکانی پێشووت سەر ئەنێنە سەرت؟ تۆیش گاڵتەیان لەگەڵ بکە و بەو منداڵە نەزانانە بڵێ:

"ئەوەی ڕاستی بێ چونکو زۆر حەزم لە وانەکانی سالێ پێشوو بوو، بڕیارم دا جارێکی تر دەوریان بکەمەوە!"

☺ سەبر بکە. بۆ ئەوەی دۆستی ڕاستەقینەی نوێت دەست بکەوێ، پێویستە یەک - دوو مانگ تێپەڕێت، بەڵام ئەمە نابێ ببێتە بەربەست لە پاراستنی پێوەندیی لەگەڵ هاوڕێکانی پێشووتدا.

☺وریا بە! ئەگەر نمرەکانت چاکترە، ئەمە نابێ ببێتە هۆی ئەوەی خەریکی حەسانەوە بی. درێژە بە سەعیکردن بدە.



قۆپیم کرد، پێیانزانیم.

تووشی کێشه بووی، کەمێکیش شکاوی، بەڵام بە پێچەوانەی بۆچوونی تۆوە، لەبەر ئەوە نییە کە قۆپییەکەی تۆ ئاشکرا بووە بەڵکو لە بەر خودی کردەوەی قۆپییە کردنەکەیە.

کاغەزی بچووکی ئامادەت لە ناو قۆڵی بلووزەکەتدا شاردۆتەوە؟ فۆرمولی بیرکاریت بە سەر پاژنەی پێڵاوەکەتەوە نووسیوە. ئەمە ئیش و کردەوەیەکی ئاسایی نییە و جێی سەرسورمانیش نییە ئەگەر گیر بخۆی). با بڵێین یەکجار قۆپیت کرد و لە مەترسی

دەربـاز بوویـت و وتـت خـۆ کـەس نـەیـزانـی، بـەڵام ئـەگـەر خـووی پێـوە بگـری، هێنـدە نابـات ئـەبیتـە قـوڵبڕێکـی ساختەچـی. بـەڵامکـاتـێ نمـرەیـەکـی چـاک ئـەهێنێ، ئاگـات لێیـە دوو - سـێ کـەس لـە هـاوپـۆلـەکانـت سـەریـان بـەرەولای تـۆ وەرئـەگێـڕن و بـە تەسـەوە بزەیانـدێتێ. سـەرەڕای ئـەمانـە، نمـرەکـانـت جێـی گومـانن. ئـەگـەر وانـەیـەک هـەبـێ هـەمـووان بـزانن تـۆ تێیـدا لاوازی و وانـەیـەکـیش بێـت کـە قوتابییـەکـان لـە کـاتی تاقیکردنـەوەکـەیـدا زۆرتـر قـۆپـی بکـەن،زۆر سـەیـرە کـە لـە جیـاتی نمـرەی ١٠ی جـاران، نمـرەی ٧٥ بهێنـی. لـەمـە خراپتـر درێـژەی هـەوڵـدان و چالاکییـە: تـەنانـەت ئـەو کاتـەی تێئـەکـۆشـی دواکـەوتنـەکـەت قـەرەبـوو بکـەیتـەوە و سـەعـی ئـەکـەیـت، دیسـانەوە کـەس متمانـەی بـە بـەرهـەمـی ئـیش و تێکـۆشـانەکـەت نییـە (سـەیـری بـەشـی "مـن قـۆپـیم نـەکـردوە، ئـەڵـێن کردووتـە" ی ئـەم کتێبـە بکـە) چونکـو لـەوانـەیـە بـە قـۆپیکـردن ڕابێیـت و خـووی پێـوە بگـری و بـێ سـەعیکـردن دەرەجـەی چـاک بهێنـی، کـاتـێ پاشـتر لـە تاقیکردنـەوەی کۆتـایی سـاڵدا نـاتووانـی سـەیـری ئـەو قۆپییانـە بکـەی، کـە ئامـادەت کـردوون، بـە ڕاسـتی گیـر

ئەخۆی. تاقیکردنەوەکانی ناو پۆل بۆ ئەوەیە کە زانیارییەکانی خۆت هەڵبسەنگێنی. ئایا ئەترسی پرسیارێک لە تاقیکردنەوەکەدا بێت و تۆ نەیزانی؟ وایە، ئەکرێ چاوت بە پرسیارێک بکەوێ کە ولامەکەی نازانی و ئیتر ئەمە بکەن بە بەڵگە بۆ ئەوەی بڵێن لە تێکڕای وانەکە تێنەگەیشتووی. تاقیکردنەوە، وەکوو تیر و پشک، تا ڕادەیەک پێوەندیی بە چارەنووسیشەوە هەیە، بەڵام ئەمە یاسای یارییەکەیە! لەوانەیە چارەنووست چاک نەبێ بەڵام ئەگەر قۆپی بکەی ئاشکرایە پێتئەزانن. سەرەڕای ئەمانە خۆت دڵنەوایی لە خۆت بکە: چونکو ئەگەر قۆپییەکانت ئاشکرا نەبووایە خراپتر ئەبوو. خۆتت بە تاوانبار ئەزانی و لە قوڵایی دڵتدا هەستت ئەکرد نمرەکەت بایەخی نییە.

ئێستا سەرەتۆیە!

☺ئایا ئەزانی ئامادەکردنی بەرگەی قۆپیکردن، سێ ئەوەندەی بەرگەو پەڕەی فێربوون و ڕاهێنانِ کاتی ئەوێ؟ تەنها جیاوازییەکەی ئەمەیە: لە کاتی نووسینی قۆپییەکاندا بیر ناکەیتەوە بزانی چی ئەنووسی ناکەیتەوە بزانی چی ئەنووسی بەڵام کاتێ بەرگە و یادداشتی ڕاهێنان و فێربوون ئەنووسی، بۆ لەبەرکردنی وانەکە، تەجیلی مێشکیشت ئەخەیتە کار.

☺ وەڵامی پرسیارەکە نازانی؟ زۆر بۆ یادەوەریت بهێنە. لە خۆتەوە شتێک بنووسە، تێبکۆشە یادەوەریت بخەیتە کار. هەرچۆنێک بێ لەوە چاکترە کە بە دزییەوە بەرگە و یادداشتی قۆپیکردن دەربهێنی یان لە ڕووی پەڕەی تاقیکردنەوەی هاوڕێکەی تەنیشتتەوە، وەکو خۆی بینووسێتەوە. ئەگەر ئەو هەڵەی کردبێ هەردووکتان ئەخرێنە ناو دووتای ترازوویەکەوە. ئیتر تۆ ئەبیتە هۆی ئەوەی، ئەویش کە هیچی نەکردووە سفر بهێنێ. ئەمە ئیشێکی چاک نییە. وا نییە؟

☺ پێش دەستپێکردنی تاقیکردنەوەکە، لەگەڵ هاوپۆلەکانتدا وانەکە دەور بکەرەوە. ئەمە لە کۆپی و ئێستنساخ کردنی تاقیکردنەوەکانی ئەوان چاکترە! زۆر چاکترە.

☺ هەموو تاقیکردنەوەکانت کەوتوونەتە یەک کات و لەوە ئەترسی ئەوەندە کاتت نەبێ بەشی هەموو وانەکانت بکات؟ لەگەڵ دوو - سێ کەس لە هاوپۆلەکانتدا بڕۆن بۆ لای بەڕێوەبەری قوتابخانە. هەمووتان داوای لێبکەن بە مامۆستاکەتان بڵێ مەودایەکی کاتی لە نێوان تاقیکردنەوەکانتاندا دابنێ.

☺ دایک و باوکت گوشاری زۆرت بۆ دێنن و تۆیش لەوە ئەترسی کە لێت نائومێد ببن؟ ئەگەر هەموو کاتێ ئەم ترسەت هەیە و ئەترسی سزا بدرێی، داوا لە بەرپرسی تاقیکردنەوەکان بکە با لەگەڵیاندا کۆ ببێتەوە، بێگومان شتێک هەیە و تۆ لێی تێناگەی.



من قۆپیم نەکردووە نەڵێن کردووتە.

چی قەوماوە؟ تۆ و یەکێک لە هاوڕێکانت پێکەوە سەعیتانکردوۆە و هەردووکتان وەکوو یەک فێر بوون؟ یان هەموو شتەکانت دەقاودەق لەبەر کردووە و لە وەڵامەکانتدا پێتێکت بەجێنەهێشتووە؟

لەوانەیە دایک و باوکت لەم وانەیەدا شارەزاییەکی چاکیان هەبێ و تۆ لەم وانەیەدا زانیاریت لە قوتابییەکانی تر زیاتر بێ.

هەندێ جار وایە. پێدەچێ حەزت لە جوغرافیا بێت و پۆژی جەژن لەجیاتی جەژنانە کتێبێکت پێدرابێ و هەموو وانەکان

چاک شارەزابی. یان لەوانەیە پێشتر سەبارەت بە بابەتی تاقیکردنەوەکە لێکۆڵینەوەت کردبێ؟ یەکەمجارە قۆپیت نەکردووە؟ کەوابوو ئێستا خۆت بخە جێی ئەو مامۆستایانەی فێرت کردوون بە قۆپیکەرت بزانن (سەیری بەشی پێشوو بکە: "من قۆپیم کرد پێیانزانیم".) بەداخەوە بوویتە قوربانیی مێژینەی خراپی خۆت،چونکو قوتابیی تەنبەڵی ناو پۆل بووی. لێرەدا ئێتر نابێ بێدەنگ بیت و بساچێنی، پێویستە داوای مافی خۆت بکەی، چونکو ئەبێتە هۆی ئازاردانت. مەهێڵە نادادگەرانە هەڵسوکەوتت لەگەڵدا بکەن؛ بە بێگوناە تۆمەتبار بوون، نادادگەرانەترین بارودۆخە لە جیهاندا.

ئێستا سەرەی تۆیە!

☺ شتێکت بۆ هاتۆتە پێش کە مامۆستاکانت لێی بێئاگان؟ خێرا بڕۆ بۆ لایان و پێیانبڵێ. سەبارەت بەم شتە لەگەڵ دایک و باوکیشتدا بدوێ.

☺ بڕوا ناکەن؟ پێداگری بکە؟ بۆچی خەڵک پارێزەر ئەگرن؟ چونکو کەسێک نەتوانێ کەسانیتر تۆمەتبار بکات و کەسێک ناوانبار بکات، ناتوانێ بەرگری لە خۆی بکات.

☺ هاوپۆلەکەت هەموو شتەکانی _ دەقاودەق _ لە ڕووی تاقیکردنەوەکەی تۆوە نووسیوەتەوە؟ تێبکۆشە هێندە تێیبگەیەنی ژیر ببێت و دان بە ڕاستیدا بنێ. ئەگەر ملکەچ نەبوو، هیچت لە دەست نایە، هەوڵبدە لە تاقیکردنەوەی داهاتوودا لە شوێنێکی تردا دانیشی.





داوای باجم لێنەکەن.

باجگرتن تاوانێکی قورسە. یاسا بە تووندی ئیدانەی ئەکات و تۆ نابێ سەبارەت بەم شتە بێدەنگ بیت.

ئەو کەسانەی باج وەرئەگرن، زۆر بە بێدەنگبوونی تۆ دڵخۆشن و تا ئەو کاتەی تۆ هیچ نەڵێی، ئەوان درێژە بە کارەکەیان ئەدەن.

لە دڵی خۆتدا ئەڵێی: "وتنەکەی ئاسانە بەڵام بە کردەوە ..." بێگومان تۆ ڕاست ئەکەی. ئەگەر ئەم کارە ئەوەندە ئاسان بووایە،

ئیتر باجگرتن له ئارادا نەئەبوو. چونکو کاری ئەوان لە سەر بنچنەی بێدەنگیی ئەو کەسانەیە کە ئەبنە قوربانیی باجگیری.

هەندێ کەس ئاگایان لە تاوانی وایە و هیچ ناڵێن، بۆچی هیچ ناڵێن؟ چونکو ئەترسن و پێیانوایە ئەگەر قسەیەک بکەن، ئەکەونە ژێر ئازارو ئەشکەنجە و لێدانەوە، واتە شەق ئەخۆن. کەچی بە پێچەوانەوە، نەترسان و قسەکردن لەم کاتانەدا ئیشێکی بوێرانەیە و لەگەڵ جاسووسیدا جیاوازیی هەیە (سەیری بەشی " دوو دڵم بڵێم کێ تاوانبارە یان نەڵێم"ی ئەم کتێبە بکە). بەڵام هەندێ جار لەبەر ئەوەی شەرم ئەکەی بێدەنگ ئەبی. هەڵسوکەوتی خراپت لەگەڵدا ئەکەن و کەچی تۆ خۆت بە تاوانبار ئەزانی. شتی وا چۆن ئەبێ؟

خۆت ئەزانی کە لە مێشکی ئێمەی مرۆڤدا هۆکارێکی سەیر هەیە. بۆچی کاتێ بە زۆر شتێکت لێئەدزن ئەتوانی بە دەنگی بەرز هاوار بکەی: ئەی هاوار! ئەو دزە بگرن" و هەست ئەکەی مافی خۆتە، کەچی کاتێ بە زۆر داوای شتێکت لێئەکەن، خۆڕاگری ناکەیت، هەست بە لاوازی ئەکەیت و بەرەنگاری لە خۆت ناکەی؟ ئەوەی ڕاستی بێ هەر شتێکت بە سەر بێت ڕەوایە! هێندە شەرم ئەکەی ناتوانی سەبارەت بەم شتە بدوێی. ئێستا گوێ بگرە و با هەندێ شتت پێبڵێم کە زۆر لە بێدەنگی گرنگترە: ئەم بێدەنگییەی

تۆ دژ بە هەموو مرۆڤایەتییە. هەر بەم شێوەیە هەندێ کەس، کەسانیتر ناچار ئەکەن ملکەچیانبن و پاشان ئەیخەنە دڵیانەوە کە خۆیان بە بەرپرسی ئەو بەڵایانە بزانن کە بە سەریان دێت.

تەنانەت ئەگەر تۆ لە کەسانی تر دەوڵەمەندتری،ئەگەر چاکتر لە کەسانی تر سەعی ئەکەیت، هیچ کەسێک و هیچ شتێک ناتوانێ ببێتە هۆی پەوابوونی ئەوەی کەسێک بە زۆر، پارە، بلووز یان جانتای تۆ داگیر بکات. تۆ بە بێدەنگبوونت ئیشی ئەو کەسانەی خراپەیان لەگەڵدا کردووی بە پەوا ئەزانی ... ئیتر ناخۆشت کردووە، وانییە؟ بۆ ئەوەی بتووانی تووانای دژایەتیکردن پەیدا بکەی، غیرەت بنوێنە، تووڕە ببە! ئەگەر هیچ کەسێک بۆی نییە ئیشی نایاسایی بکات، بۆی نییە و بڕایەوە، ئیتر قسەی لە سەر ناکرێ. یاساکان بۆ پاراستنی مافی چەوساوەکان دانراون و لە وڵاتی ئێمەدا یاسایەک بۆ بەربەرەکانێکردن لەگەڵ باجگرتندا هەیە. بەڵام ئەگەر هیچ کەسێک قسە نەکات، یاسا بێکەڵک و سوودە. پێویستە دایک و باوکت شکات بکەن.

ئێستا سەرەی تۆیە!

☺ وامەزانە ئەگەر جارێک ملکەچی خواستی باجگرەکان بووی، بەرۆکت بەر ئەدەن و نەجاتت ئەبێ. بە پێچەوانەوە! بەمکردەوەیە نیشانت داوە کە ئەترسی و ئەوان هەموو ڕۆژێ داوای شتی زۆرترت لێئەکەن.

☺ هەر یەکەمجار بڕۆ بۆ لای یەکێک لە مامۆستاکان یان بەڕێوەبەری قوتابخانە. تکا لە یەکێک لە هاوپۆلەکانت بکە پشتیوانیت لێبکات، چونکو بەرەبەرەکانێکردن لەگەڵ تووندوتیژیدا ئیشێکی دژوارە.

☺ سەبارەت بەم شتە قسە لەگەڵ دایک و باوکتدا بکە. باجگرێک لە بەرانبەر گەورەکاندا زووتر لە کەشوفش ئەکەوێ! ئەگەر لێی نەترسی، بۆت دەرئەکەوێ کە ئەو بەهێز و تووانا نییە.

☺ ناوێری چاوەڕوان و بەهیوای باوک و دایک یان بەرپرسانی قوتابخانە بیت؟ هەندێ جار قسە کردن لەگەڵ کەسێکی گەورەتردا کە ناینناسی ئاسانترە. ژمارە تەلەفۆنێک هەیە و ئەتووانی لە هەر ساتێکی شەو و ڕۆژدا پێوەندیی پێوە بکەی.ژمارە(١٠٤)ئامادەیە و هەمیشە کەسێک لەو بەری هێڵەوە هەیە گوێت لێبگرێ و یارمەتیت بدات.

☺ تۆ بە قسە کردن، منداڵەکانی تر_ ئەوانەی باجگرەکان وەکوو تۆ هەڕەشەیان لێکردوون و ناوێرن هیچ بڵێن_ دڵنیا و ئاسوودە ئەکەیت.

☺ وریابە، چونکو ئەگەر ئەمڕۆ تەحەممول بکەیت و بوێرانە و نەترسانە نەدوێی، لەوانەیە ڕۆژێ لە ڕۆژان بۆ تۆڵە سەندنەوە و قەرەبوو کردنەوەی ئەو سووکایەتییانەی پێتکراون، تۆیش وەکوو ئەوان بکەی! واتای لە قاودان و درکاندن ئەمەیە کە تۆ ناتەوێ لە ژێر باری زوڵم و زۆردا بیت و ئاگات لە پاتەبوونەوەی ئەم ئاکارانە بێت.

☺ ئەگەر لە قوتابخانەکەتدا تووندوتیژی زۆرە، بۆچی بە هاوکاریی هاوڕێکانت، گروپێکی ئاشتیخواز دروست ناکەی؟ بەم چەشنە ئەتووانن سەبارەت بە ڕێزگرتن لە مافی کەسانی تر، مافی قسە کردن و بیستنگبوون لە بەرانبەر تووندوتیژیدا پێکەوە بدوێن. دڵنیابن ئەم ئیشەی ئێوەی ڕێزگرتنی دوولایانەی نێوان قوتابیان و گەورەکانیش ئەخاتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە.



تازە هاتوومەتە ئەم قوتابخانەوە،کەس قسەم لەگەڵدا ناکات.

ئێ وایە! قوتابییەکانی تر ئەناسن و تۆ ناناسن.

خۆت بخەرە جێی ئەوان: لە بارودۆخی وەهادا ئەوان چی ئەکەن تویش بوویتاتە وات ئەکرد!

تۆ هاتوویتە ناو یارییەکەوە کە پێشتر دەستپێکراوە و ئەوان نازانن بهێڵن بچیتە ناو یارییەکەوە یان بتخەنە لاوە. تۆ لە پڕ هاتوویتە ناو جیهانی پچووکیانەوە. و ئەوان سەبارەت بە تۆ ڕاوێژ

لەگەڵ یەکتردا ئەکەن. لە یەکتر ئەپرسن ئاخۆ ئەم تازە هاتووە بۆ هاوڕێیەتی ئەشێ؟ ئاخۆ لەگەڵ ئێمەدا هاوڕێیە؟ لە ڕاستیدا تۆ خولێکی تاقیکردنەوە تێپەڕ ئەکەیت و پێویستە بەم قوناغەدا تێپەڕیت. بێگومان ئەمە ئاسان نییە، ئێمەیش ئەزانین کە ئاسان نییە. بەڵام لەم هەلومەرجەدا تۆ دوو ڕێگەت لە پێشە: یان خۆت لە جیهانی خۆتدا زیندان ئەکەیت و بە پێچەوانەی چاوەڕوانی خۆتەوە کەسانیتر وائەزانن ئەوانت خستۆتە لاوە، یان هەوڵ ئەدەی ئیشێک بکەی قوتابییەکان ببنە هۆگرت و بەم پێیە، زۆر زوو کەسێک پەیدا ئەکەی بۆ ئەوەی چیتر تەنها نەبی! کەوابوو لەم هەلومەرجە کەڵک وەربگرە و لەگەڵ هاوپۆلەکانتدا خۆت بگونجێنە. بیانخەرە ژێر چاوە دێرییەوە! حەز ئەکەی لەم پۆلەدا لەگەڵ کێدا ببیتە هاوڕێ؟ کەوابوو ئەگەر هێندە بە جیهانی خۆتدا ڕۆنەچی و خۆت بێتام نەکەی، ئیتر "کچەکەی دوکتۆرە ناسکە" یان" قوتابییە تازەکە" نابیت، بەڵکو ئەبیتە هاوڕێیەکی نوێ بۆیان

ئێستا سەرەی تۆیە!

☺ دژوارترین و درێژترین کاتەکان بۆ تۆ زەنگی پشوو و کاتی پشووی ناو قوتابخانەیە. لەو کاتانەدا، لە قوتابخانەکەدا پیاسەیەک بکە. گۆڤار یان کتێبێک بخوێنەرەوە.

☺ بۆ تێپەڕاندنی ئەو کاتژمێرانەی بۆ پشوون و ئەکەونە نێوان وانەکانی پێش نیوەڕۆو پاش نیوەڕۆوە، لە یەکێک لە ئەنجومەنەکانی قوتابخانەدا خۆت ناونووس بکە. ئیتر بەس بڵێ حەزم لە تێنس یان سروودی بە کۆمەڵ نییە. تەنها بەم چەشنە ئەتوانی هاوڕێی نوێ پەیدا بکەی.

☺ بە هیواي ئەوەی کەسانی تر بێن بەرەولای تۆ، لە سووچێکدا کز مەکە. پێویستە، تۆ یەکەم هەنگاوەکان بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ئەواندا هەڵبگری و ئەو کەسانەی کە هێشتا ناتناسن دڵنیا بکەیتەوە. یەک یان دوو کەس کە پێتوایە شیاوترن، بانگهێشت بکە بۆ ماڵی خۆتان.

☺ لە بیرت نەچێ: خۆت لەگەڵ قوتابیانی تردا بگونجێنە، بەڵام لە ترسی ئەوەدا کە نەکوو بە تەنها بمێنێتەوە، لەگەڵ

هەر کەسێکدا کە تازە چاوت پێی کەوتووە مەبە بە هاوڕێی گیانی گیانی.

☺ کاتێ چوویتە ناو کۆمەڵی قوتابیانەوە و بوویتە هاوڕێیان و زانیت قوتابییەکی نوێ هاتۆتە قوتابخانەکەتەوە، لە بیرت نەچێ بۆ ئەویش زۆر دژوارە. قۆناغەکەی بۆ ئاسانتر بکەرەوە.



قوتابییەک لە قوتابخانەدا ناچارم ئەکات وەزیفەکانمی نیشان بدەم...

ئافەرین! ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە تۆ وانەکانت چاک ئەخوێنیت و بە چاکی خەریکی پاهێنانی و قوتابییەکی چاکی، ئەمە زۆر چاکە!گیروگرفتت ئەمەیە کە ناچاریان کردووی وەزیفەکانتیان نیشان بدەیت و ئەمە بووەتە هۆی ناڕەحەتی و زویر بوونت.

ئەمە باجگرتنە!

بۆ ئەبێ وەزیفەکانتیان نیشان بدەی؟ هەڕەشەیان لێکردووی؟ زللەیان لێداوی؟ ئەیانەوێ لە کۆمەڵی خۆیان دەرتکەن؟ وتوویانە ئیتر درێژە

بـه هـاوڕێیێتیـت نـادەن؟ هـەر لـەبـەر ئـەم شـتانەیـە داوای هـەر شـتێک بکـەن پێیـان ئـەدەیـت و وا ئـەنوێنـی ئـەمـە هـاوڕێیـەتـی کردنـە؟ کـەچـی لـە ڕاسـتیدا تـۆ بـە هـۆی ترسـەوە چوکـت داداوە؟!ئـای کـە ڕەنجـەڕۆن ئـەوان؟!.. چونکـو بـە نووسـینەوە و لەبـەر گرتنـەوەی! وەزیفـەکانـی تـۆ، پێشکەوتـن بـەدی ناکـەن. هـەمێسـتا نمـرەی خراپیـان نـادەنـێ بـەڵام بـەم ئیشـەیـان هـەنگاوێکیتـر لـە خنکاندن نزیک بوونـەتـەوە... زۆرتـر لـەو ئاست و ڕادەیـەی کـە بایـەخیـان هـەیـە لێیـان زویـر مـەبـە: بێگـومـان بـە هۆی ئەوەوە کـە قوتـابیی تـەمبـەڵـی نـاو پـۆلـن زویـرن. مـەترسـە و بەرەنگاریان ببەرەوە.



ئێستا سەرەی تۆیە!

☺ئایا لەبەر ئەوەی هەندێ هاوڕێ بۆ خۆت پەیدا بکەی، چۆک بۆ باجدان دائەدەی؟ تا ئەو کاتەی بەم چەشنە بیر بکەیتەوە ئەوان بە خراپی و ناڕەوا کەڵکت لێوەرئەگرن. لە ڕاستیدا ئەوان بەم ئیشەیان سووکایەتیت پێئەکەن چونکو ئەزانن لێیان ئەترسی یان ناتەوێ بە تەنها بمێنیتەوە. ئەوان زۆر چاک ئەزانن کە تۆ بە دڵ و بە خواستی خۆت ئەم چاکەیەیان لەگەڵدا ناکەی.

☺ وەکوو جاران خەریکی وەزیفەکانت بە! ئەگەر بەهیوای ئەوەی نەکەویتە ژێر گوشاری کەسانیترەوە واز لە هەوڵ و تێکۆشان بهێنی، هەڵەیەکی گەورە ئەکەی.



لە شەڕ کردن نەترسم.

بۆت هەیە بترسی.

ئەگەر مرۆڤ حەز لە شەڕوشۆڕ نەکات زۆر ئاساییە. تا ئەتوانی خۆت لە هەرا دوور بخەرەوە.

هەندێ لە کوڕان و تەنانەت هەندێ لە کچکەکانیش، شەیدای شەڕو کوتەک وەشاندنن. بە شەڕو هەرا ئەدوێن! ئای کە ڕەنجەڕۆن ئەوانەی کە زۆرتر حەز ئەکەن لە هێزی بازووبان کەڵک وەربگرن نەک لە مێشکیان! پێیانوایە بەم چەشنە هێزو توانای خۆیان نیشان

ئەدەن. بێگومان هەڵە ئەکەن و سەیرە کە کەسانی تر هێشتا بە ئەدەبو بێدەنگ ماون و هیچ ناڵێن! سەرەڕای ئەمانەش، ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان هێرش کرایە سەرت و ناچار بووی شەڕ بکەی لە بیرت نەچێ بەرانبەرەکەیشت لە تۆ ئەترسێ.

ئەگەر کەسێکیش لە کاتی پشووی ناو قوتابخانەدا بۆ شەڕ ئەگەڕێ، دڵنیابە لەبەر ئەوەی پێیوایە کەسانی تر لێیئەترسن وائەکات. بەڵام ئەگەر هەست بکات کەسێک هەیە لێی ناترسێ زۆر کات ڕوو لەو کەسە ناکات. هێزو توانای خۆت بە کەم مەزانە.

ئێستا سەرەی تۆیە!

☺ هەموو کاتێ هەندێ لە منداڵەکان خەریکی شەڕنانەوە و هەرا دروستکردنن، خۆت لەو کەسانە دوور بخەرەوە، چونکو مرۆڤگەلێکی سەرنجڕاکێش و چاک نین.

☺ وامەزانە بوێر نیت، وەرە مەدۆڕێنە! لە کاتی شەڕ سەربازەکانیش ئەترسن. تەنها شێتەکان قەت ناترسن. بەڵام ئەگەر حەز ناکەی شەڕەشەق بکەی، نیشانەی ئەوەیە کە ڕێگایەکی چاک و دروستت هەڵبژاردووە

☺ زۆر لە خۆت ڕانابینی و لە خۆت دڵنیانیت؟ لە قوتابخانەیەکدای کە هەموو قوتابییەکان هەموو کاتێ خەریکی شەڕو هەڕان؟ تکا لە دایک و باوکت بکە با لە یانەیەکی هونەری شەڕڤانی، بۆ نموونە لە جۆدۆدا نانووست بکەن. ئیتر بەم چەشنە فێر ئەبی چۆن پارێزگاری و بەرەنگاری لە خۆت بکەی.



هاوڕێکەمیان دایە بەر شەق و من هیچم نەکرد.

چونکو ترسی تۆ، لە حەزی یارمەتیدانی هاوڕێکەت بەهێزتر بووە،ئیتر لە خۆت زویری ؟دڵخۆش بە، چونکو ئەم هەستەی تۆ ئەسەلمێنێ کە مرۆڤێکی پاستەقینە و چاکی. مرۆڤ نەک سۆپەرمان.

بێگومان حەزت نەکرد بچیتە ناو شەڕەکەوە و وەکوو پاڵەوانی فیلمە ئەکشنەکان دوو - سێ کەست شەلوکوت بکەی!

بەڵام بە داخەوە تۆ ئەکتەری سینەما نیت. بۆ ئەوەی خەیاڵت

ئاسوودە بێت پێویستە بڵێم: زۆر کەس لە گەورەکانیش حازر نین لەبەر کەسانیتر خۆیان بخەنە مەترسییەوە. نەک لەبەر ئەوەی بەلایانەوە گرنگ نەبێ، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە ئەترسن. بەڵام گرفتەکە لەوەدایە کە لەوانەیە هاوڕێکەت چاوەڕوانیی لە تۆ هەبێ. چونکو بە پێچەوانەی بۆچوونەکانەوە، ئەو زۆر چاکتر لە تۆ بەوان ئەوێری. چەند مشت و شەقی بەرکەوتووە و لەبەر ئەوەی زوڵمی لێکراوە ئەتوانێ شکاتیان لێبکات. تۆ هیچ زیانێکت بێنەگیشتووە، بەڵام لەبەر ئەوەی یارمەتیت نەداوە، هەست بە شەرمەزاری ئەکەیت و ئەمە بۆ تۆ زۆر ئازاردەرە.



ئێستا سەرەی تۆیە!

☺ پێویستە خێرا قسەی لەگەڵدا بکەی. بە دوای داوای‌لێبوردنکردنی ڕووڵەتیدا مەڕۆ و بەهیوای مەبە و بیانووی هەڕەمەو هیچ مەهێنەرەوە "نەمزانی" یان "ڕۆشتبووم بۆ ئاودەست" و ... ڕاستگۆیانە بڵێ: "ترسام، داوای لێبوردنئەکەم" ئەگەر ئەو هاوڕێیەکی ڕاستەقینە بێت، لە تۆ تێئەگات. ئەمە لەوانەیە بۆ هەموو خەڵک بێتە پێش. لەوانەیە بۆ خۆیشی ئەمە بێتە پێش، ئەویش لە قووڵایی دڵیدا هەست بەم شتە ئەکات.

☺ئەگەر لە شوێنێکدا کە تووندوتیژیی تێدا ئەکرێ ئامادە بوویت و نەتئەزانی پێویستە چی بکەی، هاوار بکە. هات و هاوار بنێرەوە، داوای یارمەتی بکە بۆ ئەوەی کەسێکی گەورەتر ناوبژی بکات.



سفرم هێناوە و نازانم چۆن ئەم هەواڵە بدەم بە دایک و باوکم.

حەقتە .کات و ساتێکی زۆر ناخۆش تێپەڕ ئەکەیت" بە جیاکردنەوە و پۆڵێنکردن دەست بە ئیشەکە بکە. لە (ئینزیباتدا)دا سفرت هێناوە یان لە وەزیفەدا؟

ئەگەر لە (ئینزیباتدا)دا سفرت هێناوە، ئامۆژگا ری تایبەتیی من



ئەمەیە کە نەچیتە ناو شیکردنەوە و دریژە پێدانە باوەکانەوە: "سەیرە! مامۆستاکەمان لە پڕ بڕیاریدا سفر بداتە پۆلەکە،چونکو هیچ کەسێک گوێی لێنەئەگرت. ئەمە ڕەوایە؟ ..." دایک و باوکت بە گەوج مەزانە. ئەوان خۆیشیان لە قوتابخانەدا لەم چەشنە هەڕاو بەزمیان ناوەتەوە، ئەگەر لە دووریشەوە سەیرێکت بکەن لە هەموو شتێ

تیئەگەن! ئەگەر بە هۆی نەنووسینەوەی وەزیفەکانتەوە سفرت هێناوە یان تەنها پەڵەیەکی پەشت لە کارتەکەتدا هەیە خۆ دنیا ژیرەوژوور نەبووە. لەوانەیە ڕاهاتبی هەموو کاتێ لەم وانانەدا نمرەی لە ٥٠ کەمتر بهێنی. ئەمە ئاشکرای ئەکات کە لەم وانەیەدا گیروگرفتت هەیە. چاکتر وایە سەبارەت بەم شتە ڕاستگۆیانە لەگەڵ باوک و دایکتدا بدوێیت و بە دوای ڕێگاچارەدا بگەڕێی (سەبارەت بەم شتە سەیری بەشی: "سەرەڕای ئەوەی زۆر تێئەکۆشم،بەڵام نمرەکانم خراپن." ی ئەم کتێبە بکە.



ئێستا سەرەی تۆیە!

☺ کاتێکی گونجاو ڕەچاوبکە کە بتوانی لەو کاتەدا دایک و باوکت لە نمرەکانت ئاگەدار بکەیتەوە: نە بەیانی زوو کە باوکت جلوبەرگی ئوتوکراوی نەبێ لە بەری بکات، نە ئێوارە،ئەو کاتەی دایکت شەکەت و ماندوو لە سەر کار ئەگەڕێتەوە و لەهەمان کاتدا سەیارەکەی شکاوە.

☺ هەناسەیەکی قوڵ هەڵکێشە و بڕۆ پێشەوە! تا دوو - سێ ڕۆژی دیکە هەرچۆنێک بکەی، بەدەم بیرکردنەوە لەم ترسەی ئێستاتەوە، درێژە بە ڕێگاکەت ئەدەی.

☺ خۆڕاگربە و نەکەی لە تەنیشت ئەو نمرە١٠ یەدا کە هێناوتە سفرێک زیاد بکەی (سەیری بەشی: "دەستکاری کارتەکەم کردووە"ی ئەم کتێبە بکە).

☺ ئەگەر بە هۆی ئەوەوە کە ئەم نمرەیەت هێناوە زۆر زوێر و پەرۆشی، هەستەکەت بە دایک و باوکت بڵێ. دڵنیابە کەم کاتی وا هەیە کە تۆ لەبەر ئەم شکستەت زۆر زوێر بیت و ئەوان قیراندبێتیان بە سەرتدا. لە کات و ساتی وەهادا زۆرتر لایەنگری تۆون، وانییە؟ بەڵام ئەگەر قەرزداریان بکەیت و بۆ نموونە بڵێی: "ئێ چییە؟ خۆ دنیا نەڕووخاوە، شتی وایش ئەقەومێ" ئەوانیش تەنها شتێکیان ئەوێ: بۆ بەربەرەکانێکردن لەگەڵ بێحەیایی و قسە ڕەقیی تۆدا، هات و هاوار ئەکەن.



من له ناو پۆلدا بەردەوام قسە ئەکەم.

کاتی زیادیت هەیە بۆ ئەوەی بە فیرۆی بدەی؟ جێی داخە، چونکو گوێگرتن بۆ وانە نیوەی فێر بوونە. ئەگەر لە کاتی وانەدا خەریکی فرەوێژی بی، کە گەڕایتەوە ماڵێ پێویستە دوو ئەوەندە سەعی بکەی.

قسە کردن خراپ نییە، زۆریش چاکە! شتی زۆرت لایە بۆ هاوپۆلەکەی تەنیشتتی بگێڕیتەوە. بەڵام خۆمانین، بڕوا بکە ئەم قسانە زۆربەی کات هێندەیش بایەخدار نین. هەر چۆنێک بێ هێندە بایەخدار نین کە نەتوانی کاتژمێرێک بۆقرە بگری.

لەوانەیە بڵێی گوێگرتن لە وانەی مامۆستا و فێربوونی وانە چ سوودێکی هەیە؟ چونکو دواتر، هەموو کەسێک ئەتوانێ زانیاریی شیاوو پێویست بۆ ئیشەکەی خۆی فێر ببێ و شتە زیادەکان بخاتە لاوە ... چاک ئەزانن کە ئەم قسەیە پڕوپوچە. گوێگرتن لە وانە لە ناو پۆلدا زۆر گرنگە. ئەگەر لە کاتی وانەدا ناتووانی لە ناو پۆلدا پێشی خۆت بگریت و قسە نەکەی، لەوانەیە بەم هۆیەوە بێت کە بێدەنگی پەرۆش و زوێرت ئەکات. ئایا لەو کاتەدا لە شتێک زوێری و ئەتەوێ بە قسە کردن خۆت لەو گرفتە بدزیتەوە؟ ڕێگایەکی دروستت بۆ لە بیر بردنەوەی گرفتەکەت هەڵبژاردووە.

ئێستا سەرەی تۆیە!

☺ لە تەنیشت کەسێکدا دانیشە کە زۆر حەزت لە سێرەی نییە و زۆر حەز ناکەی قسەی لەگەڵدا بکەی.

☺ ئەگەر ئەتەوێ هەواڵێک ڕابگەیەنی، بۆ نموونە "سەیارەکە وەکوو قومبەلە زرمەی هات" زۆرتر لە چەند چرکەت پێویست نییە. شیکردنەوەی دوورودرێژی ڕووداوەکە هەڵبگرە بۆ کاتی پشوودان.

☺ ئەگەر گیروگرفتێکت هەیە، سەبارەت بە گرفتەکەت لەگەڵ کەسێکی گەورەتردا- کە جێی متمانە بێ- بدوێ. لەبەر ئەوەی بیر لە گرفتەکەت نەکەیتەوە، مەبە بە ئامێرێکی قسەکەر!



سەرو گوێلاکی لە چاک ناچێ، ئەم هەتیوە،دەمشرە.

ورتەورتەکان، خێرا سالۆنەکان ئەتەننەوە. ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە کە ئەم دەنگۆ و واتەواتە لە کوێوە هاتووە. کێ یەکەمجار دەنگۆی بڵاو کردۆتەوە کە ئێستا هەموان پاتەی ئەکەنەوە.

"ئەوەی پاستی بێ منیش بیستوومە..."،"تۆ ئەتزانی..."لە کاتی پشوودانەکان لە قوتابخانەدا، قوتابییەکان شەیدای ئەوەن لە پاس ملەی کەسانی تر بدوێن.ئەوان حەز ئەکەن خۆیان گیڤ بکەنەوە گوایە ئاگایان لە هەموو شتێ هەیە. ئێتر ئێمەیش وەکوو

ئەوانمان لێدێ. بەمە ئەڵێن: دەنگۆ نانەوە. خوویەکی خراپ و زۆر هەڵخڕێنەرا تەنانەت مرۆڤە گەورەکانیش گیرۆدەی ئەم ئیشە منداڵانەیە ئەبن! گرفتەکە لەمەدایە کە دەنگۆ و واتەوات،بەرهەمی ناجسنییە.زۆر کەم ئەبیستی بڵێن: "فڵانە کەس منداڵێکی باش و پەروەردە چاکە".

زۆبەی کات، ئەو کەسەی دەنگۆکە ساز ئەکات، کەموکوڕییە لاوەکییەکانی کەسەکان گەورە ئەکاتەوە و ئەیکات بە هەڵە. بەڵام ئەم دەنگۆیانە خەسارێکی زۆر لە کەسە دیاریکراوەکە ئەدات. لە جوامێری دوورە کە ئێمەیش بارێک بخەینە سەر کوڵی کەسێک کە هەموان درۆی لەگەڵدا ئەکەن.

ئێستا سەرەی تۆیە!

☺ هەمووان ئەڵێن ... وایە، بەڵام مەبەست لە هەمووان کەسێکی تایبەتە! پێش ئەوەی ئەو شتەی پێتوتراوە پاتە بکەیتەوە، لێیبکۆڵەرەوە، بزانە ڕاستە یان نا.

☺ تۆ کە ڕقت لە خراپەیە، بوێرانە بڵێ سەبارەت بەم شتە هیچ نازانی. ئەگەر خاوەنی بوێری بیت و دەنگۆکە بە درۆ بخەیتەوە، بۆت دەرئەکەوێ زۆرێک لە منداڵەکان، تۆ ئەکەن بە نموونە و وەکوو تۆ ئەکەن.

☺ بوویت بە قوربانیی دەنگۆ؟ ڕوو لە هەر لایەک ئەکەی چاوت بە منداڵەکان ئەکەوێ خەریکی چپەچپکردنن؟ بڕۆ پێشەوە و بپرسە بزانە چی قەوماوە. هەموو کاتێ تێبینییەکی گونجاو گوشارەکە لائەبات.



درۆیەکم کردووە و ئێستا ناتوانم خۆم دەرباز بکەم.

ئەم درۆیەت بۆ ئەوە کردووە کە پارێزگاری لە خۆت بکەی یان بەهیوا بووی لە لای هاوڕێکانتدا نەشکێی. لە خۆتەوە چیرۆکێکت ساز کرد بەڵکو ئافەرینت بۆ بکەن و خۆشیان بوێیت و هێندە توانات نوواند هەموان باوەڕیان بە قسەکەت کرد! بەڵام ئێستا چەقاویتە قوڕ و ناتوانی کاتەکە بگەڕێنیتە دواوە.

پێویستە تا زووە خۆت لەم گیروگرفتە دەرباز بکەی،چونکو تا دێ بارودۆخەکە خراپتر ئەبێ تا بۆ دواجار ناچار ئەبی هاوڕێکانت

بانگهێشت بکەی بۆ ماڵی خۆتان،ئیتر لەو کاتەدا بە ئاستەم ئەتوانی لە جیاتی ئەستێری تایبەتی شەپۆلسواری،ئاکواریۆمی ژوورەکەتیان نیشان بدەیت و بڵێی ئەمە ئەستێرە،یان ئەگەر بۆ نموونە مەعەدەلی خۆتت لە ٤٠ هەکردوو بە ٦٠ کاتێ ئەزانی کارتەکەتیان ناردۆتەوە بۆ ماڵی خۆتان،ئیشەکەت زۆر دژوارتر ئەبێ.

وایە،بۆ ساتێ پێتوابووە زلهێزیت و ئەتوانی جیهان بەو چەشنەی حەز ئەکەی لە سەرەتاوە چێبکەیتەوە. بەڵام هەموان ئەزانن دروت کردووە.با چیرۆکێکت بۆ بگێڕمەوە: لە سەردەمی کۆندا،شارێک بوو،بۆ پارێزگاری لە شار دیواری سێ مەتریی هەبوو.ئەم دیوارانە هێندە پتەو بوون هیچ دوژمنێک نەیئەتوانی لەو دیوارانەوە تێپەڕێت و دەست بە سەر شاردا بگرێ. دانیشتوانی شارەکە، چەندین سەدە خۆیان لە ناو ئەو قەڵاوە دیوارە پتەوەدا زیندان کردبوو، بەڵام دوژمن نەبوو! تۆیش لە دانیشتووانی ئەو شارە ئەچیت: لە چیرۆکەکەی خۆتدا زیندان کراوی! کە وابوو پێویستە دیوارەکان بڕووخێنی.

ئێستا سەرەی تۆیە!

☺ لەگەڵ هاوڕێکانتدا دانیشە و گاڵتە و گەپ تێکەڵ بە درۆکەت بکە. بۆ نموونە بڵێ: "ئەرێ ئێوە باوەر ئەکەن ئێمە لە مااڵی خۆماندا ئەستێرێ شەپۆلدارمان هەبێ؟" . بەڵامسەبارەت بە نمرەکانت کار دژوارترە.دڵنیابە دایک و باوکت ئەمەت پێ ڕەوا ئەبینن کە دەستکاری مەعەدەلی کارتەکەت بکەی! بەڵام تا دانپێدانانەکەت بخەیتە دووا، ئەوان زۆرتر تووڕە ئەبن! سەرەڕای ئەمەیش، خۆ بەم چەشنە چاکتر لەوەیە کە بە هۆی قوتابخانەوە لە شتەکە ئاگەدار ببنەوە.

ئاشکرایە توانایەکی زۆرت بۆ چیرۆک دروستکردن هەیە، بۆچی لەم توانایە، لە بواری نووسیندا کەڵک وەرناگری؟ تۆ میشک و زەینێکی چاکت هەیە، وەرە و لە زەین و تواناکەت کەڵک وەربگرە.



جلوبەرگەکانم زۆر نەشیاو و نالەبارن.

ئایا دایک و باوکت ناهێڵن جلوبەرگی باوی سەردەم و مۆدە لە بەر بکەی یان ناتووانن جلوبەرگی لەو چەشنەت بۆ بکڕن؟

لە سەردەمە کۆنەکاندا، ئەو کاتەی داپیرە و باپیرەت ئەچوونە قوتابخانە، گیروگرفتی لەم چەشنە بوونی نەبوو، چونکو هەموو قوتابییەکان، جلوبەرگێکی وەکوو یەکیان لەبەر ئەکرد. ئەمە ئەبووە هۆی ئەوەی قوتابییەکان جلوبەرگەکانیان پێکەوە بەراورد نەکەن و هەڵینەسەنگێنن. ئیتر هیچ باسێک نەئەماتە ئاراوە .ئەمڕۆیش،ئێوەی قوتابی ئەتانەوێ دیسانەوە

جلوبەرگی یەک شێواز و شکڵ لە بەر بکەن! بەڵام بیهێنە پێش چاوت ئەگەر هەموواتان ناچار بن جانتاگەلێک هەڵبگرن کە وێنەی نیشانەی پرسیارێکی لە سەر بێ، تۆ یەکەم کەسی کە دەنگی ناپەزایەتیت هەڵئەبڕیت. سەرەڕای ئەمانە لەم تەمەنەی تۆدا زۆر ئاسایە کە مرۆڤێک حەز بکات جلوبەرگێکی وەکوو جلوبەرگی کەسانی تر لەبەر بکات. جلوبەرگ گرنگە چونکو ڕووالەتی ئادەم ئەگۆڕێ. بۆ ئەوەی بتوانی دایک و باوکت ڕازی بکەی بهێڵن خۆت جلوبەرگ بۆ خۆت هەڵبژێری پێیانبسەلمێنە کە بەو پارەوە زۆر بە ئاسانی ئەتووانی جلوبەرگی وا بکڕی کە تۆ حەزت لێیە. باسی پارە لە ئارادا نییە، بەڵکو مۆدەیە. تۆ هێندە گەورەی ئەتووانی سەبارەت بە جلوبەرگی خۆت ڕادەربڕی. بێگومان بەو مەرجەی جلوبەرگی سەیر و سەمەرەت نەوێ. ئاشکرایە ئەگەر بتەوێ بۆ قوتابخانە، عەزیی کورتی زەرد و لەچکی سووری خاڵ و پێڵاوی پازنە بەرز بکڕی، دژایەتیت لەگەڵدا ئەکەن. بەڵامئەگەر هەڵبژاردنەکەت شیاو و گونجاو بێت، مافی هەڵبژاردنی جلوبەرگت پێئەدەن.

ئێستا سەرەی تۆیە!

☺ بۆ ئەوەی بتوانی جلوبەرگێک بە حەزی خۆت بکڕی، پارە پاشکەوت بکە یان تکا لە دایک و باوکت بکە بۆ کاتی میوانی بۆت بکڕن .

☺ لە سەر ئەمە پێدامەگرە کە پێلاوە مۆدەکەت لە وانەی وەرزشدا لە پێبکەی.پێویستە هێزی لێزانی و ژیریت هەبێ ... ئەگەر بە ڕاستی مرۆڤێکی داهێنەر بیت، کەسانیتر لە تۆوە فێر ئەبن.



گرووپ و تاقم داوای شتی ئەوتۆم لێنەکەن کە من حەزم لێیان نییە.

لە هەندێ لە گرووپەکاندا سەرپەل و گەورەی گرووپەکە،خواستەکانی خۆی بە سەر ئەندامانی گرووپدا ئەسەپێنی و داوای ئەوتۆیان لێنەکات کە ئەوان ئەگەر بە خواستی خۆیان بووایە قەت نەیانئەکرد. کە وابوو ئەو وەکوو سەرپەل هێز و توانای خۆی لە سەر تۆ تاقی ئەکاتەوە.

لە گروپێکی هاوڕێیاندا، هەمووان ئامادەن گوێ لە یەک چەشنە مۆسیقا بگرن، بدوێن، پێکەوە هەندێ شت

بکەن و بێگومان تۆیش زۆر حەز ئەکەی بەشێک بی لە گرووپ. حەقیشتە، چونکو هەموو کەسێ حەز ئەکات لە گروپێکی دۆستانەدا ئەندام بێ و هەموو کەسێ لە ناو گرووپی هاوڕێیاندا هەست بە ئۆقرە ئەکات... بەڵام هەندێ جار ئەم گرووپە بۆ قبوولکردنت داوای هەندێ ئیشی تایبەتت لێئەکات.

ئەگەر داوای شتی ئەوتۆت لێئەکەن کە حەز ناکەی بیانکەی، ئەگەر قبوولی نەکەی زۆر ناسایی. چونکو نیشاندەری ئەوەیە کە گرووپەکە شێوازێکی هەڵەی هەیە. تۆ یان ملکەچ ئەبی و گرووپەکە قبوولت ئەکات، یان ملکەچ نابی و لە دەرەوەی گرووپەکە ئەمێنیتەوە. گوێ مەدە. بۆ کەسانێک بگەڕێ کە بۆ هاوڕێیەتی لەگەڵ تۆدا مەرج دانەنێن. هاوڕێیەتی، مامەڵە کردن نییە!

ئێستا سەرەی تۆیە!

☺ ملکەچی خواستگەلێک مەبە کە پێتوایە گەوجانە، نادادگەرانە یان ترسێنەرن.

☺چییان لە تۆ ئەوێ؟ئەگەر داوایانکردووە بلووزی پەمەیی لەبەر بکەی بۆ ئەوەی بە یەک ڕەنگی جلوبەرگەوە بچنە ناو پۆلی بیرکاریەوە و سەرنجی مامۆستا ڕابکێشن، شتێکی گرنگ نییە. بەڵامئەگەر داوایان لێکردی دۆلابی مامۆستاکەت ببشکنی یا کەسێک بدەیتە بەر شەق، پێیانبڵێ خۆیان بە بێ تۆ ئیشەکە بکەن!!

☺ واز لە بیروباوەڕەکانی خۆت مەهێنە، لەگەڵ بیروڕاکانی خۆتدا بەربەرەکانێ مەک.دڵنیابە شانازی بە خۆتەوە ئەکە ی...



نوێنەرێی پۆل، شیاوی یەکەمەکانی پۆلە...!

هەرگیز وا نییە! بە تایبەتی چاکترینەکان نابێ وتەبێژی تێکڕای پۆلەکە بن، چونکو ئەمە هیچ کەڵکێکی نابێ.

ئەگەر خەڵکی هەموو جیهان وەکوو ئێستای تۆ بیریان بکردایەتەو، قەت لە هیچ شوێنێکی جیهاندا شۆڕشێک نەئەکرا.

بنەمای دیموکراسی لە سەر ئەمە دانراوە کە تێکڕای خەڵک لە کۆمەڵگادا بەشێکیان هەبێ: چاکترینەکان، تۆرمالّەکان، دەوڵەمەندان و هەژاران، هەموویان بتوانن ڕادەربڕن. ئەگەر وانەکرێ حکومەتی سەرەڕۆیی دروستئەکرێ، ڕێک وەکوو هەندێ لە شاکانی پێشوو کە پێیانووابوو گیان و سامانی خەڵک بەوان سپێردراوە.

بهێنه پێش چاوت که قوتابیی یەکەمی پۆلی بیرکاری بڵێ: "پۆلەکە بە بێ من هیچە!" کەسێکی لەم چەشنە چۆن ئەتوانێ لە لایەن هەمووانەوە بدوێ، چۆن ئەتوانێ لە بیروڕای تۆ کە قوتابیی یەکەم نیت تێبگات؟ پێویستە کەسێک ببێتە نوێنەر کە بیهەوێ هەندێ لە شتەکان بگۆڕێ و بتوانێ بە شێوەیەک لەگەڵ کەسانی دیکەدا هەڵسوکەوت بکات کە بتوانن گوێ لە قسەکانی بگرن، نەک قوتابیە چاوڕەشەکان! بەردەوام لە بەردەم مامۆستادا خۆیان شیرین ئەکەن! ئێستا تۆ پێتوایە ئامادەیی ئەوەت هەیە ببیتە نوێنەر! کە وابوو ڕوو لە مەیدان بکە! تۆ ئەزانی لە قوتابخانەدا چی کراوە و هەر کەسێک چاکتر شێوەی کاری ئیداریی ڕێکخراوەیەک بزانێ چاکتر ئەتوانێ بیگۆڕێ، بەڵام بەو مەرجەی شێوازی کاری ڕێکخراوەکە شیاو نەبێت.

ئێستا سەرەی تۆیە!

☺ ئەرێ لەوە ئەترسی هەڵنەبژێردرێی؟ مەترسە، لەگەڵ لە یەکەم هەڵبژاردندا سەرنەکەوتی، لە خولی داهاتوودا سەر ئەکەوی.

☺ خۆشاردنەوە لەو دیو ئەم شێوە تێگەیشتنەوە وەکو ئەوە وایە کە پێتوابێ بە نوێنەر بوون بێسوودە. جێی داخە، چونکو

ئەو هێزە قبوول ناکەی کە بە تۆی ئەبەخشن. سەرەڕای ئەمانەیش خۆت یەکەم کەسێکی کە دەنگ هەڵئەبڕیت و ئەڵێی: بۆچی هیچ گۆڕانێک لە نارادا نییە.

☺ نوێنەری پۆل تا ڕادەیەک لە وەرگێڕی زمانی قوتابیان بۆ سەر زمانی مامۆستا ئەچێ. ئەترسی مامۆستاکان گاڵتەت پێبکەن و بە ئاکامەکانی کارەکەت پێبکەنن؟ لەوانەیە وابێ! بەڵام شتێکی لەم چەشنە کەمتر ئەقەومێ. زۆربەی کات، ئەوان کە چاویان بە قوتابییەک بکەوێ بەرانبەریان وەستاوە، شەیدای بوێرییەکەی ئەبن.

☺ ناوێری سەری قسە بگرێتە دەست و ئەترسی ببێتە *شوینکەوتوو و کلکی ئەم و ئەوێکەمێک بیربکەرەوە، ئەم ترسە، لە چاو ئەو هێزە ی نوێنەریی پۆل بە تۆی ئەبەخشێ، هیچ نییەو نایەتە ئەژمار.*

☺ سەرەڕای ئەمانە تۆ مافی ئەوەت هەیە کە هەم قوتابیی یەکەمی پۆل بی و هەم نوێنەری پۆل، بەڵام ئەم دووانە هیچ پەیوەندییەکیان بە یەکەوە نییە.



لێیاندام، بەڵام ناوێرم هیچ بڵێم.

تەریق ئەبیتەوە؟ پێتوایە ئەگەر سەبارەت بەو بەڵایەی تووشیانکردووی بدوێی،زۆرتر هەست بە شەرمەزارێ ئەکەی؟ کە وایە بێدەنگبوون لەوە بە چاکتر ئەزانی کە دوو جار تووشی شەرمەزاری ببی!

ئەم تووڕەییە لە ناو دڵتدا هەڵمەگرە، زۆر دژوارە،

ئەگەر بێدەنگ بیت و هیچ نەڵێی واتاکەی ئەمەیە کە کەسە هێرشبەرەکە بۆی هەیە و ئەتوانێ بە بێ هیچ بەربەستێک و بە بێ لێبرسینەوە .درێژە بە کارەکەی بدا.ئەمەت چۆن بە مێشکدا هات کە خۆت تاوانباری وئاساییە ئەگەر ببیتە قوربانی ؟

لەوانەیە پێتوابێ ئەو مافی ئەوەی هەیە لێتبدات، تەنانەت لەمە

خراپتر به خۆت ئەڵێی: لەوانەیە خۆم بە دوای گێچەڵدا گەڕابم! بەڵام پێویستە پێشت پێبگیردرێ. مرۆڤ لە ژیاندا قوربانیی هەندێ لەو دژواری و سەغڵەتانەیە کە بێگومان خۆی تێیدا تاوانبار بووە. هەندێ جار هەڵومەرجی وا دێتە پێش کە کەسێک بە تەنهایی و بەو هۆیانەوە کە تەنها خۆی ئەیزانێ، چش ئەکات لە هەموو شتێک و خۆی ئەخاتە مەترسییەوە، لەوانەیە لە بەر هەر هۆیەک بێ خۆی بە تاوانبار بزانێ و بۆ قەرەبووکردنەوەی گوناهەکەی هەموو ئیشێک بکات.

ئێستا سەرەی تۆیە!

☺بیرەنگ مەبە، ئەگەر هیچ نەڵێی، یان هیچت نەوێ، ئەبێتە هۆی خەفەتبار بوونی خۆت. پێتوایە ئەگەر بدوێی بارودۆخەکە خراپتر ئەبێ. بە هەڵەدا چووی، بیرەنگبوون، تۆندوتیژییەکە زۆرتر ئەکات.



وتیان فەرموو جگەرە بکێشە.

تۆ قبوولّت نەکرد؟ بە درێژایی ژیانت زۆر کەس پێشنیارت پێنەکەن، جگەرە بکێشی، نێرگەلە ...

بەلّام، پێویستە تۆ لە سەر قسەو ڕاکەی خۆت بوەستی. پێویستە خودی خۆت بیت و بێگومان ئەمە کەمێک دژوارە.

بۆ قبوولّت نەکرد؟ چونکو سەبارەت بەمە هەندێ شتت لە گەورەکانەوە بیستووە بەلّام هێشتا ئەکرێ باسی لە سەر بکرێ. هەمووان ئەزانن کەلّک وەرگرتن لە سیگار، تەماکۆ و بە گشتی تێکڕای دروکەلّەکان، تەندروستی ئەخەنە مەترسییەوە

سەیرکە! چونکو پاش هاتنەدەر لە قوتابخانە کەس ئاگای لە تۆ نییە، ئیتر پێویستە خۆت سەبارەت بەو ئیشانەی کە ئەتووانی بیانکەی بڕیار بدەی.دڵنیابە هەموو چەشنەکانی دوکەڵەکان مودمینکەرن. واتە پاش چەند جار کەڵک وەرگرتن ئیتر ناتووانی بە ئاسانی خۆت لە کەڵک وەرگرتن لەو شتانە دەربازبکەی! لەوانەیە پێتوابێ بە کەڵک وەرگرتن لە دووکەڵەکان ئیتر بە دەست گەورەکان و دایک و باوکتەوە نەجاتت ئەبێ، بەڵام بە پێچەوانەوەیە.چونکو تۆ ئەبیتە دیلی دێوی ئیدمان.

ئێستا سەرەی تۆیە!

☺بۆ هەزر و بیرە چەوتەکان ملکەچ مەبە! وامەزانە سیگار هێزی خەیاڵ ئەخاتە کار و پاش کەڵکوەرگرتن لەم مادە سڕکەرە ئەتووانی ببی بە شاعیرێکی مەزن!چونکو کاتی کاریگەریی مادە سڕکەرەکە نەمێنێ بۆت دەرئەکەوێ هەموو ئەو شتانەی نووسیوتن بڕوبوچن.

☺ لە بەر ئەوەی خولّکەکەی ئەوانت قبوول نەکرد هەست بە سووکی ئەکەی؟ بەلّام ئەوان لە قووڵایی دڵیاندا ئەزانن تۆ ڕاست ئەکەی...

☺ئـەم قوتابیـیـە زلانـەی بـۆ کێشـاندنی سـیگار و شـتی تـر خولّکیانکردی ئەزانن کارەکەیان هەلّەیە. ئەوان بە مەبەستی پارە پەیداکردن لە هەستی ملّومۆ و مووشەکردنی تۆ کەلّک وەرئەگرن. وریابە نەکەویتە ژێر کاریگەرییانەوە.


یاسای زێرین
سیگارکێشان، لە بەر ئەوەی وەکوو کەسانی تر بۆ
و لەوان بچی ئیشێکی کەوچکەیە و سیگارکێشان لە
بەر هۆکاری سیگار زۆر ترسێنەرە!!!

یەکێک لە قوتابییەکانی ناو پۆلەکە خەریکی گاڵتەجارییە و قوتابییەکانی تریش بۆی ئەسێننەوە!!!

ناچارنیت هەر کەس کارێکی کرد تۆیش وەها بکەی، بەڵام (یا مەیکە) یان ئەگەر چوویتە شاری کوێران تا سەر،دەست بە چاوتەوە بگرە! و خۆت جیا مەکەرەوە.

بێگومان ئەو هاوپۆلەی تۆ لە هاوپۆلەکانی تر کەیفخۆشتر یان بوێر و ئازاترە. شتی وا ئەڵێ و کاری وا ئەکات هەمووان حەزیان لێیەتی بەڵام ناوێرن بیکەن. تەنانەت لەوانەیە قوتابییەک ئەمە بکات کە حەز بکات لە وانەی بیرکاریدا پێشەنگ بێت و هەمووان پەسن و ستایشی بکەن. بەڵام ئەو بەم ئیشەی خۆی

ئەخاتە بارودۆخێکی خراپەوە. لەبەر چەند ساتێک پێشەنگ بوون، ئەم مەترسییە قبوولْ ئەکات کە لە پۆل دەریکەن یان سزایێکی گەورەی بۆ دابنێن. لەوانەیە قوتابیي تەمبەڵی ناو پۆل بێت و حەز بکات لەو دیو دەرگای پۆلەوە بمێنێتەوە و نەیەتە ژوورەوە ئەگەر لە دەرەوەی پۆلیش بمێنێتەوە نابێتە هۆی سەرشۆربوونی. ئەگەر وابێ ئیتر ئێوە چاکەتان لەگەڵ ئەودا نەکردووە،چونکو بە هەڵنان و پیاهەڵگوتن بەرەو دوخێکی خراپترتان ناردووە

ئێستا سەرەی تۆیە!

☺ کاتێ هاوپۆلێکی کەیفخۆشت گیر ئەخوات، بەو حاڵەوە جێیمەهێڵە. ئەگەر تێکڕای قوتابییەکانی ناو پۆلەکە، لەگەڵ ئەودا خەریکی گەرەڵاوژە و ڕابواردن بوون و پێکەنیون، ناڕەوایە هەموو تاوانەکان بکرێتە مل ئەو و ئەو لەجیاتی هەمووان سزا بدرێ.

☺ بە ڕای تۆ ئیشێکی هیچ و پووچ نییە؟ نەکەی لەگەڵ ئەوانیتر و شان بە شانی ئەوان هات و هاوار بکەی، پێکەنین گیرۆیەو زوو هەمووان ئەگرێتەوە. تا قوتابیی کەمتر پاڵپشت و هاوڕێی بێ، زووتر واز لە قەشمەری و گاڵتەجاری دێنێ. ڕێک وەکوو دەنگۆ.



وانەکانت ئەخوێنی، بەڵام نمرەی باش بەدەست ناهێنی؟
کەسێکی گرنگی بە وانەو ئەرکەکانت نادەی؟
لە شەڕ ئەترسی؟
مامۆستایەک هەیە حەز بە چارەی تۆ ناکا؟
ئەتەوێ ببیتە ئەندامی دەستەکانی قوتابخانە؟

دیزاین و وەرگرافیک
نرخی سێ هەزار دینارە
لە بڵاوکراوەکانی حەتمی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا